# زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

وەرگێڕانی

نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

چاپی یەکەم / ٢٠٢١

* ناوی کتێب: زمانەوانیی کومەڵایەتی
* نووسینی: محەمەد حەسەن عەبدولعەزیز
* وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
* تایپیێست: کۆچەر ئەنوەر نایف
* دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
* دیزاینی ناوەوە: نووسەر
* نۆرەی چاپ: یەکەم/ ٢٠٢١
* شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر
* تیراژ: ١٠٠٠ دانە
* نرخ: (٥٠٠٠) دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

مافی لە چاپدانەوەی بۆ وەرگێڕ پارێزراوە

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر

ژمارە( )

# ناوەرۆک

پێشەکی....................................................١٠
بەشی یەکەم: زمانەوانیی کۆمەڵایەتی: زاراوە و چەمک......١١
پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی..............................١٢
زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی...........................١٥
زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زمان.................١٩
تاکەکان و گروپەکان(کۆمەڵەکان).............................٢٢
پەیوەندی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بە زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی......................................٢٥
یەکەم: زانستە زمانەوانییە سەرەکییەکان.....................٢٨
زمانەوانیی گشتی..............................................٢٨
زمانەوانیی تیۆری و زمانەوانیی کارەکی......................٢٩
گرنگترین بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی.......................٣١
زمانەوانیی وەسفی..............................................٣٢
زمانەوانیی مێژوویی.............................................٣٣
زمانەوانیی بەراوردکاری........................................٣٥
زانستە زمانەوانییە بەشەکییەکان...............................٣٦
دیالێکتۆلۆژی...................................................٣٨
زمانەوانیی ئەنسرۆپۆلۆژی......................................٣٩

زمانەوانیی ئەتنۆلۆژی........................................٤١
دووەم: کۆمەڵناسی...........................................٤٢
سێیەم: ئەنسرۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی)..............................٤٤
چوارەم: دەروونناسی.........................................٤٧
پێنجەم: دەروونناسیی کۆمەڵایەتی...............................٥٠
سنووری زمانەوانی لای سۆسێر.................................٥٢
زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی ئێستا/ پێشڤەچوونی توێژینەوەی
زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەنێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا....٦١
دەستکەوتەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی.........................٦٣
زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەستنەوەیەکە لەنێوان زمانەوانی و
کۆمەڵناسی..................................................٦٥
هەڵسەنگاندنی بەشداری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە
توێژینەوەی زماندا...........................................٦٧
أ-زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا.......................................٦٧
ب ـ کۆمەڵناسی..............................................٧١
لە بابەتەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی...........................٧٥
١ـ شیکردنەوەی وتوێژەکان.....................................٧٥
ب ـ پەیوەندی نێوان بونیادە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان..٧٧
ج ـ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی زمانی.........................٧٩
دـ زەخیرەی زمانەوانی........................................٨٣
هـ ـ توانستی پەیوەندی........................................٨٤
وـ واتای کۆمەڵایەتی.........................................٨٥

ز- پەروەردەی کۆمەڵایەتی........................................ ٨٦
بەشی دووەم: میتۆدی زانستیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و ڕێکارەکانی.............................................................. ٨٨
میتۆدی زانستی لەنێوان زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا............................................................. ٨٩
یەکەم: چەمکی گشتگیری میتۆدی زانستی........................ ٨٩
دووەم: میتۆدی زانستی لەنێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا........................................................ ٩٢
سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی........................ ٩٣
١- تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ........................................... ٩٣
٢- وەسفکردن و پۆلێنکردن........................................... ٩٥
٣. شیکردنەوە............................................................ ٩٨
٤- لێکدانەوە (گریمانە).................................................. ٩٩
٥- گشتاندن.............................................................. ١٠٠
چوارەم: لە شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و ڕێکارەکانی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا................................................. ١٠٤
أ- لە قۆناغی کۆکردنەوەی ماددە یان ڕاپرسییەکان............ ١٠٤
١- سەرچاوەی نامەیدانی............................................. ١٠٤
٢- سەرچاوەی مەیدانی............................................... ١٠٥
١- گێڕەوە یان هەواڵنێر................................................ ١٠٥
چۆن گێڕەوە دەستنیشان دەکەین؟................................. ١٠٧

هەواڵنێر لای کۆمەڵناس و ئەنسرۆپۆلۆژییەکان............١١٢
٢ـ وەرگرتنی زانیاری یان هەواڵگری.........................١١٤
٣ـ دیدار.........................................................١١٧
ب ـ لە قۆناغی شرۆڤەکردن.....................................١١٨
١ـ پێوانە.........................................................١١٨
٢ـ توێژینەوەی حاڵەتەکە........................................١٢٠
٣ـ شیکردنەوەی ناوەرۆک........................................١٢١
تـــــویژینەوەی چەنـــــدێتی قســــەکردن لە زمـــــانەوانیی کۆمەلایەتی.........................................................١٢٢
یەکەم: لە ماددەکەدا............................................١٢٣
گۆڕانە زمانەوانی و کۆمەلایەتییەکان..........................١٢٣
گۆڕانە زمانەوانییەکان..........................................١٢٣
بەرانبــەرکردنی دەقەکــان بــۆ تۆمــارکردنی گۆڕانەکــان و لە جیاتییەکانیان....................................................١٢٤
پەیوەندی نێوان گۆڕاوە زمانی و کۆمەلایەتییەکان..........١٢٥
گۆڕانە زمانەوانییە هەڵبژێردراوەکان...........................١٢٥
گۆڕاوە کۆمەلایەتییە هەڵبژێردراوەکان.........................١٢٦
فاکتەرە کاریگەرەکانی گۆڕاوە زمانەوانییەکان...............١٢٨
١ـ دەوروبەری زمانەوانی........................................١٢٨
٢ـ دەوروبەری کۆمەلایەتی.......................................١٢٨
أـ گۆڕاوی گروپی کۆمەلایەتی...................................١٢٩
ب ـ گۆڕاوی ڕەچەڵەک...........................................١٣٠

دووەم: لە میتۆد و ڕێکارەکان............................١٣١
قۆناغەکانی توێژینەوەکە.......................................١٣١
١ـ قۆناغی هەڵبژاردن...........................................١٣٢
٢ـ کۆکردنەوەی دەقە گۆکراوەکان..........................١٣٤
٣ـ دەستنیشانکردنی گۆڕاو و لەجیاتییەکانیان..............١٣٤
٤ـ توێژینەوەی ئاماری..........................................١٣٥
٥ـ شیکردنەوە.....................................................١٣٦
میتۆدێکی دیکە (نموونە سەراوژێرەکان)...................١٣٦
ئاخاوتن سەرچاوەی زانیارییەکانە..............................١٣٦
نموونە سەراوژێرەکان..........................................١٣٧
تاقیکردنەوەی وەڵامدانەوەی خودی..........................١٣٩
بەشی سێیەم: زمان و ڕەچەڵەک..............................١٤٢
دابەشبوونی ڕەچەڵەکی گەلان.................................١٤٣
پێشکەوتنە نوێیەکانی زانستی بۆماوەیی.....................١٤٥
زمان و ڕەچەڵەک.................................................١٤٧
گەلە بەرابییەکان و زمانە بەرابییەکان.......................١٤٩
ئینگلیزی ڕەشپێستەکان..........................................١٥٦
ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش.....................................١٥٧
زمان جیاکەرەوەی گروپە ڕەچەڵەکییەکان...................١٦٠

بارودۆخی زمانی لە گانا.................................١٦١
بارودۆخی زمانی لە سەراییڤۆ...............................١٦٣
گروپە ڕەچەڵەکەکانی شاری نیویۆرک........................١٦٦
ئینگلیزی جوو و ئیتاڵییەکانی شاری نیویۆرک..............١٦٧
گەڕانەوەیەک بۆ ئینگلیزی ڕەشپێستەکان.....................١٦٨
چۆن ئینگلیزی ڕەشپێستەکان پەیدابوو؟......................١٧٠
نموونە دەربارەی ئینگلیزی ڕەشپێستەکان....................١٧٣
ئاستەنگەکانی وەرگێڕان.......................................١٧٥
بەشی چوارەم: زمان و سیاسەت..............................١٧٧
پێناسەی سیاسەت..............................................١٧٨
بوارەکانی توێژینەوە لە زمانی سیاسەتدا....................١٧٩
پەیوەندی سیاسی و پەیوەندی زمانەوانی....................١٨١
تایبەتمەندییەکانی زمانی سیاسی.............................١٨٢
توخمەکانی گوتاری سیاسی....................................١٨٣
ئەرکەکانی زمانی سیاسی......................................١٨٦
١ـ بڵاوکردنەوەی زانیاری......................................١٨٦
٢ـ ڕێکخستنی لەپێشینەکان......................................١٨٨
٣ـ شیکردنەوە و بەستنەوە......................................١٩٠
٤ـ وێناکردنی ڕابووردوو و داهاتوو............................١٩٤
٥ـ هاندان بۆ کارکردن.........................................١٩٥

سیمبولەکانی سیاسەت.................................١٩٩
جۆرەکانی سیمبولی سیاسی...............................٢٠٠
دڵنیابوون بەهۆی سیمبولەکان.............................٢٠١
شێوازەکانی دڵنیابوون بەهۆی سیمبولەکان..................٢٠٢
أ- شێواندنی ڕاستییەکان....................................٢٠٢
ب - پێداهەڵدان...............................................٢٠٤
ج - خواستن...................................................٢٠٤
سیمبولەکانی سیاسەت و ڕۆشنبیری.........................٢٠٦
ئەفسانەکان...................................................٢٠٧
سرووتەکان (نەریتەکان)......................................٢٠٩
دەسەڵات لەنێوان سیاسەت و زمان..........................٢١٢
گوتاری سیاسی پیشەیە.......................................٢١٤
زمان گەمەی سیاسییەکانە...................................٢١٨
ڕەواجدان بە زاراوە سیاسییەکان............................٢٢٣
وێنەی شیعریی هاوئاواز بە زمانی سیاسەت.................٢٢٨
چەند نموونەیەک بۆ ڕامان لە مێژووی سیاسیی عەرەب...٢٣٠
سەرچاوەکان..................................................٢٣٢

# پێشەکی

زمانــەوانیی کۆمەڵایــەتی لقێکــە لــە لقــەکانی زمانــەوانیی کــارەکی و زانســتێکە بەشــێوەیەکی گشــتی لــە پەیوەنــدی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە یان لێکۆڵینەوەیە لە زمان بە پەنابردنە بەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان.

ئــەم کتێبــە هــەوڵێکی ســەرەتایە لــە خســتنەڕووی چەنــد لایــەنێکی زمانــەوانیی کۆمەڵایــەتی، بــۆ ئــەوەی خزمــەتێکی بچووک بە کتێبخانەی کوردی بکەین.

ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا لە چوار بەشی کتێبی (زمانەوانیی کۆمەڵایـــــەتی)ی محەمـــــەد حەســـــەن عەبدولعـــــەزیز وەرگێــڕدراوە، کــە بــریتین لــە بەشــەکانی: بەشــی یەکــەم (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی: زاراوە و چەمک) لە لاپەڕە (١٠ ـ ٣٤)، بەشـــی دووەم (میتـــۆدی زانســـتیی زمانـــەوانیی کۆمەڵایــەتی و ڕێکارەکــانی) لــە لاپــەڕە(٣٥ ــ ٥٢)، بەشــی سێیەم(زمان و ڕەچەڵەک) لە لاپەڕە (١٣٣ــ ١٤٤ )، بەشـی چوارەم (زمان و سیاسەت) لە لاپەڕە(١٦١ ـ ١٧٨).

بــەو هیوایــەین ئــەم کتێبــە کــەلێنێک لــە کەموکووڕییــەکانی کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە.

**وەرگێڕ**

# بەشی یەکەم
# زمانەوانیی کۆمەڵایەتی: زاراوە و چەمک

## پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی Socio Linguistics

تــوێژینەوە لە پەیوەنــدییەکانی زمــان بە کــۆمەڵگە بە شـێوەیەکی زانسـتی بـوارێکی تـازەیە، و بـۆ شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـوردوو دەگەڕێـتەوە، هەرچەنـدە ئەمە واتـای ئەوە نییە ئەم توێژینەوەیە لەم قۆنـاغەی مێژووی زانسـتدا داهێنــــراوە، چـــــونکە کەلتـــــوورێکی دێـــــرین هەیە لە توێژینەوەکـــــانی بـــــواری زار و شـــــێوازەکان و ئەو تــوێژینەوانەی بــاس لە پەیوەنــدییەکانی نێــوان زمــان و ڕۆشـنبیری دەکەن، ئەمـانەی ئاماژەمـان پێـدان ئێسـتا بە زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی هەژمـاردەکرێن، هەروەهـا ئەم لـقە تازەیەی زمانەوانی لە ڕۆژئاوادا لە شەستەکان گرنگییەکـی فراوانی پێدرا، چەندەها ئەرکی دیاریکراو خرایە ئەستۆ، کە پەیوەنـدی بە سروشـتی پەیوەنـدییەکانی نێـوان زمـان و کۆمەڵگەوە هەیە.

لە جیهانی عەرەبیدا توێژینەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵگە بە دەرکەوتنی کتێبی **(زمان و کۆمەڵگە)**ی **(د.عـــەلی عەبدولواحیـــد وافـــی)** دەســـتی پێکـــرد، ئەم کەسـایەتیەش یەکـێکە لە پێشـەنگانی کۆمەڵناسـی لە ڕووی ئەکـادیمییەوە، لە ڕووی زمانەوانیشـــەوە ئەم کەســایەتییە زمانەوانە و لە **(دار العلوم)** خوێندنی تەواوکردووە، پێش

ئەوەی بچێتە زانکۆی (**سۆربۆن**) و لەوێ کۆمەڵایەتی بخوێنێت.

لێرەوە زمانەوانان دەستیان کرد بە نووسین و وەرگێڕان، پاشان لە نەخشەکانی تویژینەوەی زانکۆیی لە قۆناغی لیسانس لەم بیست ساڵەی دواییدا ئەم زانستە بەدی دەکرا.

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەوە پێناسە دەکرێت، کە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی و گرنگی بە تویژینەوەی زمان دەدات وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.

ئەم زانستە وەک (**ترودجل**) دەڵێت: لێکۆڵینەوە لە بواری زمان و بواری کۆمەڵگە و ئەو پەیوەندییە تۆکمانەی بە زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیبەستنەوە دەکات.[1]

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی وەک زانستەکانی دی دەکرێتە دوو بەشەوە:

- لایەنی ئەزموونی؛ بۆ کۆکردنەوەی بابەتەکان پەیوەندی بە کاری مەیدانییەوە هەیە.

---

[1] ـ هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ١٢. Peter Trudgill, Socio Linguistics,p32

- لایەنی تیۆری پەیوەندی بە تویژینەوەی ئەو بابەتانەی کۆکراونەتەوە هەیە، بۆ پشکنین و شیکردنەوە و تێڕامان لێیان و شرۆڤەکردنیان.

هەریەکە لەم دوو بەشە گرنگی خۆیان هەیە، لایەنی تیۆری چوارچێوەیەکی بۆ شیکردنەوە پێشکەش دەکات، کە کۆمەڵە زاراوەیەکی سەرەکی لەخۆدەگرێت، وەک: زمان، قسەکردن، قسەکەر، گوێگر، پەیامەکە...هتد.

بێگومان شارەزایی توێژەرەکان زۆر گرنگە، چونکە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بۆ زانیارییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا پشتبەستن پێی بە تەنها مەترسی هەیە، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

١. زۆربەمان ناتوانین بە هۆشیارییەکی زۆرەوە درک بەوە بکەین، کە ئەو قسەیەی دەیدرکێنین یان گوێمان لێی دەبێت، بەشێکە لە دیاردەکانی دووبەرەکی و جودایی.

٢. شارەزایی کەسێتی دەستپێکێکی سنووردارە، بە شێوەیەک ناتوانین ئەنجامەکانی بگشتێنین، کە لەوانەیە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی دی شرۆڤە بکات.

زیاتر گرنگیدان بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژئاوادا بۆ ئەو تویژینەوە مەیدانیانە دەگەڕێتەوە، کە ئەنجام

دەدران، پاشـــــان پاکـــــدەکرانەوە و باشـــــتردەکران و هەمـــواردەکران و ســـوودیان زیـــاتر بـــوو لەو بونیـــادە تیۆرییانەی تەنیا پشتیان بە میتۆدە تیۆرییەکان دەبەست.[1]

ئەم توێژینەوەیە مەیدانیانە و ئەزموونییانـە گرنگییەکـی بـێ وێـنەی هەیە و بەرپرسـانی سیاسـەتی فێرکـاری لە وڵاتـانی ڕۆژئـاوادا گرنگییەکـی بـێ وێـنەی پێـدەدەن و لە بـــواری دارِشـــتنی سیاســـەتی فێرخوازیـــدا پشـــت بە ئەنجامەکانی دەبەستن.

**زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی**

پســپۆڕانی زمــانەوانیی گشــتی گرنگــی بە زمــانەوانیی کـۆمەڵایەتی دەدەن، هەروەک چـۆن پسـپۆڕانی زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی گرنگـی بە زمـانەوانیی گشـتی دەدەن، لێـرەدا چەنـد بـوارێکی هـاوبەش هەیە بـۆ کـارکردن لە نێوانیانـدا، لەگەڵ ئەوەشــدا جیـاوازی لە نێـوان هەردوو زانسـتەکەدا هەیە، کە پێویستە لەم قۆناغەی لێکۆڵینەوەدا تیشـک بخەینە سەریان.

مشـــتومڕ لەســـەر ئەم بـــابەتە لەلایەن تـــوێژەرانەوە لەوەدایە، کە زمـانەوانی تەنیـا گرنگـی بە بونیـادی زمـان

---

[1]- هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ١٣.

دەدات، بەبێ گرنگیدان بەو دەوربەرە کۆمەڵایەتیانەی، کە ڕووداوی زمـانەوانی تیایـدا ڕوودەدەن، گوزارشـتەکەی **(سۆسێر)** کە لە کۆتـایی وانەکانیدا وتبووی: **((زمـانەوانی لە خودی زمان و لـە پێناویدا دەکۆڵێتەوە))** ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکەیە.

ئەرکـی زمـانەوانی ـ لای ئەوانە ـ دۆزیـنەوە و دیـاریکردنی ڕێزمـانی زمانەکـانە، تـا زانایـانی زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی لە پەیوەنـدی ئەم ڕێزمـانە بە کـۆمەڵگە بکـۆڵنەوە. ڕوونتـرین نمـوونە لەسـەر ئەمە لە هەمـوو زمانەکـان چەنـد وێنەیەکی گوزارشتی زمـانەوانی هەن، کە گروپە زمانەوانییەکان بەکاریان دەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە یەک شـت، ئەم بۆچـوونەش قوتابخـانەی بونیـادگەریی لەسـەری دەڕوات، بە هەمـان شـێوەش گوزارشـت لە هەڵوێستی قوتانخانەی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە دەکات.

کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم بۆچـوونە لەوانەیە لای هەندێک لە توێژەران پەسەندکراو نەبێت، چونکە قسـەکردن تەنیا ئاکارێکی کۆمەڵایەتییە، ئەو چەند کەسەش پێیـان وایە نـاکرێ لە قسـەکردن بکـۆڵرێتەوە بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ کۆمەڵگە، ئێمەش ئەم ڕایە پەسەند دەکەین، لەبەر دوو هۆ:

١. نــاتوانین بــوونی بیــرۆکەی زمــانی وەک (س) بــۆ نموونە بسەلمێنین، چونکە ئەم بیرۆکەیە لە خودی خۆیدا بیرۆکەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەڕێگەی کۆمەڵە خەڵکێکەوە دەستنیشانکراوە و قسەی پێ دەکەن.

هەروەها بیروڕاکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە زمان بەو کۆمەڵەوە دەستنیشان دەکرێت کە بەکاری دەهێنن، بۆ نموونە زمانی عەرەبی ئەو زمانەیە، کە کۆمەڵی عەرەب بەکاریدەهێنن...هتد.

٢. قسەکردن ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئامرازێکە بۆ پەیوەندی و شێوازی جیاکردنەوەی نێوان گروپە کۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەکان.

ئێمە لەم باسەماندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە، کە پەراوێزخستنی کۆمەڵگە لەلایەن زمانەوانییەوە بە مەسەلەیەکی خەتەرناک بۆ خودی زمانەوانی هەژماردەکرێت.[١]

ئەگەر دان بەوەدا بنێین زمانەوانیی گشتی لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی جودایە، ئەویش لەبەر هۆکاری نەبوونی ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، ئەوە لەم حاڵەتەدا پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە بابەتەکەی زۆر سنووردار دەبێت، بە

---

١. هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص١٥ و ١٦.

هەمـــان شـــێوەش - پـــاش ئەمە - جەخـــت لەســـەر ئەوە دەکەیـــنەوە، کە تـــوێژینەوەی زمـــان بەبـــێ گەڕانەوە بـــۆ دەوروبـــــەری کـــــۆمەڵایەتی کۆششـــــێکە پێویســـــت بە ماندووبوونێکی زۆر ناکات، پێویستە لەسەر زمانەوانیی گشـتی تـوێژینەوەی زمـان لە بـوارە کۆمەڵایەتییەکەیـدا لەخۆبگرێت، هەروەها هەموو ئەو توێژینەوانە لەخۆبگرێت، کە لە بـواری زمـانەوانیی تیـۆری و وەسـفی و مێژووییـدا ئەنجام دراون، چونکە پەراوێزخستنی بواری کۆمەڵایەتی زمـان لەوانەیە سەربکێشـێت بـۆ زەرەرمەنـدکردنی هەمـوو ئەم لقە هەمەچەشنانەی زمانەوانی.

لەگەڵ ئەوەشـــــــــدا هەڵەیەکـــــــــی گەورەیە، کە دەســتکەوتەکانی زمــانەوانیی نــاکۆمەڵایەتی بە تەواوەتــی ڕەت بکەیـــنەوە، بەڵکـــو پێویســـتە بـــڕوانینە هەمـــوو ئەم دەسـتکەوتانە، بەو حیسـابەی کە کەمـتەرخەمن... دیـاردە زمانەوانییەکـان (چ پێکهـاتەیی یـان واتـایی بـن)، تەنیـا تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان گوزارشـت لـێ نـاکەن، بەڵکو دەبـنە ڕەنگـدانەوەیەک بـۆ ئەو باکگراونـدە کـۆمەڵایەتییەی ئەوانەی بەکاریان دێنن، یان بڕیاریان لەسەر دەدەن.

## زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زمان

زمانەوانیی کۆمەڵایەتی Socio Linguistics زانستێکە لە پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە، بەهای ئەم زانستە لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی گشتی توانای تیشک خستنە سەر سروشتی زمانی هەیە، هەروەها دەتوانێت تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی هەر زمانێک بخاتەڕوو، مەسەلەیەکی سروشتییە توێژەرانی کۆمەڵگە درک بەوە بکەن، کە ڕاستەقینەکانی زمان بۆیان هەیە بەشداری لە تێگەیشتنی کۆمەڵگە بکەن، هەروەها ئاسان نییە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە کۆمەڵە خەسڵەتێکی جیاکار بدۆزینەوە، کە لە زمانەکەی جیاکارتر و گرنگتر بێت لە ڕووی ئەو ڕۆڵەی لە پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگە دەیگێڕێت.

هەرچەندە هەندێک توێژەر بە تایبەتی کۆمەڵناسان، ناوی دەنێن کۆمەڵناسیی زمان Sociology of Language و بەوە دەیناسێنن، کە: **توێژینەوەی کۆمەڵگەیە لە ڕووی پەیوەندییەکانی بە زمانەوە**(ئەمەش پێچەوانەی پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵاتییە).

**(هدسن)** پێی وایە جیاوازبوونی ئەم دوو زانستە بۆ ئەو توخمانە ناگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان باسی لێوەدەکەن،

بەڵکو بۆ تەوەری گرنگیدانەکەیان دەگەڕێتەوە، واتە بۆ کۆمەڵگە یان بۆ زمان، هەروەها بۆ لێهاتوویی توێژەرەکە دەگەڕێتەوە لە شیکردنەوەی بونیادی زمانەوانی یان بونیادی کۆمەڵایەتی، بێگومان ڕێژەیەکی گەورە لە هاوشێوەیی و وێکچوویی لەنێوان ئەم دوو زانستەدا بەدی دەکرێت، کەچی هەندێک بابەت کە دەچنە ناو دووتوێی کۆمەڵناسیی زمانی گشتگیر (Macro Sociology Language)، و لەوانەیە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی باسیان لێوە نەکات، ئەم لقەی کۆمەڵناسیی زمانیش باس لەو پرسە گشتیانە دەکات لە بواری پەیوەندی کۆمەڵگە بە زمانەوە، ئەمەش بە بوارێکی گرنگی توێژینەوە لە ڕووی کۆمەڵناسی و سیاسەتەوە دادەنرێت.[1]

**(دکتۆر عەفیفی)** کۆمەڵناسێکە لە کتێبی **(کۆمەڵناسیی زمانەوانی)** دەڵێت: ئەو پرسانەی کۆمەڵناسیی زمانەوانی گرنگی پێدەدات، پرسە مەزنەکانی کۆمەڵگەن و کاریگەری زمان تیایدا وەک گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووربییە لە کۆمەڵگەدا، و شوێنەواری گۆڕانی کۆمەڵاتییە لە کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەکانیەتی لەسەر زمان و شوێنەوارە کۆمەڵایەتییەکانە، کە دەکەوێتە سەر ململانێی زمانەوانی و

---

[1]- هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ١٧ ـ ١٨ .

فـــاكتەرە سۆســـيۆلۆژييەكان پێشـــڤەچوونی زمـــان و ڕەنگدانەوەكانیەتی لەسەر كۆمەڵگە و شیكردنەوەی كارایی زمان و دەرخستنی ڕۆڵیەتی وەك توخمێك لە توخمەكانی ڕۆشـنبیری كـۆمەڵگە،  و تـوێژینەوەی زمـان و زارەكـانە لەنێوان توێژە كۆمەڵایەتییە هەمەچەشنەكانی كۆمەڵگەیە، بە هەمـان شـێوەش تـوێژینەوە لە زارە خۆجێییەكـانی نـاوچە جوگرافییەكان لە كۆمەڵگەدا و پراكتیزەكردنە كردەییەكانی كۆمەڵناسیی زمانەوانیە.[1]

**(تۆماس لۆكمان)** بە هەمان شێوە كۆمەڵناسە دەربـارەی بابەتەكانی كۆمەڵناسیی زمان دەڵێت: ئەو زانستەیە باس لە كاریگەری ڕۆشنبیری و دابەشكردنی كۆمەڵایەتی دەكات لە بواری مەعریفی و بونیادی كـۆمەڵایەتی شـێواز و دارِشـتنە زمانەوانییەكـان و بەكارهێنـانی زمـان و گـۆڕانی زمـان.... ســـەرباری هەنـــدێك لایەنـــی پەیوەنـــدی كـــۆمەڵایەتی و توێژینەوەكانی پەیوەست بە گروپە بچووكەكانەوە.

ئـێمە لەم كتێبەمانـدا و بە پشتبەسـتن بە سـەرچاوەكانی زمانەوانیی كۆمەڵایەتی و ئەو زانستانەی پەیوەندییان پێوە هەیە، وەك كۆمەڵناســـی و زانســـتی ئەنثرۆپۆلۆژیـــا و دەروونناسیی كـۆمەڵایەتی  ـ بـۆ خـوێنەر كۆمەڵێك پرسـی

---

[1]ـ د.السيد عبدالفتاح عفيفي، علم الاجتماع اللغوي، ص ٥٤ ـ ٥٥ .

هاوبەشــن ئەم دوو زانســتە لە ڕوانــگەی هەردوو بــواری زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش دەکەین.[1]

## تاکەکان و گروپەکان (کۆمەڵەکان)

ئەگەر زمانەوانیی کۆمەڵایەتی باس لە زمان بکات لەو ڕووەی پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە، ئەوە ئێمە پێشبینی دەکەیـن کتێبەکـانی زمانـەوانیی کـۆمەڵایەتی بـاس لە یەکە کــۆمەڵایەتییە گەورەکــان بکــات، وەک هــۆز و نەتەوە و چین...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگە بە پلەیەک لە تاکەکان پێکهاتووە، کۆمەڵناسان و زانایانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەســـەر ئەوە ڕێککەوتــوون، کە پێویســـتە تــاک تەوەری گرنگیپێدانی سـەرەکی ئەم جۆرە توێژینەوانە بێت، گرنگی تــاکی ئــاخێوەر لە زمــانەوانیی کۆمەڵایەتیـدا یەکســانە بە (شانە) لە بواری زانستی زیندەزانیدا، خۆ ئەگەر لە ئاکاری تاکەکان نەگەیشتین، ئەوە بێگومان ئێمە شکست دەهێنین بە هەمـــــــان پــــــلە لە تێگەیشــــــتن لە ئاکـــــــاری کۆمەڵەکان (گروپەکان).

---

[1]ـ توماس لوكمان، علم اجتماع اللغة، ترجمة: د.أبوبكر باقادر، ٣٣ ـ ٣٤.

هەروەهــا هــۆیەکی دیــکەی گرنگتــر هەیە، کە هانمــان دەدات بــۆ گرنگیــدان بە ئاکــاری تــاک، ئەویــش لەمەدا بەرجەستە دەبێت: هیچ دوو کەسێک نییە بەتەواوەتی بە یەک زمــان قســە بــکەن، چــونکە هەردووکیــان بە هەمــان ڕێــژەی ئەزمــوون و شــارەزایی زمــانەوانی تێنەپەڕیــون، ســەرچاوەی ئەو شــارەزاییانەش ئەوەیە، کە پەیوەنــدی لەگەڵ ئەوانیدیدا هەبێت، کە هەریەکە تایبەتمەندێتی تایبەت بە خۆی هەیە.

لێرەدا بەڵگەی تەواو هەیە، کە ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی کــۆمەڵگە لە ڕووی بونیــادەوە لە ڕوانــگەی زمــانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە پشت بە بوارێکی فرەڕەهەند دەبەستێت و پێویستە لەو باوەڕەدا بین، کە پۆلێنکارییەکان بەهۆیانەوە دەتوانین بە شێوەیەک لە شێوەکان خەڵکانی بەگوێرەی ئەم ڕەهەنــدانە پــێ پــۆلێن بکەیــن: تەمەن، زێــد، چینــی کــۆمەڵایەتی، پیشــە و ڕەگەز، تــا نموونەیەکمــان لە چــوار ڕەهەند بۆ دروست بێت، کە هەریەکەیان پەیوەندییەکی تۆکمەیان بە زمانەوە هەیە.

جیاوازی زمانەوانی لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵ، لە چەند دیاردەیەکی زمانەوانیدا دەردەکەوێت، کە لەوانەیە دەنگی یان ڕێزمانی بن، لەوانەشە لە هەڵبژاردنی وشەکاندا

بەرجەستە ببێت، کەچی گروپەکـان (کۆمەڵەکـان) دەرفەت نـادەن بەم جیـاوازییە، کە لێکگەیشـتنی هـاوبەش لەنێـوان تاکەکانیدا لەناو بەرێت، چونکە تەنیا دەرفەت بەوە دەدات، کە نەبێتە ئاستەنگ لە بەرانبەر لێکگەیشتنی نێوان تاکەکان.

هەر کەسێک ئەو ڕێژەیەی جیاوازی ببەزێنێت، بێگومـان سـەری سـوڕدەمێنێ لە پـلەی ئەو وێکچـوونەی هەیە، بە گشتی لەنێوان قسەکەران ڕێژەکەی زیاترە لەوەی پێویستە بۆ لێهاتوویی لە بواری پەیوەندیکردندا.

لەوەی پێشـــوو بۆمــان ڕوون دەبێــتەوە، کە دوو هێــز هەن، یەکێکیان سەردەکێشێت بۆ جیاوازییە تاکییەکـان (بۆ نمـوونە بەکارهێنـانی شـێوازە نامۆکـان یـان پەتیبـوون بـۆ گوزارشـــتکردن لە ئـــارەزووی تـــاک بـــۆ خۆدەرخســـتن بەشـــێوەی پابەنـــدبوون بە ڕێزمـــانەوە)، دووەمـــیش بـــۆ وێکچوون و هاوشێوەبوون لەنێوان تاکەکاندا.

هەروەهـا ڕێژەی جیـاوازی لە هەر کۆمەڵێکدا پشـت بەو هێــزە ڕێــژەییە دەبەســتێت، کە ئەم دوو هێــزە هەیــانە، لەوانەیە ئارەزوویەک هەژموونی هەبێت بۆ وێکچوونی یان (پابەنـــدبوون) لە هەنـــدێک گـــروپ، کەچـــی ئـــارەزووی جیـاوازی هەژمـوونی دەبێـت یـان (تـاکڕەوی) لە گـروپ و کۆمەڵەکانی دیکەدا.

زۆرجاران ئارەزووی پابەندبوون لەگەڵ بوونی پلەیەکی بەرزی پەیوەندی لەنێوان قسەکەراندا بوونی دەبێت و ڕێژەیەکیش لە دەستگرتن بە شێواز و پێوەرە زمانەوانییەکان بوونی دەبێت، زۆرجاریش ئەم مەرجانە لە گروپە بچووکە تۆکمەکاندا دەبێت (بۆ نموونە گروپەکانی کرێکاران)، یان لەو کۆمەڵگەیانەی زمانێکی نووسراویان هەیە و پێوەری وایان هەیە، کە لەسەری سازاون، وەک زمانی فەڕەنسی یان عەرەبی پەتی، کەچی ئارەزووی تاکرەوانە زۆرجاران بوونی دەبێت، کاتێک هەردوو مەرجەکەی پێشوو بوونیان نابێت، وەک زمانی (دۆمەکان).

**پەیوەندی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بە زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و دەروونی**

زمان چالاکی یان ئاکارێکی کۆمەڵایەتییە، کە ژمارەیەک لە خەڵکی ئەنجامی دەدەن، لەپێناو لێکگەیشتن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان. زمان بەم واتایە دەچێتە چوارچێوەی زۆر لە شێوەکانی چالاکی کۆمەڵایەتی باو لە کۆمەڵگەدا، هەموو تاکێکی کۆمەڵگە چالاکییەک لەم چالاکییانە ئەنجامدەدەن، بەشێوەیەک لە شێوەکان زمان بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکیانە بەکاردەهێنن.

بـــۆ نمـــوونە پزیشـــکێک دەربـــارەی نەخۆشـــی لە نەخۆشـەکەی پرسـیار دەکـات، یـان لە هـاوەڵێکی خـۆی پرسـیار دەکـات، یـان پارێزەرێـک دادبینـی خـۆی ئامـادە دەکات، یان ئەو بازرگانەی مامەڵەیەکی بازرگانی دەکات و ئەو کڕیـارەی کـڕین و فرۆشـتنی لەگەڵـدا دەکـات، و ئەو ئەفسـەرەی سـەربازەکانی خـۆی بۆ داگیرکـردن ئاراسـتەی پـــێگەیەک دەکـــات و ئەو بەڕێـــوەبەرەی ئاراســـتەی فەرمانبەرەکـانی دەکـات و ئەو ڕۆژنامەنووسـەی وتارێـک دەنووسێت و ئەو شاعیرەی هەڵبەستێک دەنووسێت و ئەو مەلایەی گوتارێک پێشکەش دەکات و ئەو زانـایەی کتێبێک دەنووسـێت و ئەو هونەرمەنـدەی کەسـایەتییەک لەسـەر شـــانۆ نمایشـــدەکات. هەمـــوو ئەمـــانە زمـــان بـــۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەرام و مەبەستەکانیان بەکاردەهێنن.

ئـێمە هەموومـان زمـان لە زۆر هەڵوێسـتەکانی ژیانـدا بەکاردەهێنین، دوور لەو کارەی ئەنجامی دەدەین، یان ئەو شوناسەی بەکاری دەهێنین، لە کاتێکدا سوپاسی کەسێک لەسـەر ئەنجامـدانی کارێـک، یـان پـۆزش لەسـەر ئاکارێـک دەهێنیـنەوە، کاتێـک پێشـوازی لە کەسـێک دەکەیـن، یـان ماڵئـاوایی لـێ دەکەیـن، کاتێـک شـەوچەرە دەکەیـن یـان گفتوگۆ سازدەدەین و ڕەفتارێک دەنوێنین، کە پێویستی بە

قسـەکردن هەبێت، بگرە ئێمە زۆرجاران بۆ خۆشی قسە دەکەین.

ئاشکرایە ئەو قسەیەی لەگەڵ ئەم چالاکیانەدا ئەنجامدەدەرێت و ئەم هەوڵوێستانە بەگشتی بابەتێکی زمانەوانین.

بەڵام هەندێ لە زانایان لەوانەیە باس لە زمان یان بەشێکی زمان بکەن، چونکە زمان یان ئەم لایەنە دەچنە چوارچێوەی ئەو زانستەی لێی دەکۆڵنەوە، بۆ نموونە دەروونناس لەوانەیە باسی زمان بکات، چونکە پەیوەندی بە بیرکردنەوە یان درککردن یان بە بابەتێکی دەروونناسیەوە هەیە. کۆمەڵناس لەوانەیە باس لە زمان بکات، چونکە زمان شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئەنسرۆپۆلۆژیاناس لەوانەیە لە زمان بکۆڵێتەوە، لەبەر ئەوەی گوزارشت لە ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، کە توێژینەوەی دەربارەی ئەنجامدەدات، و سروشتناس لەوانەیە پرۆسەی ئاخاوتن بخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە، چونکە دەنگەکانی دەنگی سروشتییە، ...هتد.

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زمانەوانی بە تەنیا نییە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بۆی،

بەڵکو لە توێژینەوەیدا چەندەها زانست بەشداری دەکەن و ئێمە دەرفەتی لێکۆڵینەوەی هەموویمان نییە نە بابەتەکانیان نە سنوورەکانیان. بۆیە لێرەدا تەنیا کورتەیەک پێشکەش دەکەین دەربارەی ئەو زانستانەی ڕاستەوخۆ پەیوندییان بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئێستاش لێرەدا بە کورتی دەست بە پێناسەکردنی زمانەوانی دەکەین و باسی لقەکانی ئەو زانستانەش دەکەین، کە پەیوەندییان پێوەی هەیە.

**یەکەم: زانستە زمانەوانییە سەرەکییەکان**

**زمانەوانیی گشتی**

زمانەوانی (Linguistics) توێژینەوەی زانستیی زمانە، بابەتەکەشی زمانی درکێندراو و نووسراوە، زمانەکە مردوو بێت یان زیندوو، زمانەوانان باس لە زمانەکان دەکەن بە گوێرەی میتۆدی زانستی خۆیان، چونکە خوازیاری ئەوە بوون توێژینەوە لەو زمانە بەوردی و بەشێوەیەکی زانستی و بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدەن، بەو شێوەیەی لە توێژینەوە زانستیەکاندا ئەنجام دەدرێت.

زمان دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە، چونکە توخمەکان یان یەکەکان بونیادەکەی پێکدەهێنن بەگوێرەیان شێوە زمانەوانییەکان بە ژمارەیەکی زۆر بەڕێکوپێکی دروست

دەبن، بە شێوەیەک زۆرجار وا گومان دەبەین، کە هەرگیز ناتوانین بگەینە ئەنجامی دروست لە کاتی پشکنیندا، مەگەر لە حاڵەتێکدا بە میتۆدێکی زانستی لێی بکۆڵینەوە، کە دەرفەتمان بۆ بڕەخسێنێت ئەو سیستەمەی لەسەری دەڕوات، بۆ ئەوەی ببێتە هاریکارمان لەسەر داڕشتنی ئەو تیۆرەی ڕێگای کارکردنی سیستەمەکەمان پێ ئاشنا دەکات و یارمەتی پێشنیازکردنی پرۆگرام و ڕێکارە گونجاوەکانمان دەدات و زۆرجاران پێی دەوترێت زمانەوانیی گشتی.[1]

## زمانەوانیی تیۆری و زمانەوانیی کارەکی

زمانەوانی - وەک ئاماژەمان پێیدا - داڕشتنی تیۆری زمان بە ئامانج دەگرێت، لەبەر سروشتی تیۆری ئەم زانستە، هەندێک لە توێژەران پێی دەڵێن: زمانەوانیی تیۆری (Theoretical Linguistics). هەروەک چۆن لە زانستەکاندا بەدی دەکرێت، ئەم زانستە لایەنێکی هاوشێوەی هەیە، کە لە ئەنجامە تیۆرییەکانی سوود وەردەگرێت، بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجە کردەییەکان. هەروەها ئەو زانستەی گرنگی بە ئامانجانە زانستە

---

[1]- بڕوانە کتێبەکەم: محمد حسن عبدالعزیز(د)، مقدمة الی علم اللغة، ص ١٦٩.

کارەکییەکان دەدات، یەکێک لەم زانستانە پێی دەگوترێت زمانەوانیی کارەکی.

**(کریستال)** بەم شێوەیە پێناسەی زمانەوانیی کارەکی (Applied Linguistics) دەکات: ((**پراکتیزەکردنی ئەنجانەکانی توێژینەوەی زمانەوانی و شێوازە هونەرییەکانیەتی لە وەسفکردن و شیکردنەوەی بوارە نازمانەوانییەکاندا**))، پاشان توانج لەسەر ئەم پێناسەیە دەدات و دەڵێت:((**زمانەوانی بەم واتایە تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، کەچی بە خۆی ئامانج نییە**)).[1]

هەندێک لە زمانەوانان ئەم زاراوەیە بەکاردێنن، بۆ ئاماژەکردن بە لایەنەکانی فێرکاریی وەک فێرکردنی زمانێکی بیانی یان نەتەوەیی، کەچی زمانەوانانی دی لە بواری پراکتیزەکردنیدا فراوانتربوون، بە شێوەیەک ئەو پراکتیزەکردنانە بوارەکانی دیکەی نافێرکاریی دەگرتەوە.

---

[1]ـ التعریف بعلم اللغة، ترجمة: د.حلمي خلیل، ص ١٧٤.

**گرنگترین بوارەکانی زمانەوانیی کارەکی**

١. نووســـینی فەرهەنــگ(فەرهەنگی یەکزمـــانی یـــان دووزمـــانی، زمـــانەوانی یـــان پســـپۆڕی، هـــاوچەرخ یـــان مێژوویی، ...هتد)

٢. فێرکردنی زمانە بیانییەکان

٣. فێرکردنی زمانی نەتەوەیی

٤. چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئاخاوتنی ئەندامی و دەروونی

٥. وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی

٦. ئامرازەکانی پەیوەندی

لە هەمـوو ئەم بـوارانەدا زمـانەوانی پێنـاس و وەسـفێکی وردی زمـان پێشـکەش دەکەن، میتۆدەکـانی شـیکردنەوەی تـــوێژەرانی ئەم بـــوارە یـــارمەتی دەدەن، تـــا وردتـــر لە دیاردەکـان تێـبگەن و شـێوازێکی باشـتر بەکـاربێنن بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست پێوەی.

زمـــانەوانی ســـوود لە ئەنجامەکـانی پراکتیزەکـردن لە بـــــواری هەڵبژاردنـــــی تیۆرەکـــــانی و باشـــــترکردنیان وەردەگرێـت، هەروەهـــا ســـوود لە میتـــۆد و ڕێکارەکـــانی توێژینەوەی ئەم بوارە وەردەگرێت.

## زمانەوانیی وەسفی

زمـانەوانیی وەسـفی ـ وەک هەنگـاوی یەکەم لە بـواری جێبەجێکردنـــی میتــۆدی زانســتیدا ـ وەســفکردنی زمــانی بەکارهێنراو بە شێوەیەکی کردەیی بە ئامـانج دەگرێت، بۆ ئەوەی ئەو سیســــــتەمە بـــــدۆزێتەوە، کە دەســــــەڵاتی بەســــەریەوە هەیە، لەبەر گرنگــــی ئەم لایەنە نــــاوبرا بە زمانەوانیی وەسفی (Descriptive Linguistics)، لەبەر گرنگیـدانی بە تـوێژینەوەی بونیـادی زمـان لە ســەرجەم سیستەمی لقەکانیـدا (سیسـتەمی دەنگسـازی و سیسـتەمی وشەســازی و سیســتەمی ڕستەســازی) بە (زمــانەوانیی بونیادگەریی (Structural Linguistics) ناوزەدکرا.

زمانــەوانیی وەســفی لە شــێوازی زمــانی بەکــارهێنراو دەکۆڵێتەوە و ڕێزمانەکانی پەیوەست پێوەی دادەڕێژێت و بـاس لەوە ناکـات کە چـۆن ئەو زمـانە بســەپێنرێتە ســەر قسەکەران و ئاخێوەران، هەروەها پەیوەندی بە دەرکردنـی بڕیـاری پەیوەســت بە بەکارهێنـانیەوە نیـیە، بەم شــێوەیە دەبینین زانسـتێکی وەسـفییە و پێوەرئـامێز نییە. پرۆســەی ئاخاوتن لە خودی خۆیدا لە دەنـگ و پێکهاتەکـان دروست بووە، ڕاست یان هەڵەکان ناگرێتەخۆ، بەڵکو مەسـەلەکە بۆ

شـــێوازی ئەو بەکـــاربردنە دەگەڕێـــتەوە، کە گـــروپەکە لەسەری دەڕۆن.

بـــۆ ئەوەی بەوردی و گونجـــاوی بـــاس لە مەســـەلەکە بکەیـــن، ئەوە تـــوێژینەوەی وەســـفی لە ســـێ تەوەردا دەخـــرێنەڕوو و پێویســـتە تـــوێژەران ئەو مـــاوەیە و ئەو شـــوێنە دیـــارییکەن، کە توێژینەوەکەیـــان تیـــادا ڕوودەدات، هەروەهـــا ئەو ئاســـتە بخـــرێتەڕوو، کە دەخوێنرێت:(زمـــانی درکێنـــدراو یـــان نووســـراو، زمـــانی زانســـتی یـــان گشـــتی، هتـــد...)، چـــونکە زمـــان بە گـــۆڕانی ئەم تەوەرانە گـــۆڕانی بەسەردا دێت.[1]

### زمانەوانیی مێژوویی

زمـــان بەبەردەوامـــی لە گۆڕانـــدایە، ئەم گـــۆڕانەش ـــ لە ڕوانـــگەی زمـــانەوانیی وەســـفییەوە ـ گەنـــدەڵی یـــان لادانێـــک نییە، بەڵکو ڕاستەقینەیەکی بەدیهـاتووە، کە نـاکرێ نکـۆڵی لێ بکرێت، یـان بە لاوەکـی تەماشـای بکرێت، تـوێژینەوەی ئەم گـــۆڕانە بـــابەتی ســـەرەکی زمـــانەوانیی مێـــژووییە - زمـــانەوانی مێژوویـــی بەوە پێناســـە دەکرێـــت کە لقێکـــی

---

[1]- بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، مدخل الی علم اللغة، ص ١٣٧.

زمانەوانی یان پڕۆگرامێکە توێژینەوە لەو گۆڕانە دەکات کە لە سیستەمی زمانەوانیدا هەیە (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) و گۆڕانی واتایی(فەرهەنگی).

هەروەهـــا لەبەر ئەوەی زمـــان لە چەنـــد قۆنـــاغێکی پەیوەســـت بە مـــاوە و کـــاتەوە لێـــی دەکـــۆڵێتەوە، بـــۆیە زۆرجـــاران پێـــی دەوترێـــت زمـــانەوانیی دایکرۆنـــی (بەدوایەکـــداهاتوو) (Diachronic)، ئەم زاراوەیە لە دوو وشـــە پێکـــدێت: Dia واتە: لە تێپپـــەڕی، (Chronic): واتە پەیوەست بە کاتەوە.

هەمـوو زمانەکـان بە شـێوەیەک لە شـێوەکان گۆڕانیـان بەســـەردا دێـــت، هەمـــوو زمانەکـــان دەکـــرێ لە کـــاتێکی دیاریکراودا وەسف بکرێن، بەبێ گەڕانەوە بۆ حاڵەتەکانی پـــێش وەســـفکردن. کەچـــی ئەمە واتـــای وا نیـــیە پەیوەندییەکانی نێوان زمـانەوانیی مێژوویـی و زمانـەوانیی وەسفی دەپچڕێن، چونکە توێژینەوەی مێژوویـی پشت بە تـوێژینەوەی وەسـفی دەبەسـتێت، لەبەر ئەوەی ئـێمە بە دواداچـــوون دەکەیـــن بـــۆ گـــۆڕانی زمـــانەوانی، کەواتە

پێویســتیمان بە قۆنــاغێکی پێشــکەتووی مێــژووی زمــان هەیە.[1]

## زمانەوانیی بەراوردکاری

زمـانەوانیی بەراوردکـاری (Comparative Linguistics) تـوێژینەوە لـە دیـاردە هاوبەشـەکانی نێـوان ئەو زمانـانەی پەیوەنـدی نزیکـایەتی لە نێوانیـان هەیە دەکـات، واتە ئەو زمانـانەی دەگەڕێـتەوە سـەر یەک بنجـی زمـانەوانی، بـۆ نمــوونە لەوانەیە تــوێژەری بەراوردکــار لە دیــاردەیەکی دیاریکراوی زمانی عەرەبی و عبری و فینیقی و حەبەشـی بکـۆڵێتەوە، بەو حیســابەی چەنـد زمـانێکی سـەر بە یەک بنجـی هاوبەشـن، کە بە **(سـامی یەکەم)** نـاوزەد دەکـرێن، یەکێک لە ئامانجەکانی توێژینەوەی بەراوردکـاری گەیشـتنە بە بونیادنانەوەی ئەم بنجە هاوبەشە.

هەندێک لە زمانەوانان پێیـان وایە، کە دەتـوانین بەراورد لە نێـوان دوو زمـانی نوێـدا بکەیـن، بەبـێ ئامـاژەکردن بە پێشـڤەچوونەکانیان یـان بنەمـا مێژووییەکانیـان، ئەویـش بە مەبەسـتی گەیشـتن بە خاڵەکـانی وێکچـوون و جیـاوازی لە

[1] ـ بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، مدخل الی علم اللغة، ص ١٤٦ ـ ١٥٠.

شێوەکەی ئێستایان، بە ئامانجی فێرکاریی، ئەم بەراوردکاریانە بە شێوەیەکی ئاسان دەرفەتی فێربوونی زمان و فێرکردنیمان بۆ دەڕەخسێنن، ئەم جۆرە توێژینەوەیە پێی دەوترێت: شیکردنەوەی بەرانبەریی: (Contrastive Analysis)، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی زمانەوانیی کارەکی.[1]

## زانستە زمانەوانییە بەشەکییەکان

به بەرەوپێشچوونی توێژینەوەکانی پەیوەست بە زانستە سەرەکییەکان، چەندەها زانستی بەشەکی و میانەیی دامەزران. ئەو زانستانە بابەتەکانی بەشەکی لە بواری هەمان زانستدا باسی دەکەن، یان باس لە کۆمەڵە بابەتێکی هاوبەش دەکەن لەنێوان ئەم زانستە و زانستەکانی دیکەدا، کە پەیوەندییان لەگەڵیدا هەیە، وەک: کیمیای ئەندامی و جوگرافیای ئابووری، ...هتد.

لە زمانەوانیدا هەمان شت ڕوویداوە، **(کریستاڵ)** دەڵێت: ئەو ڕێگایەی بابەتەکانی زمانەوانی لەگەڵ زانستەکانی دیکە تێکەڵکێش دەبن، وایلێهاتووە ڕێز و پێزی

[1]- بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، مدخل الی علم اللغة، ص ١٥١-١٥٤.

لەنێــــوان تـــــوێژەرانی هـــــاوچەرخ هەیە، لەم دوو دەیەی پێشـــــــوودا لە چەنـــــــد تـــــــوێژینەوەیەکی جیـــــــاوازدا پێشــڤەچوونێکمان بەدیکــرد، وەک لە بــواری زمــانەوانیی کـــۆمەڵایەتی و زمـــــانەوانیی دەروونـــــی و زمـــــانەوانیی وەرزشی...هتد.

هەموو ئەم زانستانەش ئاماژە بە چەند لایەن یان چەند ئادگـارێکی زمـانەوانی دەکەن، کە پەیوەنـدییەکی تۆکمەیـان بە زانســـتەکانی دیـــکەوە هەیە، بە هەمـــان شـــێوەش ئەم زانســتانە لە دوو ڕووەوە بە کەڵکــی تــوێژینەوە دێــن، کە زمـانەوانی و کۆمەڵناســی و زمـانەوانی و دەروونناســی و زمانەوانی و وەرزشن...هتد، زانا پسپۆڕەکان ئەم زانستانە بە چەمــک و تەکنیکــەوە بــەرەوپێش دەبــەن، کە لەم دوو لقەوە هەڵهێنجراون.[١]

ئەم زانسـتانە زۆرن، ئێمە لێرەدا تەنیا ئەو شـتانە بـاس دەکەیــن، کە پەیوەنــدییان بە زمــانەوانیی کــۆمەڵایەتییەوە هەیە.

---

1 .Crystal, Linguistics, P.251 .

**دیالێکتۆلۆژی** (Dialectology)

ئەم زانستە لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی و تایبەتە بە وەسف و شیکردنەوەی فرەجۆری زمان لە ڕووی شوێن یان کات یان کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە فرەجۆری لە درکاندندا، یان لە ڕێزمان، یان لە فەرهەنگدا چۆن دەبێت و چۆنیش لە ڕووی جوگرافییەوە دابەش دەبێت.

لە سەرەتای دابەشکردنی ئەتڵەسی زمانییەکان ساڵی (١٩٠٠) لەجیاتی تویژینەوەی زارە خۆجێیەکان زیاتر گرنگی بە تویژینەوەی تویژی کۆمەڵایەتی لە زمان درا . هەروەها ئەو کاروبارانەی پشت بە ڕاپرسییەکان دەبەستێت، کە لە بەرایی ئەم کۆششانەدا ئەنجامدران لەسەر پایەی تەکنیکی دیدارەکان و تەکنیکی نموونەکان Sample دەوەستان. هەروەها تەماشای زارەکان دەکرا نەک بەو حیسابەی لادانە لە زمانی نەتەوەیی یان زمانی ئەدەبیی پەتی، بەڵکو بەو حیسابەی سیستەمێکی زمانەوانین لە خودی خۆیاندا. ئەم لقە بە پێشڤەچوونێک

هەژمـار دەكرێـت بـۆ ئەو شـتەی پێـی دەگـوترا جوگرافيـای زمانەوانی يان زمانەوانيی جوگرافی.[1]

**زمانەوانيی ئەنسرۆپۆلۆژی** Anthropological Linguistics

ئەم زانســتە لقــێكە لە لقەكــانی زمــانەوانی، بــاس لە پەيوەنـدی نێـوان زمـان و ڕۆشـنبيری لـە كـۆمەڵگە دەكـات، ئينجا هەر كۆمەڵگەيەك بێت، وەك توێژينەوە لە بيروباوەڕ و نەريت و بونيادی كۆمەڵايەتی كۆمەڵگە دەكات.

زمــانەوانيی ئەنســرۆپۆلۆژييەكان - بــۆ نمــوونە - ئەو ڕێگايانەيــــان باســــكردووە، كە لە تەرزە ڕۆشــــنبيرييە جياوازەكانـدا لە چوارچێـوەی پەيوەنـدييە كۆمەڵايەتيەكانـدا گوزارشــتيان لێكــراوە، هەروەهــا باســيان لە چــۆنێتی پەيوەندی خەڵكی لەگەڵ يەكدی كردووە، ئەويش لە ڕێگەی ڕووداوی كــۆمەڵايەتی و ڕۆشــنبيری وەك: ئــاهەنگگێڕان، ســروتەكان، ديـدارەكان، پاشـان پەيوەنـدی ئەو شـتانەيان هەمــوو لە بونيــادی هەمەكــی كۆمەڵگــەيەكی تــايبەتەوە كۆڵيوەتەوە.

---

[1]ـ بڕوانە: كتێبەكەم/ محمد حسـن عبدالعزيز(د)، مـدخل الـى علـم اللغة، ص ١٥٥ ـ ١٥٨ .

زمـانەوانیی ئەنسـرۆپۆلۆژی چەنـد بـوارێکی هەیە، کە لە بوارەکـانی زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی و زانسـتی ئەتنۆلۆژیـا نزیکن.

ئەم زانسـتە چەنـد تەکنیکێکـی تـوێژینەوە بەکاردەهێنێت، کە تـــایبەتە بە بوارەکـــانی زانســـتە زمانەوانییەکـــان و ئەنسرۆپۆلۆژییەکان بۆ تـوێژینەوەی زمـانی ئەو کـۆمەڵانەی سیسـتەمێکی ئەلفـوبێ یـان کەلتـوورێکی ئەدەبییـان نیـیە، هەروەها لەبەر نەبوونی دەقێک یان چەند تـوێژینەوەیەکی پێشـوەخت، کە پێشـەنگانی ئەم بـوارە زانسـتییە پشـتی پـێ ببەستن، ناچاربوون پرۆژە و ڕێکاری ئەوتۆ پێشبخەن، بۆ دەرهێنـــانی زانیـــاری زمـــانەوانی لە زاری خاوەنـــانی ئەم زمانانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

زانایان لە توێژینەوەکانیاندا فراوانخواز بوون و توانییان چەندەها گەل لە ئەمەریکا و ئەفەریقا و ئاسیا و ئوسـتراليا بخەنە دووتـوێی توێژینەوەکـانی خۆیـانەوە، پێشـەنگانی ئەم زانســتە وەک (بــواز) و (ســاپیر) جەختیــان لەســەر ئەوە کردەوە، کە توێژینەوە لەم زمانانە و تێگەیشتن لێیان بەبـێ بــوارە کــۆمەڵایەتییەکەی ناگــاتە ئەنجــام، هەروەهــا ئەو

زانایانە لەو باوەڕەدان، کە زمانەوانی - لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە زانستێکی کۆمەڵایەتی بێت.[١]

## زمانەوانیی ئەتنۆلۆژی Ethno Linguistics

لقێکە لە لقەکانی زمانەوانیی ئەنسرۆپۆلۆژی، باس لە پەیوەندییەکانی نێوان زمانی کەسێک و ئاراستەکەی دەکات، بە تایبەتی لەژێر تیشکی ئاستەکانی ئاخاوتن، کە (پلەکانی پەیوەندی سۆزداری Intimacy) بەکاریدەهێنت، لەگەڵ ئەو شوێنەی شایستەیەتی لەسەر (پلەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی).

هەندێک لە زمانەوانە ئەتنۆلۆژییەکانی وەک **(هامبۆلت)** و **(وۆرف)** لەگەڵ بنەمای حەتمگەرایی زمانەوانیدابوون، کە پێی وایە هەموو زمانێک شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە بونیادنانی ڕاستەقینەکان بۆ ئەوانەی کە قسەی پێ دەکەن.[٢]

---

١- بڕوانە: د.محمد الجوهري، الأنثروبولوجيا، ص ٤٤-٤٥.

Hartmann, and Stork, Dictionary of Language and Linguistics.

2- Hartmann, and Stork, Dictionary of Language and Linguistics.

**دووەم: کۆمەڵناسی**

ئەو زانستەیە لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە یان لە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکـان دەکـۆڵێتەوە، زۆربەی زۆری زانایـان ئەم پێناسەیان وەرگرتووە، هەندێک لە زانا فەڕەنسییەکان بەوە پێناســـەی دەکەن، کە زانســـتی تـــوێژینەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکـــان یـــان دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکـــان، یـــان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان بونیادە کۆمەڵایەتییەکانە.

بێگومـان دژایەتـی لە نێـوان ئەم پێناسـانەدا نییە، چونکە هەموویـــان لە ڕاســـتەقینە کۆمەڵایەتییەکـــان و لە چەنـــد گۆشەیەکی جیاوازەوە دەکۆڵنەوە.

کۆمەڵناسـی لە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکـان بە شـێوەیەکی شــیکردنەوەی دانــراوی یــان زانســتی دەکــۆڵێتەوە، ئەم زانســـتە لە توێژینەوەکانیـــدا وەک هەر زانســـتێکی دی لە بـابەتەکە دەکـۆڵنەوە، بە ئامـانجی دۆزینـەوەی ئەو یاسـا و ڕێسایانەی دیاردەکان گوزارشتیان لێ دەکەن.

ئەنجامەکـانیش کۆمەڵناسـان لە چاکسـازی کۆمەڵایەتیـدا بەکاریان دەهێنن، هەروەها ئەو ئەنجامانە لە بواری پلان و دارشـتنی کـۆمەڵایەتی بە هەمـوو لایەنەکـانییەوە سـوودیان لێوەردەگیرێـــــت و لە پێشکەشـــــکردنی زانیـــــاری و پرۆگرامەکـان و تەکنیکـی زانسـتەکانی دی کە پەیوەنـدییان

به دەروونناسـی و زمـانەوانییەوە هەیە، بە هەمـان شـێوە سوودیان لێ دەبینرێت.

زۆربەی زۆری کۆمەڵناسـان باوەڕیـان بەوە هەیە، کە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکـان خەسـڵەتی تـایبەت بە خۆیـان هەیە، کە خەسڵەتێکی ڕووداوەکان دەکەنە یەک پێکهاتە و لە دیاردە ماددی یان ئامێرییەکان و دیاردە زیندووەکان و دیاردەکـانی دەروون جودایـان دەکەنەوە، بێگومـان ئەم بابەتـانەش بابەتەکـانی کۆمەڵناسـین و زۆربەی زۆری ئەو زانایـانە بە هەمـان شـێوە لەو بـاوەڕەدان کە کۆمەڵناسـی وەک هەر زانسـتێکی دی پێویسـتە هەر ئەو پڕۆگرامـانە بەکاربهێنێت و پشـت بە پڕۆگرامـی زانسـتی ببەسـتێت، کە بـاس لە بابەتەکـان دەکەن و تێبینـی زانسـتی بـخەنەڕوو و ڕێکـاری تـاقیگەیی و ئەزمـوونی پەیـڕەو بـکەن و پشـت بە میتـۆدی مێژوویـی و ئامـاری و ڕووپێـوی کـۆمەڵایەتی لە توێژینەوەکانیان ببەستن، هەروەها هەموو ئەو شـتانەش لە توێژینەوەکانیانـدا بەکـاربێنن، کە پەیوەنـدییان بە زانسـت و پێشـکەوتنی هـاوچەرخەوە هەیە، کـە دەبـنە مـایەی

ئاسانكاری لە كۆكردنەوەی زانیاری و شیكردنەوەیان و هەڵهێنجانی ئەنجامەكان لێیانەوە.[1]

كۆمەڵناسیی زمانەوانی (Social Linguistics) بۆ ئەوە سەری هەڵدا، تا بابەتە هاوبەشەكانی نێوان كۆمەڵناسی و زمانەوانی باس بكات و جاری واش هەیە بە كۆمەڵناسیی زمان (Sociology of Language ) ناوزەد دەكرێت.

**سێیەم: ئەنسرۆپۆلۆژیا (مرۆڤناسی)**

ئەو زانستەیە لە ڕووی سروشتی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە لە مرۆڤ دەكۆڵێتەوە. ئەم زاراوەیە لە دوو وشەی یۆنانی پێكدێت: (Anthropos)(مرۆڤ) و (Logos) زانست، و هەردووكیان پێكەوە دەبنە: (زانستی مرۆڤ).

ئەنسرۆپۆلۆژیای هاوچەرخ لەمانە پێكدێت: ئەنسرۆپۆلۆژیای سروشتی یان بایۆلۆژی و ئەنسرۆپۆلۆژیای كۆمەڵایەتی، كە ئەنسرۆپۆلۆژیای ڕۆشنبیری و ئەتنۆلۆژی یەكێكن لە لقەكانی، ...هتد.[2]

---

١- بڕوانە: دكتور عاصف غيث، قاموس علم الاجتماع، في مواضع متفرقة.

٢- د.شاكر مصطفى، قاموس الأنثروبولوجيا.

**ئەنسرۆپۆلۆژیای سروشتی یان بایۆلۆژی**: ئەم زانستە تایبەتە بە توێژینەوەی پێشکەوتنی مرۆڤ و ئاکارەکانی، هەروەها پەیوەندی بە توێژینەوەی تایبەتمەندییە بایۆلۆژییەکانەوە هەیە، کە مرۆڤە تازە و کۆنەکان تیایدا جیاوازن.

**ئەنسرۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری**: تایبەتە بە توێژینەوەی کۆمەڵگەکان و ڕۆشنبیرییە هەمەجۆرەکان، کە لەم چەرخەدا هەیە. زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیا - بەکورتی - گرنگی بە شێوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا دەدەن، شێوازەکانی ژیانیش - بۆ نموونە - چۆنێتی ڕەوشی ژیان و گوزەرانی تاکەکانە لە سەرەتاوە لەناو کۆمەڵگەکانیاندا، هەروەها چۆنێتی هەڵبژاردنی هاوسەرە لەلایەن تاکێکەوە؟ هەروەها چۆن ئەو تاکە ژن دێنێت؟ و چۆن پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەوانەی دی ڕێکدەخات، کە لەگەڵیدا ژیان دەبەنە سەر، چ لە نێوان ئەندامانی ڕەگەزەکەی خۆی یان لە گروپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، واتە بەکورتی دەڵێین: چۆن ئەو کەسە ژیان دەباتە سەر؟

ئەنسرۆپۆلۆژیاناسانی یەکەم گرنگییان بە کۆمەڵگەکان و ڕۆشنبیرییە بەراییەکان دەدا، وەک هیندییە سوورپێستەکان و دانیشتوانی دێرینی ئوستralیا، ...هتد، کەچی زاناکان لەم ڕۆژگارەدا بواری توێژینەوەکانیان فراوانترکردووە، بە

شـێوەیەک ڕۆشـنبیرییە هاوچەرخەکـانیش لەخۆدەگرێـت: ئینجـا لادێیـی یـان شـاری بێـت، ئەویـش لە هەمـوو شوێنێکدا.[1]

**ئەتنۆلۆژیـا:** لقـێکە لە لقەکـانی ئەنسـرۆپۆلۆژیا و ئەمەریکییەکـان بە لقێـک لە لقەکـانی ئەنسـرۆپۆلۆژیای ڕۆشـنبیری دادەنـێن، کە ئەویـش تـوێژینەوەی ڕووەکـانی جیـاوازی و هاوبەشـە لەنێـوان ڕۆشـنبیرییەکان، لە پێنـاو هەڵهێنجانی ئامانجگەلێکن بۆ گشتاندن دەربارەی بنەچە و پێشکەوتن و فرەجۆرییان.[2]

**ئەتنۆگرافیـا:** لقـێکە لە لقەکـانی ئەنسـرۆپۆلۆژیای کـۆمەڵایەتی و ئەمریکیەکـان بە لقێـک لە ئەنسـرۆپۆلۆژیای ڕۆشـنبیری دادەنـێن، ئەم زانسـتە وەسـفی شارسـتانێتی گەلێک لە گەلەکانی گۆی زەوی دەکات، ئەویش بە کێشـانی وێنەیەکی ورد و ڕاست و دروست دەربارەی شێوازەکانی ژین و ژیار و سیستەم و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو گەلە. هـەروەها جیـاوازی نێـوان (**ئەتنۆگرافیـا**) و (**ئەتنۆلۆژیـا**)ش ئەوەیە، کە ئەمەی دووەمیـان واتە

---

١ـ د.محمد الجوهري، الأنثروبولوجيا، ص ٢٥-٢٦.

٢ـ بڕوانە: د.شاكر مصطفى، قاموس الأنثروبولوجيا.

**(ئەتنۆلۆژیا)** جەخت دەکاتەوە سەر بەراوردکاری نێوان شارستانێتییە کۆن و هاوچەرخەکان.[1]

لە بابەتە گرنگەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا ئەمانەن:

١. ئاکار (ڕەوشت)ی مرۆڤ

٢. ڕۆشنبیری (بە واتا ئەنسرۆپۆلۆژییەکەی)

٣. خزمایەتی

٤. گۆڕانی ڕۆشنبیری

٥. ڕۆشنبیرکردن یان پەروەردەی کۆمەڵایەتی

**چوارەم: دەروونناسی**

لێرەدا چەند پێناسەیەک بۆ دەروونناسی هەیە، لەوانە بۆ نموونە: دەروونناسی ئەو زانستەیە لەم بابەتانە دەکۆڵێتەوە:

- دیاردە دەروونییەکان یان کردە دەروونییەکان، ئەمەش پێناسەیەکە گرنگی بە چالاکی عەقڵ و ئەرکەکانی دەدات.

- ئاکاری تاک و پەیوەندی بە هۆشدارییەکانی ژینگەوە هەیە، و ئەو بابەتانەی ئەم لایەنە گرنگییان پێدەدات،

---

١. د.شاکر مصطفی، قاموس الأنثروبولوجیا.

ئەمانەن: هەستکردن و درککردن و فێربوون و پاڵنەرەکان و توانستەکان و دابونەریتەکان، ...هتد.

لێرەدا پەیوەندی لەنێوان دەروونناسی و زمانەوانیدا هەیە، کە بە تیۆرەکەی چۆمسکی لە بواری ڕستەسازی بەرهەمهێنانی گێزانەوەیی زیاتر پتەوبوو، ئەم تیۆرە پێی وایە مەزنترین کار کە زمانەوانی ئەنجامی بدات، تویژینەوەیە لە عەقڵی مرۆڤ، هەروەها زمانەوانی زیاتر ڕوون دەبێت و وردتر دەبێت، ئەگەر ببێتە لقێک لە لقەکانی دەروونناسی درککردن.[1]

**بابەتە هاوبەشەکانی هەردوو زانستی: زمانەوانی و دەروونناسی دەخوێنن، ئەمانەن:**

١. وەرگرتنی زمان
٢. بیرکرنەوە
٣. واتا
٤. نەریتی زمانەوانی
٥. شیکردنەوەی دەروونی
٦. نەخۆشییەکانی ئاخاوتن

---

١. بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، مدخل الی علم اللغة، ص٨١-٩٠.

زمـانەوانیی دەروونـی(Psycho Linguistics) سـەری هەڵدا، بۆ ئەوەی ئەو بابەتە هـاوبەش و هاوشـێوەکان بـاس بکات.

ئەم زانسـتە لەم ڕۆژگـارەدا لە دووتـوێی چوارچێـوەی گشتی ئەو توێژینەوانە باسـدەکرێت، کە تـایبەتن بە ئاکـاری مرۆیـی و زمـان، لە هەمـان کاتـدا ئامـاژە دەکـات بـۆ کۆششـەکانی دەروونناسـان و زمانەوانـان، لە پێنـاو شـرۆڤەکردنی چەنـد گریمـانەیەکی تـایبەت بە وەرگرتنـی زمان و توانستی زمانەوانی، کە زمانەوانانی خاوەن تیۆری بەرهەمهێنـان و گـوێزانەوە پێشـنیازی دەکەن، هەروەهـا سەبارەت بە چەمکە دەروونییەکان، کە لەمانەدا بەرجەستە دەبن: درککردن، یادگە، زیرەکی و پاڵنەرەکان.[١]

هەروەهـا جـاری وا هەیە ئەم زانسـتە تێبینـی لەسـەر ئاکـاری زمـانەوانی کردەیی لە بـارودۆخە کردەییەکـان یـان لە هەڵوێسـتە پەیوەندییـەکان لەخۆدەگرێـت، وەک حاڵەتەکانی (زمانگیران) یان (فسەزمانی)، ...هتد.

1 .Crystal, Linguistics, p.254, Hartmann, and Stork, Dictionary of Language and Linguistics.

**پێنجەم: دەروونناسیی کۆمەڵایەتی**

دەروونناسیی کۆمەڵایەتی باس لەو بابەتانە دەکات، کە لە نێوان دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا هاوبەشن، پێناسەی دەروونناسی کۆمەڵایەتیش ئەمەیە: ئەو زانستەیە کە ئاکار و ڕەفتاری تاکەکان لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتی خۆیدا دەخاتە بەر تاقیکردنەوە و وەسف و شیکردنەوە، واتە ئەو زانستەیە بە شێوەیەکی زانستی لە ئاکارەکانی تاک لە ڕووی کاریگەربوونی بە ئاکاری تاکەکانی دی و کارتێکردنیان دەکۆڵێتەوە. بەم جۆرە توێژەری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات ئەو فاکتەرانە بدۆزێتەوە، کە لەژێر کاریگەریاندا ڕەوشتەکانی تاک گۆڕانیان بەسەردا دێت، وەک ڕەنگدانەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییە هەمەجۆرەکان.

**چەند بابەتێکی ئەم زانستە پەیوەندییان بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە:**

١. پەروەردەی کۆمەڵایەتی

٢. درککردنی کۆمەڵایەتی

٣. ئاراستەکان

٤. ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی

٥. ئەندامبوون لە کۆمەڵگەدا

٦. ئامرازەکانی پەیوەندیکردن

زمان لە دەروونناسیی کۆمەڵایەتیدا فاکتەرێکی بەهێزە لە پەیدابوون و هەمواری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەروەها ئامرازێکی کارایە لە بواری ئاڵوگۆڕی زانیاری و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کەواتە زمان ئامرازی سەرەکی بەستنەوەی ئەندامانە لە کۆمەڵگەدا، بە هەمان شێوەش ئامرازێکی سەرەکییە بۆ دامەزراندنی هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی لای مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی گەشەسەندنیدا، ئینجا بە وشە و درکاندن بێت یان بە هێماکردن بێت.

دەروونناسیی کۆمەڵایەتی وەک زانستەکانی دی مرۆیی میتۆدی زانستی بەکاردەهێنێت، و هەمان ئەو هەنگاوانە پەیڕەو دەکات، کە هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی لەسەری دەڕۆن، لەم زانستەدا یەکەم قۆناغ تێبینیکردنە، پاشان وەسفکردن، پاشانیش شیکردنەوە، زۆرجارانیش شیکردنەوە بۆ پرۆسەی تاقیکردنەوە سەردەکێشێت، بە ئامانجی دۆزینەوەی یاسای زانستی یان تیۆری.[1]

١. بڕوانە: د.فؤاد بهي السيد، علم النفس الأجتماعي، ص ٣٠ ـ ٣٥.

## سنووری زمانەوانی لای سۆسێر

پێشــوەخت لە میــانەی ئەم باســەماندا ئاماژەمــانکرد بە پێناســـەی زمـــان لای (**سۆســـێر**)، کە دامەزرێـــنەری زمــانەوانیی هــاوچەرخە، پاشــانیش بــاس لە بۆچــوونی هەنــدێک مێژوونووســـان دەکەیـــن، کە دەڵێـــین گــوایە (**سۆســێر**) بــووەتە هۆکــاری دواکەوتنــی توێژینەوەکــانی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی زمان بە کۆمەڵگەوە، کاتێکیش چاومان خشاند بە کتێبە بەناوبانگەکەی (**دی سۆسێر**)، کە نــاوی (**کۆرســێ لــە زمــانەوانیی گشــتی**)یە، بۆمــان ڕوون بـــــوەوە، کە ئەم تـــــۆمەتە لە ڕاســـــتییەوە دوورە و لە لاپەڕەکـــانی داهاتووشـــدا هەڵوێســـتی (**دی سۆســـێر**) ڕوونــدەکەینەوە لە ســنووری زمــانەوانی، کە چ بابەتێــک پەیوەنــدی بەم زانســتەوە هەیە و چ بــابەتێکیش پەیوەنــدی پێوە نییە.

(**سۆســێر**) ســووربوو لەســەر ئەوەی زمانــەوانی بکــاتە زانستێکی سەربەخۆ، کە پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەوە نەبێت، زانستێکی ئەوتۆ، کە بابەتی تایبەتی خۆی هەبێت، سـنوور بـۆ بابەتەکـانی دی نەبەزێنێت و میتـۆدی شـیاوی خۆیشـــی هەبێـــت، کە لەگەڵ بابەتەکانیـــدا بگونجێـــت، هەرچەنـــــدە ئەمە وا ناگەیەنێـــــت، کە بەتەواوەتـــــی

پەیوەنـدییەکانی لەگـەڵ زانسـتەکاندیدا پچـڕاوە، ئەمـەش بـارودۆخی ئـەو پەیوەندییەیـە، کـە لـەنێوان خـۆی و ڕەگەزناسی و زانستی پێش مێژوودا هەیە بۆ نموونە، (دی سۆسێر) پێی وایە زمانەوانی پەیوەندییەکی تۆکمەی بەو زانستانەوە هەیە، کە جاری وا هەیە بابەتەکەی خۆی لێوە دەخوازێت، و جـاری واش هەیە بابەتەکـانی خـۆی پێدەبەخشێت، هەروەهـا دەڵێـت هـێڵە جوداکەرەوەکـان زۆرجاران لەنێوان ئەو زانستانەدا ڕوون و ئاشکرا نین.

(سۆسـێر) لە پێناسـەکردنی زمانـدا پێشـوەخت بە گریمـانەی دەگرێـت، کە پێویسـتە هەر شـتێک لە سنوورەکانی بونیادی خۆی یان سیستەمەکەیدا نەبێت، پێویسـتە دووربخـرێتەوە، ئەم بۆچوونـانەش دەیخـاتە بوارێـک، کە پێـی دەگوترێـت زمـانەوانیی دەرەکـی (External Linguistics)، و ئەو پێی وایە باس لە چەند بابەتێکی گرنگ دەکات، کە هەندێکیان ئەمانەن:

بـابەتی سـنووری جیـاکەرەوەی نێـوان زمـانەوانی و ڕەگەزناسی، یان ڕەچەڵەکناسـی (Ethnology)، واتە ئەو پەیوەندییانەی لەنێـوان مێـژووی زمانێـک لە زمانەکـان و مێـژووی ڕەگەز و شارستانییەکەشـی بەکـاری دەهێنێـت، ڕۆشـنبیری نەتەوە کـاریگەرییەکی ڕاسـتەوخۆی لەسـەر

زمـــانەکەی هەیە، هەروەهـــا زمـــانی ئەو نەتەوەیە تـــا ڕادەیەکـــــی زۆر بەرپرســـــیارە لەســـــەر ڕەهەنـــــدە ڕۆشنبیرییەکەی.

**پەیوەندی نێوان زمان و مێژوویی سیاسی:** ڕووداوە مێــژووییە مەزنەکــانی وەک (شــاڵاوی ڕۆمانییەکــان بــۆ نموونە) کاریگەرییەکی بێ وێنەی هەبوو لەسەر ڕووداو و ڕاستەقینە زمانەوانییەکان، شاڵاوی داگیرکاریی ئیستعمار ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە دروستکردنی هەندێک گۆڕان لە چەند زمانێکدا، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەو زمانانە بەهۆی شاڵاوە سەربازییەکانەوە لە چەند ژینگەیەکی جۆراوجۆر بڵاودەبوونەوە، بۆ نموونە نەرویج زمانی دانیمارکییان کــردە زمـــانی خۆیـــان، ئەویـــش کاتێــک لەگەڵ وڵاتـــی (دانیمــارک) لە ڕووی سیاسییەوە یەکیان گرت، ئەمڕۆ نەرویجییەکان لە هەوڵدان لە کاریگەری زمانەوانی ئەم یەکگرتنە ڕزگاریان بێت. هەروەها سیاسەتی ناوخۆیی وڵاتەکان گرنگییەکەی کەمتر نییە لە زیندووی زمانەکان بە بەراوردکــردن لەگەڵ سیاســەتی دەرەکــی وڵاتــان، زۆر حکومەت هەن، وەک: (سویسرا) بۆ نموونە دەرفەت بە چەنـــد زمانێـــک دەدات، کە لە وڵاتەکەدا بەکاربهێنرێـــت،

هەروەهـا چەنـد حكـومەتێكی دیـكە هەن، وەک (بەلجیكـا) خەبات دەكات لەپێناو یەكگرتوویی زمانەكەی.

**پەیوەنـدی نێـوان زمـان و دەسـتە پەیوەندیـدارەكانی بە ئـــايين و خوێنـــدن و ئەدەب وەک كەنیســـەكان و قوتابخانەكان و زانكۆكان و كۆمەڵگەكان**، بە هەمان شـێوە ئەنجـوومەنی زانايـان و ئەديبـان و فەرمانڕەوايـان، هەمـوو ئەم دەستانە ڕۆڵـيان هەيە لە پێشـڤەچوونی ئەدەبيی زمـان، هەمووشيان جودا نين لە مێژووی سياسی، ئەوەی زانراوە كە زمانيی ئەدەبی بە ڕوونی پرسـی ململانێی نێـوان خـۆی و زارە خۆجێيیەكـان زەقـدەكاتەوە، چـونكە ئەمـە بەرهـەمی ڕۆشـــنبيرييە، لـــە كۆتاييـــدا ئەنجامەكـــەی لە بـــوارە سروشـتييەكەی خـۆی جيادەبێتـەوە، واتە زمـانی ئاخـاوتن جيا دەبێتەوە، كە زمانی ژيانی ڕۆژانەيە.

زمـــانەوانيی دەرەكـــی پەيوەنـــدی بە بڵاوبـــوونەوەی زمانەكـــان و دابەشـــبوونی زمـــان يـــان زارەكـــان بـــۆ شـێوەزارەكان هەيە، و پەيوەنديشـی بەو فـاكتەرانەوە هەيـە كـە كاريگەرييـان لەسـەريێتی. ئەم بـابەتە لەو بابەتـانەيە، كە هێڵی جياكەرەوە لە نێوان دەرەكی و ناوخۆييەكەيدا ڕوون نـين و ديـار نـين، چـونكە ديـاردە جوگرافييەكـان پەيوەنـدی توندوتۆڵيان بە بوونی زمانەوە هەيە، كەچی بڵاوبوونەوەی

زمــان و دابەشــبوونی زارەکــان کاریگــەریی لە بونیــادی ناوخۆیی زمان ناکات.

کاتێـک زیـاتر پشـت بەسـترا بە تـوخمە ماددییەکـان لە شــرۆڤەکردنی شــتەکان، لەنێــو تــوێژەران بۆچوونێــک سەریهەڵدا، کە پێی وابوو دیاردە جوگرافییەکـان نـاکرێ بە سـانایی لە تـوێژینەوەی تایبەتمەنـدێتییەکانی زمـان جـودا بکـرێنەوە. ئەوەبـوو ئەوان تێبینیـان کـرد تـوخمە مـاددییە دەرەکییەکـــــانی وەک(سروشـــــتی خـــــاک و کەش و هەوا،....هتــد) کاریگەرییــان لەســەر وەســفی بونیــادی ناوەوەی ڕووەکەکان، پاشان وتیان ئایا ناکرێت لە وەسفی بونیـادی ڕێزمـانی زمـان پشـت بە تـوخمە دەرەکییەکـان ببەستین بۆ گۆڕان؟.[1]

هەرچەندە **(سۆسێر)** پێی باشترە جیاوازی لەنێوان شتە دەرەکــی و ناوخۆییەکــان بکرێــت، لە هەمــان کاتیشــدا جەختــدەکاتەوە ســەر ئەوەی تــوێژینەوەی پێشــکەوتن لە کاتی شرۆڤەکردندا زۆر گرنگە، **(سۆسێر)** دەڵێت: پێم وایە کەمتــر دەتــوانین شــرۆڤەی پەســەند پێشــکەش بکەیــن دەربارەی زاراوە زانستی و هونەرییەکان، بەبێ ئەوەی لە

---

[1]- (بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، سوسیر رائد علم اللغة الحدیث، ص (١٥-١٦).

هەنگاوەکانی پەرەسەندی بکۆڵینەوە، ئایا دەتوانین گەشـەی سروشتی و بونیادی زمان لە شێوە دەستکردەکانی (وەک زمـــانیی ئەدەبـــی بـــۆ نمـــوونە) جـــودا بکەیـــنەوە، ئەم گەشەســـەندنە وەک زانـــراوە بـــۆ فـــاکتەرە دەرەکییەکـــان دەگەڕێتەوە، واتە بۆ چەند توخمێک، یان بۆ هەر هێزێکی نابونیادی؟.[1]

پێویســتە ئەوە ڕوون بێـت دانپیانـانی (دی سۆسـێر) بە گرنگیـی ئەو تـوێژینەوانە واتـای ئەوە نییە پێویسـتن، یـان بەبـــێ ئەو وەســـفکردنی زمـــانەوانی بەدی نـــایەت، لەم بـــارەیەوە دەڵێـــت: مـــن پـــێم وایە تـــوێژینەوەی دیـــاردە زمـانەوانییە دەرەکییەکـان زۆر بەسـوودە، کەچـی ئەگـەر بڵێـین ئـێمە نـاتوانین لە بونیـادی زمـان نەکـۆڵینەوە بەبـێ توێژینەوە لە دیاردە دەرەکییەکان، ئەوە بۆچونێکی هەڵەیە، ڕوونتـــرین نمـــوونەش لەســـەر ئەمە وەرگرتنـــی وشـــە بیانییەکـــانە، ئـــێمە لە ســـەرەتاوە تێبینـــی دەکەیـــن، کە وەرگرتنی وشەکان مەسەلەیەکی چەسپاو و بەردەوام نییە لە ژیانی هـەموو زمانەکاندا، لە دۆڵە گۆشـەگیرەکاندا چەنـد زارێـک هەن، کە هەرگیـز وشـەیەکی نامۆیـان لە دەرەوە وەرنەگرتووە، ئیتر ئایا بەناچاری دەتوانین بڵێین، کە ئەم

[1]. De saussur, Course in general Linguistics, p.21.

جـۆره زارانه له سـنووری شـته زانراوەکـانی بـارودۆخی ئاخـاوتنی ئاسـایی دەردەچـن و پێویسـتییان به شـێوازێکی تـایبەت و کـارپێنەکراو لەنێـوان تـوێژەران هەیه، بـۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەیان، به بیانووی ئەوەی ئەم جۆره وشانەیان له دەرەوە وەرنەگرتووه؟.[1]

پاشان (**سۆسێر**) به ڕاشکاوی بڕیار دەدات، که زانینی بارودۆخەکـانی پەیوەسـت به پەرەسـەندنی زمـان مەسەلەیەکی گرنگ و پێویسته، بۆ نموونه زمانه سلاڤییه دێرینەکان هیچ دەربارەی خاوەنه ڕاستەقینەکانیان نازانین، بەڵام ئەم نەزانینەمـان نـابێته ئاسـتەنگ لـه بـەردەم توێژینەوەی ئەم زمانانه له ڕووی ناوەوە، هەروەها نابێته ئاستەنگ بۆ زانینی ئەو گۆڕانانەی لەناویدا دروستبوونه، به هەر حاڵ جوداکردنەوەی ئەم دوو مەسەلەیه (دەرەکی و نـاوخۆیی) مەسـەلەیەکی حەتمیـیه و هەرچەنـده ڕەچاویشی بکەین باشتره.

باشـترین بەڵـگەش لەسـەر پێویسـتی نێـوان ئەم دوو مەسەلەیه ئەوەیه، که هەریەکەیان میتۆدێکی جودایان تیادا پەیڕەو دەکرێت، زمانەوانیی دەرەکی دەتوانێت زانیاری جودامان پێشکەش بکات، بەبێ ئەوەی له بواری بونیادی

---

1. De saussur, Course in general Linguistics, p.22.

زمـان یـان سیسـتەمەکەی دەسـتوەربدات. تـوێژەر لەوانەیە ڕووداوی گونجـاو دەربـارەی بڵاوبـوونەوەی زمانێـک لە زمانەکـان لە دەرەوەی سنووری زمـانەکە کۆبکـاتەوە، یـان بە دوای ئەو فـــاکتەرانە بگەڕێـــت، کە بـــوونە هۆکـــاری دروســـتبوونی زمـــانی ئەدەب لەگەڵ زارە ناوخۆییەکـــان، لەوانەیە یەکێک لەم دوو کارە ئەنجام بدات، بەڵام تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە ئەم کارە دەکات. هەروەها وێنەکە بەگشتی جودایە لە زمانەوانیی ناوخۆیی، کاتێک لە بونیادی خودی زمــانەکە دەکـــۆڵینەوە، بۆمـــان ڕوون دەبێـــتەوە کە زمـــان سیستەمێکە یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی هەیە.

هەروەهـا **(سۆسـێر)** ئەم بیـرۆکە بە یـاری (شـەترەنج) ڕووندەکاتەوە، ئێمە دەتـوانین بە شـێوەیەکی یەکلاکەرەوە شتە دەرەکییەکان و ناوخۆییەکان لـە یەکدی جیابکەینەوە، ئەم یارییـە لە وڵاتـی فارسـەوە هـاتۆتە ناومـان، بەڵام ئەم ڕاســـتەقینەیە ڕاســـتەقینەیەکی دەرەکیـــیە، ئەگەر چەنـــد پارچەیەکی (عاج)مان لە جیاتی تەختە بەکارهێنا، ئەوا ئەم کارە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خودی سیستەمەکە نابێت، کەچی ئەگەر ژمارەی پارچەکان زیاد بکەیـن، یـان کەمتری بکەینەوە، ئەوا بێگومـان ئەم گـۆڕانە کـاریگەرییەکی قـووڵی لە بنەماکانی ئەم یارییەدا دەبێت، پاشان **(سۆسێر)** پێشنیاز

دەکات کە یاسایەکی یەکلاکەرەوە لەنێوان شتە دەرەکی و ناوخۆییەکانـــدا دابڕێژرێـــت: هەر شـــتێک ببێـــتە هۆکـــاری گۆڕینی سیستەمەکە، ئەوا بە ناوخۆیی دادەنرێت.[١]

هـــــەرچی پەیوەنــــدی زمـــــانەوانی بە کۆمەڵناســــی و دەروونناسـیی کۆمەڵایەتییـە، ئـەوا تـۆکمەترە لە پەیوەنـدی لەگەڵ زانسـتەکانی پێشـوودا، ئەویـش لەبەر ئەوەی زمـان لای ئەو دیـاردەیەکی کـۆمەڵایەتییە، ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکـــی دیکەشـــەوە لە بنەڕەتـــدا زمـــان دیـــاردەیەکی سـایکۆلۆژییە، ئەویـش لەبەر ئەوەی (سۆسـێر) پێـی وایە زمـــان کـــۆمەڵە پەیوەنـــدییەکە، پەیوەنـــدیش لای ئەو پەیوەندییەیە کە چەمک و وێنەی گوێگری بە یەکەوە گرێ دەدات و هەر دوو ئەم شتەش وێنەی مێشکن.[٢]

1.De saussur, Course in general Linguistics, P.22,23)

٢- بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز(د)، سوسیر رائد علم اللغة الحدیث، ص ٢٦-٢٩.

## زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی ئێستا
## پێشڤەچوونی توێژینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەنێوان زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا

زانایـــان کــۆکن لەســـەر ئەوەی بـــابەتی زمـــانەوانیی کۆمەڵایەتی (Socio Linguistics) پەیوەندی نێوان زمان و کــۆمەڵگەیە، کەواتە ئەم زانســتە زانســتێکی زمــانەوانیی کۆمەڵایەتییە.

لە ســـەرەتای ســـەدەی بیســـتەمدا هەردوو زانســـتی زمـانەوانی و کۆمەڵناسـی بە جیا لەیەکدی گەشـەیان کـرد، کۆمەڵناسیی زمانەوانی بە بوارێکی جودا هەژمـار دەکرا لە بواری کۆمەڵناسی، بە هەمان شێوەش زمـانەوانی بەگشـتی ئەوەی بـــۆ خـــۆی بڕیـــارداوە، کە گرنگـــی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمـان نەدا، ئەم بڕیـارەش لەوانەیە لەژێـر کاریگەری پێشـەنگی ئەم زانسـتە **(دی سۆسێر)**دا بووبێت، کە پێشـوەخت پێناسـەی بەم زانسـتەدا و وتـی: **زمـانەوانی توێژینەوەی زمانە لە خودی خۆیدا بۆ خۆی.**

**هۆکاری ئەمەش بۆ دوو مەسەلە دەگەڕێتەوە:**

**یەکەم:** (لـــە ڕوانگـــەی کۆمەڵناســـەکان) خەمڵانـــدنی کـۆمەڵایەتی زۆر زوو بەرجەسـتە دەبێـت بـۆ ڕۆڵـی گرنگـی

زمان له کۆمەڵگەدا، کۆمەڵناسەکان ڕوانیویانەتە زمان بەو حیسابەی مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ دروستبوونی کۆمەڵە مرۆییەکان، بەڵام – بەداخەوە - بڕوایان وابوو زمان لە ئەنجامی جودابوونی ئاکاری کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، یان بە گوزارشێکی دیکە گرنگییان بەو پەیوەندییە نەدا، کە لەنێوان فرەجۆری کۆمەڵایەتی و فرجۆری زمانەوانیدا هەیە، بۆیە توێژینەوەی ئەم بوارەیان پشتگوێ خست.

**دووەم:** (لە ڕوانگەی زمانەوانانەوە)، کە لە دوانەیەکی (سۆسێر) پێکدێت لە نێوان زمان (Langue) و ئاخاوتن (Parole)، یان قسەکردن (Speech) و کۆد (Code) و نامە (message) و توانست (Competence) و چالاکی (Performance).

هەر چەندە ئەم جوداکارییە لە سەرەتادا وا دەرکەوت، کە ڕابەرایەتی ئەم حاڵەتە پێکەوە دەکەن، پاشان بووە هۆکاری دروستبوونی ئەنجامێکی بەرەواژ.

لەبەر ئەوەی زمان (Langue) بەوە پێناسە کراوە، کە سیستەمێکە لە ژمارەیەک لە ڕێزمان پێکدێت، کە لە عەقڵ و ئاوەزی هەموو ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن ڕەگی داکوتاوە، بۆیە توێژینەوەکان بەرەو زمان ئاراستەکران و

وای لێهات توێژینەوە دەربارەی (ئاخاوتن) بووە شتێکی لاوەکی (کە بە خۆی کارێکی تاکڕەوانەیە) لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و ئاوێتەییەکان. ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە، کە شیکردنەوەی ڕێزمانی گونجاو و ڕەها و چەسپاوەکانی زمان، لەسەر بنەمای گومان لەلایەن ژمارەیەکی کەمی گێڕەوەکانەوە مەسەلەیەکی بەسوود بووە و بگرە لەسەر گومانی زمانەوانی لە خودی خۆیدا بەسوود بووە.[1]

### دەستکەوتەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

ئەگەر خوازیاری ئەوە بین، دەستکەوتەکانی ئەم زانستە تازەیە بزانین، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا پەیدابووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو هەوڵانەی تا ئێستاکە لەم پێناوەدا خرانەتەگەڕ، بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕێزمان و بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، شکستیان هێناوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ڕێزمانەکان هەمیشە ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە گشتییەکانی هزری مرۆیین، کەچی ئاکاری زمانەوانی ــ جگە لەوانەی باسمانکردن ــ لە فرەجۆرییەکی بەردەوامدایە، پاشان

1.Pierpaolo Giglioli, Language and Social Context, P7.

دەرکەوت ڕەنگــــدانەوەی پێداویســــتییەکانی پاشــــخانی سیســتەمی پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکــانە. لە تێڕوانینێکــی یەکەمەوە ئەم زانیارییەمان بۆ دەردەکەوێت، دەبینین هـیچ کەسـێک هەمـان شـێوازی ئاخـاوتن لە مـاڵەوە و لە شـوێنە گشـتییەکاندا بەکارناهێنێـت، ئاخاوتنمـان منـداڵێک و لەگەڵ پیاوێکی بـە تەمـەن و پیـاوێکی ئـایینی جیاوازی هەیە.... بە هەمان شێوەش لە چەندەها هەڵوێستی جودا قسەکانیشمان جودا دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر خوازیاری ئەوە بین، کە سیستەمێکی فرەجۆری فۆنۆلـۆجی (دەنگـی) ورد لە هەمـان گروپی زمانەوانی بدۆزینەوە، یان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بچــین، بە گــوێرەی هەمــان شــێوازی گفتوگــۆ، ئەوا چەنـدەها ئاسـتەنگمان دێـتە پـێش، لەم حاڵەتـانەدا ڕەهەنـدە زنجیرییەکـانی فرەجـۆری، کە لەگەڵ ئاسـتە کـۆمەڵایەتی و زمانەوانییەکانــدان، هەر بە خـۆیــان تەنیــا تیشــک دەخەنە سـەری، ئەویـش لە ڕێگـەی شـیکردنەوەی ئاخـاوتن و ئەو هەڵوێستەی تیایدا ڕوودەدات.

**زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی بەسـتنەوەیەکە لـەنێوان زمـانەوانی و کۆمەڵناسی:**

لەم چەند ساڵەی دواییدا مەودای نێوان ئەم دوو زانستە ڕووی لە کەمی کرد، هەندێک لە زمانەوانان تەنیا گرنگییان بە دیـاردە زمانەوانییەکـان لە ڕووی کـۆمەڵایەتییەوە دەدا، هەندێک لە کۆمەڵناسانیش درکیان زیاتر کرد بە سروشتی کۆمەڵایەتیی زمان.

زاراوەی زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی (Socio Linguistic) ئامـاژە بەم تێگەیشـتنە هاوبەشـە دەکـات، خەسـڵەتە دیارەکەشـی ئەوەیە، کە زیـاتر گرنگـی بە ئاخـاوتن (Parole) دەدات، واتە بە هەمـوو ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتییەکـانەوە گرنگـی بە ڕووداوی ئاخـاوتن دەدات، هەنـدێک لە زمـانەوانە کۆمەڵناسـەکان لەو بـاوەڕەدان، کە ئاخـاوتن بە پـێچەوانەی ڕای **(دی سۆسـێر)** ئەنجـامی سەرپێیی بژاردەکانی قسەکەر نییە بە تەنیـا (واتە دیـاردەی حاڵەتەکانی سـایکۆلۆژی تاکێک نییە لە کـۆمەڵگەدا)، بەڵکو کـارێکی ڕەهەنـدئامێزە بەڕوونـی و ئاشـکرایی، واتە سیستەمێکی ڕەهەندئامێزی یەک لە دوای یەکە.

بەگوێرەی ئەم لایەنەی ئاکاری زمـانەوانی ـ کە یەکـانگیر و تەبایە ـ ئەوا فرەییە زمانەوانییەکان لە ڕووی تیـۆرییەوە

تــــاڕاددەیەک بە لادان و تـــرازان لە زمـــانی ســــتاندارد هەژماردەکرێت.

ئەم بۆچوونە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توند بووەوە لە لایەن ژمارەیەک لەو زمانزانانەی لە بواری زار و بواری ئەنسرۆپۆلۆژیدا ڕاهێنرابوون، وەک (لابۆف) و (هایمز).

ئەم زمانەوانانە پێیان وابوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تیـــۆریی پێویســــت و ناســــراوەکانی وەک (گـــۆڕانی زمـــــانەوانی)، ـ هەرچەنـــــدە دوانەی دی سۆســــێریان ڕەتنەکردۆتەوە - پێویستە پرۆسەی کردەیی ئاخاوتن لە گرووپی زمانەوانی دیاریکراودا لێکبدرێتەوە و هەڵوێستی کــۆمەڵایەتی ڕووداوەکــانی ئاخـــاوتن لە وەســـفکردنی زمانەوانیدا یەکبخرێن، ئەم بۆچوونە زۆر لە زمانەوانان و کۆمەڵناســان بەهەندیان وەرگــرت و گرنگییــان پێــدا، کە چەندەها توێژینەوەی قووڵیان لەم بوارەدا نووسییەوە، کە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە.

لێـرەدا دوو بۆچـوونی بـاو هەیە لە بـواری تـوێژینەوە زمانەوانییەکانــدا: یەکەمیــان؛ (زمــانەوانیی کــۆمەڵایەتی) بــەرانبەر بە (زمـــانەوانی) گوزارشـــتی لـــێ دەکـــات، ئەم بەرانبـــەربوونەوەش زۆر بەســـوودە، چـــونکە بـــواری توێژینەوەکە دەستنیشان دەکات و وای لێهات لەگەڵ تیۆرە

زمانەوانییەکانــدا نەگونجێــت، ئەم بۆچــوونە لە بنەڕەتــدا لەسەر بنەمای توێژینەوەی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک توێژی کۆمەڵایەتی گروپەکانی ئاخاوتن لەسەر بونیادی زمانەوانی و لەسەر گەشەسەندنی مێژوویی داڕێژراوە.

دوومیش؛ بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی (دی سۆسێر) دایڕشتوون، لە سەرەتاوە گریمانە دەکرێت، کە کۆمەڵە گروپێکی گونجاو و تەبا بەتەواوەتی لە ئارادا هەبن، کە هەریەکە سیستەمێکی زمانەوانی یەکگرتوو بەکاربهێنێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە هێماییەکانی زمان، کەواتە ئامانجی زمانەوانیی تیۆری توێژینەوەیەکی وردی ڕێزمانی زمانەوانە لە بواری زمانەوانی ئازاددا.[١]

## هەڵسەنگاندنی بەشداری زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە توێژینەوەی زماندا

### أ-زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا

گرنگیدانی زانایان لەم چەرخەدا بە ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی لە بەکارهێنانە زمانەوانییەکان، تەنیا لە بواری زمانەوانی و کۆمەڵناسیدا نەبوو، بەڵکو چەند زانستێکی

1. Language and Social Context, pp.8,9.

دیکەش دەگرێتەوە، وەک: ئەنسرۆپۆلۆژیا و دەروونناسی کۆمەڵایەتی و زانستە سیاسییەکان و فەلسەفە.

بواری تـوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکـان بەتەواوەتی جیاوازی لەگەڵ تـوێژینەوە زمـانەوانییە ڕووتەکانـدا هەیە، کە پێشـووتر دیاریمـانکردن، ئەوان هـەوڵنادەن تـا گـرفتە زمانەوانییەکـان چارەسـەربکەن، بەڵکـو لە هەوڵـی چارەسـەری گـرفتە کۆمەڵایەتییەکانیشـن، ئەمەش لەم شـتانەوە دەردەکەوێت: دەزگـای چەمکەکـان، میتۆدەکـانی تـوێژینەوە و ڕێکارەکـانی، کە هەمـوو لە نەریتـی زانسـتە کۆمەڵاتییەکـانەوە سـەرچاوە دەگـرن، هەروەک چـۆن ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە بەرهەمـی دەهێنن، لە بنەڕەتدا لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیدا دەبن.

بە شـێوەیەکی سـەرەکی ئەنسرۆپۆلۆژیاناسـەکان و کۆمەڵناسـەکانیش ڕۆڵـی کـۆمەڵایەتیی زمانیـان شیکردووەتەوە و لێکیان داوەتەوە.

دەربـارەی خواسـتەکانی کـاری مەیـدانی و لەبەر هۆکـاری ئەوەی زمـان تەواوکەری ڕۆشـنبیرییە، ئەوا ئەنسرۆپۆلۆژیاناسـەکان لە کـۆنەوە گرنگییـان بە ئاکـاری زمانەوانی داوە لای ئەو گەلانەی توێژینەوەیان دەربارەیان کـردووە، زۆربەی ئەنسـرۆپۆلۆژییەکانی وەک (**بـواز و**

**کرۆبــەر و ســاپیر)** ســـەرقاڵی شــیکردنەوەی زمانـــەوانی بوون، بە تایبەتی توێژینەوەکانی **(ساپیر)** لەم بـوارەدا زۆر نایـــابن و تەنـــانەت بە مەشـــخەڵی گرنـــگ لە زمانـــەوانی ئەمەریکیدا هەژماردەکرێت.

ئەنسرۆپۆلۆژیاناســەکان - بە پــێچەوانەی زمانەوانــان - زمانیـان بەشـێوەیەکی جـودا لە ژیـانی کـۆمەڵایەتی هەژمـار نەکـردووە، بەڵکـو جەختیـان لەســەر بیرۆکـەی پشتبەسـتی ئـــاڵوگۆڕکراو کـــردەوە لەنێـــوان بونیـــادی ڕۆشـــنبیری و زمانەوانییەکـــــان، پاشـــــان شـــــیکردنەوە زمـــــانەوانییە مەیدانییەکانیشیان لە ئەنجامدا تەنیـا ئامرازێـک بـوون، واتە دەکـرێ گریمانەیـان لـێ هەڵهێنجرێـت، بە شـێوەیەک ئەو گریمانانە بمانگەیەننە ئەنجامی ئەنسرۆپۆلۆژی مەزنتر.

ئەنســـــرۆپۆلۆژییەکان لەژێـــــر ناونیشـــــانی (زمـــــان و ڕۆشـنبیری) چەنـدەها بـابەت بـاس دەکەن، هەرچەنـدە ئەم دوو زاراوەیە تـاڕاددەیەک تەمـومژاوین، وەک بابەتەکـانی: پەیوەنـــدی نێـــوان ڕوئیـــای جیهـــان و ڕەهەنـــدەکانی ڕستەسـازی و بـوارە واتاییەکـان، بە هەمـان شـێوەش ئەو زانـا ئەنسـرۆپۆلۆژییانە تـوێژینەوە دەربـارەی کـاریگەری پەروەردەی کـــــۆمەڵایەتی و پەیوەنـــــدی تاکەکـــــان و

ئـاوێتەبوونی کـۆمەڵایەتی لەنێـوان گـروپە زمـانەوانی و کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن.

ئەم جەختکردنەوەیـــە لەســـەر لایەنە ســـایکۆلۆژی و ئەنســرۆپۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکـانی زمـان، زمانـەوانانی ئەنسرۆپۆلۆژی پەلکێشکرد بۆ ئەوەی دوو دیاردەی گرنگ ڕوون بکەنەوە: ڕۆڵی ئەرکی هەمەجۆری زمان لە گروپە هەمەجۆرەکانـدا و بەکارهێنـانی سیســتەمی هەمەجـۆر لە بواری خودی گروپەکەدا.

**(هایمز)** بە زیرەکی و هۆشیاری خۆی گەیشتە ئەوەی، کە زمان لە هەموو شـوێنێکدا هاوشـێوە نییە لەگەڵ ڕۆڵی گەیانـدن و بەهـای کـۆمەڵایەتی، ئاخـاوتنیش لەوانەیە بە ڕۆڵــی ئەرکەوە بارگـاوی بێـت لە پرۆســەی گەیانـدن لە کۆمەڵگەدا، کەواتە کەسێکی ئاسایی، یان کۆمەڵێکی ئاسایی بەدی ناکەیـت، کە لە ڕووی یەدەگــی زمـانەوانییەوە یەک جـۆر، یـان یەک کۆدیـان هەبێـت، یـان تەنیـا یەک ئـاواز بـــەکاربهێنێت و گـــۆڕانی بەســـەردا نەیەت، کە لەوانەیە ئەگەری ئامـاژە بـۆ ڕێزگـرتن یـان گاڵتەجـاڕیی دوابخـات و ببێتە ئاسـتەنگ لـە بەردەمـی، لە کاتێکدا لە سیسـتەمێکەوە دەچینە سەر سیستەمێکی دی، لەبەر ئەوە پەیوەندی نێوان

زمانەکان و گروپەکان پێویستە لە ڕووی ئەتنۆگرافییەوە بپشکنرێن.

لێرەدا ئەنجامە هەڵهێنجراوەکانی زانستی ئەتنۆگرافیا، کە لقێکی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیایە، بە بەشێکی گرنگی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەژمار دەکرێت، بۆ نموونە ئەوەی بە ئەتنۆگرافیای ئاخاوتن هەژمار دەکرێت، واتە شیکردنەوەی بەرانبەریی ڕووداوەکانی ئاخاوتن و توخمەکان و ئەرکە بەدیهاتووەکانیان بەهۆی ئاخاوتنەوە لە هەڵوێستە تایبەتەکاندا.(١)

**ب . کۆمەڵناسی**

پێشتر ئاماژەمان بەوەدا، کە کۆمەڵناسان زمانیان کردبووە مەرجێکی گرنگی دامەزراندنی کۆمەڵگە و بەردەوامبوونی، هەروەها زمانیان بە خەسڵەتێکی هەمەکی دادەنا، کە چەندە کۆمەڵگە فرەجۆر بێت، کەچی ئەو فرەجۆرە نابێت، پاشانیش لە بینینی کاریگەرییەکانی زمان لەسەر ڕووداوی کۆمەڵایەتی شکستیان هێنا، ئەم پەراوێزخستنەش خەریکە کۆتایی پێ بێت، لەبەر چەند هۆکارێک، لەوانە:

1 . Language and Social Context, PP.9,10.

پێشکەوتنی توێژینەوە بەرانبەرییەکان و پەلکێشانیان بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی لە ڕووی زمانەوانییەوە دووانەیین، یان فرەزمـــانن، دەستنیشـــانکارییە کۆمەڵایەتییەکـــانی بـــۆ کۆمەڵناســـان ڕوونکـــردەوە، بەتـــایبەت ئەنجـــامە کۆمەڵایەتییەکـانی فرەجـۆری زمـانەوانی، هەر کـاتێکیش کۆمەڵناسان درککیان بەم دیاردەیە کرد، ئەوا لەو حاڵەتەدا ئاسانە بزانن تەنانەت لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکانیشدا توێژی ناوخۆیی کۆمەڵایەتی هەیە - هەرچەندە بە خۆیان خاوەن یەک زمانی بەهێزن ـ هەروەها درک بەوەش دەکەن، کە فرەیی لە ئاکاری زمانەوانیاندا هەیە و خاوەن کاریگەری کـۆمەڵایەتی گـرنگن. ڕوونتـرین نمـوونەش لەسـەر ئەمە شکستخواردنی پرۆسەی خوێندنە لەنێوان ئەو منداڵانەی لە چینی خوارەوەدان، کە هۆکاری زمانەوانی ڕۆڵێکی گرنگ لەو شکستخواردنەدا دەگێڕێت.

لە ئاستی شیکردنەوەشـدا تـوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکـان ڕوونیـان کـردۆتەوە، کە ئاکـاری زمـانەوانی کـاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەدا هەیە، ئەمەش لەسـەر ئاستی زمانەوانی ئەنجامی باشـی دەبێت لە بـواری دروسـتبوونی کـۆمەڵ و پەیوەنـدی نێـوان سیسـتەمە کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری و ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵە بچووکەکاندا.

لەسەر ئاستی میتۆدەکاندا و لە تێڕوانینێکی گشتیدا گرنگیدانی هەمیشەیی بە زمان لە میتۆدی کۆمەڵایەتی تیۆری وەک: (ڕواڵەتگەرایی - Phenomanology) و (شرۆڤەگەرایی - Hermeneutics) و (ئاویتەیی هێماگەرایی - Symbolic interactionism)، کە هەموو ئەمانە ـ هەر چەندە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە - جەخت دەکاتەوە سەر ڕۆڵێکی گرنگی هێمایی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا.

کەچی ئێستا توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانی زمان بە دوو ئاراستە پێشدەکەون:

لەلایەکەوە جەختدەکاتەوە سەر ئەوەی ــ ئەگەر توێژینەوە زمانەوانییەکە وەسفی یان مێژوویی بێت ـ ئەم پرسە کێ قسە دەکات؟، ئایا ئەو زمانە چییە قسەی پێدەکات؟ بۆ کێ قسە دەکات؟ لە چ هەڵوێستێکدا قسە دەکات؟

یەکێک لەو بابەتانەی توێژەران لەم ڕووەوە سەرقاڵن پێوەی، ئەمانەن: کەمینە زمانییەکان، دووانەییە زمانییەکان، ململانێی زمانی، پلاندانانی زمانی، زمانیی ستاندارد.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵناسیی زمانەوانی وەک بوارێکی لاوەکـــــی جەوهەری و بەگـــــوێرەی ئەو تیـــــۆرانەی دایانـــــدەڕێژێت، تایبەتمەنـــدیێتی لەم بـــــوارانەدا هەیە: شیکردنەوەی ئاخاوتن لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا وەک: ئـــاوێتەیی کـــۆمەڵایەتی ڕووبـــەڕوو، پەروەردەی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵایەتیبوونی زانین، گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

کـــاتێکیش بـــاس لە دەســـتکەوتە پێشـــبینیکراوەکانی زمـــانەوانیی کـــۆمەڵایەتی دەکەیـــن، پێویســـتە درک بەوە بکەین، کە هاوکاریکردن لەنێوان زمانەوانان و کۆمەڵناسان و ئەنسرۆپۆلۆژیاناسەکان زۆر گرنگە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی فرەییەکـانی ئاخـاوتن لە کـۆمەڵگەدا بـزانین، زۆرجـاران کۆمەڵناسـان پێویستییان بە هاریکاری زمانەوانی هەیە، بە هەمان شێوەش زمانەوانان پێوستییان بە کۆمەڵناسی هەیە لە کـاتی دەستنیشـانکردنی ئەو فـاکتەرە کۆمەڵایەتییـانەی کاریگەری لە دیاردە زمانییەکان دەکەن.

هاریکـارییەکی پـتەو لەنێـوان ئەو زانایـانەدا دەبێـتە هۆکـاری دۆزیـنەوەی سروشـتی بـابەتە تـوێژراوەکە لە ڕووی زمـــانەوانی و لە ڕووی کـــۆمەڵایەتییەوە، بەبـــێ ڕەچاوکردنی پسپۆڕێتی توێژەرەکە، لێرەدا چەندەها بواری تـــوێژینەوە هەیە، وەک: شـــیکردنەوەی وتوێژەکـــان و

شیکردنەوەی توانستی گەیاندن پێویستییان بە هەماهەنگی فـــراوان هەیە لەنێـــوان زانایـــانی ئەنســـرۆپۆلۆژی و کۆمەڵناسی، بۆ یەکخستنی هەوڵەکانیان لەپێناو گەیشتن بە تیۆرێکی تۆکمە لەم بوارەدا.[١]

## لە بابەتەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

### ١-شیکردنەوەی وتوێژەکان

ئەم بـابەتە سـەرنجی زمانەوانـان و ئەتۆگرافیـەکان و کۆمەڵناسان و فەیلەسوفانی ڕاکێشاوە. زانایانی ئەتنۆگرافی بـۆ نمـوونە پێیـان وایە دیـاردەی کـۆمەڵایەتی - پـێچەوانەی پێناســەکەی **(دۆرکهــایم)** شــتێکی (Fact) نیــیە، بەڵکــو دەســتکەوتێکی گەشەســەندووە، ئەنجــامی چــالاکییەکی ئاسایی و فاکتەرگەلێکی کۆمەڵایەتییە، لەبەر ئەوە پێویستە گرنگییەکــی تــایبەت بە پرۆســەی ئاخــاوتن بــدرێت، زۆر پێویستە خەڵکی پەیوەندی بە یەکدییەوە بکەن، لەوانەشـە ئاخـاوتن لە هەمـوو حاڵەتەکـانی کـارلێکی کـۆمەڵایەتی لە کــاتی ئاخاوتنــدا ڕوون نەبێــت، زۆرجــاران لە کــاتی قســەکردندا ڕســتەکان تەواو نــاکرێن، جـاری واش هەیە

[1]. Language and Social Context, PP.10,11,12 .

ڕستەکان لە کاتی ئاخاوتندا تەمومژاوی و بێ سەروبەرن، ڕاستە زمان کۆمەڵە چارەسەرییەک بۆ ئەم کێشانە دابین دەکەن، هەروەک سروشتی پەیوەندی نێوان بەشداربوونی ئاخاوتن تەواوکردنی توخمەکان دەگەڕێتەوە ئەستۆ و لێکگەیشتنی خوازراو دەهێنێتە دی، ئەو ڕێژەیەی لەنێوان قسەکەران لە زانیاری لەئارادیە، پێویستی بە شیکردنەوەیەکی ورد و تویژینەوەیەکی فراوان هەیە، کە ئامانجەکەی تێگەیشتنی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی قسەکردنە و گونجاندنە لەگەڵ بواری کۆمەڵایەتیدا. لێرەدا ئاماژە بۆ دوو میتۆد دەکەین:

میتۆدی ئەتنۆگرافی بۆ تویژینەوەی ڕووداوەکانی پەیوەندیکردن، ئەم میتۆدە بابەتی بەراوردی زۆر گرنگ و پێویست دابین دەکات، بۆ بونیادنانی تیۆرێکی جیهانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراو لە کاتی شیکردنەوەی گفتوگۆکاندا، تەنیا لێرەدا ئاماژە بە تیۆرەکەی (هایمز) دەکەین دەربارەی شیکردنەوەی ڕووداوەکانی پەیوەندیکردن.

میتۆدی فەلسەفی بۆ تویژینەوەی ڕووداوەکانی ئاخاوتن، ئەم میتۆدە چەمکێکی ورد و پۆلێنکارییەکی ڕێک دابیندەکات، کە خودی میتۆدەکە لە بواری پرۆسەی

شـيكردنەوەی گفتوگۆکانـدا پێویسـتی پێیـان هەیە،[1] لێـرەدا تەنیـا ئامـاژە بە تیـۆرەکەی **(ئۆسـتن)** دەکەیـن دەربـارەی ڕووداوەکانی ئاخاوتن و بەشێک لەم کتێبەشی بۆ تەرخـان دەکەین.

**ب ـ پەیوەندی نێوان بونیادە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان**

ئەم بـــابەتە لەنـــاو جەرگەی هـــزری کـــۆمەڵایەتی و ئەنســـرۆپۆلۆژیدایە. تیـــۆری کـــۆمەڵایەتی کلاســـیکی وەک هێزێکـی کـارا گرنگـی بە کـۆمەڵگە دەدات، کە نەک تەنیـا سیســـتەمی بەهاکـــان لە کـــۆمەڵگەدا پێکـــدەهێنێت، بگـــرە ئامرازی هـزری یان بۆچوونەکـانیش پێکدەهێنێت، هەنـدێک لە ئەنسرۆپۆلۆژییە ڕاهێنراوەکـانی بـواری زمـان بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاویان نا، کە ئەم گریمانەیە بە لاوازی بزانن و بگـرە ئەنجـام ڕەتیشـی بـکەنەوە، هەروەهـا گریمـانەی (ڕێژەیـی زمـانەوانی)، کە (وۆرف) پاڵپشـتی لـێ دەکـرد، جەخـت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە، کە بونیـادی زمـانەوانی بە خۆی شێوازەکانی بیرکـردنەوە و ڕەهەنـدەکانی ڕۆشـنبیری دیاریدەکەن، ئیتر بەم شێوەیە لە هەمان کاتدا کاریگەرییـان لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی دەبێت.

---

[1] . Language and Social Context, p.13.

زانــا هاوچەرخەکــانی کۆمەڵناســی بە تــایبەت (**باســیل برنشتین**) هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی دوو گریمانەی دژبەیەک بە یەکـدییەوە بلکێنێـت، پاشــان میتـۆدێکی نوێیــان بـۆ ئەم پرســە داهێنــا، گریمــانەیەک پێــی وایە پرســی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکــان ڕاســتەوخۆ کارناکــاتە ســەر سیســتە زمانەوانییەکان، بەڵکو چەند ڕێکخەرێکی دیاریکراو ئەنجام دەدەن، واتە چەنــد کــۆت و بەنــدێک لەســەر پڕۆســەی ئاخــاوتن دەســەپێنێ. گریمــانەکەی دی پێــی وایە ئاخــاوتن درککردنی ئازاد بۆ قسەکەرەکە بەهێز دەکات و تێگەیشتنی بــۆ ڕاســتەقینە کــۆمەڵایەتییەکە پێکــدەهێنێت، پاشــان لە پڕۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی منداڵ بەکارهێنانی زمانی و کۆمەڵایەتی و ئاراستە ڕوونەکان یان شاراوەکانی بەرەو زمان وەردەگرێت و فێریان دەبێت، هەروەها خواستەکانی بونیــادی کــۆمەڵایەتی کە ســەر بە ئــەون دەیــانقۆزێتەوە و وەریان دەگرێت.[١]

---

[1]. Language and Social Context, p14.

**ج ـ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی زمانی**

گەورەتـــرین ئەرکەکـــانی زمانـــەوانیی کـــۆمەڵایەتی لە ڕوانـــگەی دایکـــرۆنییەوە، تـــویژینەوەیە لە پەیوەنـــدی ئـالوگۆڕکراوی نێـوان زمـان و ڕۆشـنبیری و کـۆمەڵگە بە درێژایـــی کـــات، کەچـــی کۆمەڵناســـان و زانایـــانی ئەنسرۆپۆلۆژی و زمان پێکەوە بن، یان جودا، تا ئێستاکە ڕێکنەکەوتـوون لەسـەر نموونەیـەکی گشـتگیری بونیـادی کـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیری و زمـانی، بە هەمـان شـێوەش ڕێکنەکەوتوون لەسـەر وەرگێڕانیـان بـۆ یەکەیـەکی کردەیـی توێژینەوەی ئەزمـوونگەریی، تـا ئەمەش دەستەبەر دەبێت، وا باشـــترە - هەروەک **(لۆکمـــان)** دەڵێـــت: لە پڕۆســـەکانی پەیوەندی بە دوای هۆکارەکانی گۆڕاندا بگەڕێین، کە تێبینی دەکرێن.

زمانـــەوانی گرنگیـــدانی بنـــەڕەتی بـــە خـــودی زمانـــە، هەروەها ناکرێ لە هۆکارە دەرەکییەکان دووربکەینەوە، تـا گۆڕانی بونیادی زمان دەستەبەر بکەین.

ئاشـکرایە پەیوەنـدی نێـوان خەسڵەتە ناوخۆییەکـان (واتە بونیادییەکان)ی زمانێـک و بڵاوبوونەوە و مانەوەیـان، یـان تێکچوونیـــان بە پەیوەنـــدییەکی ســـەرپێیە، مێـــژووی هەر زمـــانێکیش بە مێـژووی کـۆمەڵێکی زمـانەوانی دیـاریکراو

دادەنرێـت، لەم بـوارەدا پێویسـتە سـەرنج بـۆ پێشـکەوتنی زمانە تایبەتەکان و زمانە بەکارهێنراوەکان، یان زارەکان ڕابکێشرێت، بەگشتی ئەم گۆڕانانە هۆکاری ئابووری یان کارگێڕیی یان سەربازییان لەپشتەوەیە.

لێرەدا چەندەها توێژینەوەی جۆراوجۆر هەن بۆ گۆڕانی زمـانەوانی، بە تـایبەت گـۆڕانی واتـایی لە هەردوو حاڵەتـدا ئـەگەر بـاس لە مێـژووی زمـانێکی دیـاریکراو بکـات، یـان مێـژووی چەنـد قۆنـاغێکی زمـانێکی دیـاریکراو بکـات. ئەو تـوێژینەوانە بـۆ نمـوونە هەنـدێکیان بـاس لە کـاریگەریی زمــانی منــداڵان دەکەن لەســەر هەنــدێک لە شــێوازەکانی گــۆڕانی زمــانی و هەندێکیشــیان گرنگــی بە کــاریگەریی گروپەکانی تەمەن یان گروپی نەوەکـان دەدەن و هەنـدێکی دیکەشـیان گرنگـی بە دەزگـا کۆمەڵایەتییەکـان دەدەن، کە پڕۆسەکانی فێربوون ئەنجامی دەدەن.

هەنـدێک لە تـوێژەران گرنگییەکـی گەورە بە نووسـین و سیسـتەمەکانی ئەلفـوبێ لە بـواری پێشـکەوتنی سیسـتەمە زمــانەوانی و کۆمەڵایەتییەکانــدا دەدەن، لە شارســتانییەتە دێرینەکانــــدا پڕۆســــەی نووســــین لە ســــەرچاوە (ئەفسوناوییەکان)ەوە پێشکەوتنی بەخۆوە بینـی، لەوانەشـە ئەم پێشــکەوتنە لە ســەرچاوەی ئــابووری و سیاســی و

ئــاييننييەوە دروســت بووبێــت، هەروەهــا نووســين لە ڕێکخســتن و بەڕێوەبردنی کـۆمەڵگەدا ڕۆڵـی بينيـوە، بگـرە بەشـداری لە پاراسـتنی زمـانی فەرمـی کـردووە و مـۆرکی ستانداردی پێ بەخشيوە، شـيمانەی ئەوەش هەيە نووسـين ئەو جياوازييـانەی دروسـت کردبێـت، کە لەنێـوان زمـانی ئەدەبی و زارەکاندا هەيە، کە هەريەکەيان پلە و پێگەيەکی کۆمەڵايەتی تايبەتيان هەيە.

مێــژوو چەنــدەها نمــوونە دەهێنێــتەوە دەربــارەی گۆڕانەکــانی بــواری ڕۆشــنبيری و زمــان و بونيــادی کۆمەڵايەتی، کە گرنگترينيان ئەمانەن:

ـ دەوڵەتـی ڕۆمـانی و فراوانخـوازيی و پەرەسـەندنەکانی بواری سياسی و سەربازی ئەوکاتە.

ــ بـارودۆخی سياســی و ڕۆشــنبيری و ئـابووری، کە ڕۆڵيان گێڕاوە لە بڵاوکردنەوەی ئيسـلام و زمـانی عەرەبـی لە مەغـريبەوە بـۆ هيندسـتان و چـين و وڵاتـی تەتــەر لە سەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی بيستەم.

ـ کۆچکردنە يـەک لەدواييەکەکان و شـەڕ لە ئەوروپا و دامەزرانـدی داگيرکـاريی دەرەکـی و بڵاوبـوونەوەی زمـانی ئينگليزی و فەڕەنسی بەتايبەتی لەو شوێنانەدا.

له توێژینەوە گرنگەکاندا پێویستە لەم بوارەدا ئاماژەیان بۆ بکرێت، توێژینەوەکانی زانایانی ئەتڵەسی زمانین، ئەم تـــوێژینەوانە لە بـــنەڕەتەوە گرنگـــی بە دابەشـــکردنی تایبەتمەندێتییە زمانییەکان دەدەن.

هەنـدێکی دیـکەش لەو تـوێژینەوانە بـاس لە کـاریگەریی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان زارەکان و زمانی زانستیی و ئـایینی دەکـەن، هەروەهـا بـاس لە زمـانی ئەدەبـی یـان پەتـی یـان ستاندارد دەکەن.

هــەروەها لەو تــوێژینەوانەی گرنگــی بە تــوێژینەوەی گرووپی ڕەچەڵـەکی و ڕۆشـنبیری و زمـانی و بگـرە گرنگـی بە گروپەکـانی وەک کرێکـارانی بیـانی دەدەن، کە لە زمـانە هاوبەشـەکەیان (Lingua Franca) دەکۆڵێتەوە.

ئەو تــوێژینەوانەی گرنگــی بە پلانــی زمــانی زمــانە نیشـتمانییەکان و ڕەنگـدانەوەکانیان دەدەن، وەک فـاکتەری ژینگە و دانیشتوان و ئابووری (بازرگانی و پیشەسـازی و شارســـتانییەت) و فـــاکتەری سیاســـی(داگیرکردن) و کارگێڕیی ناوەندی و فاکتەری ئایینی و بوونی یـان نەمـانی نووسین(ئەلفوبێ) و ئەدەب.....هتد و فـاکتەری دەزگاکـانی وەک (پەروەردە و فێرکردن).

### د. زەخیرەی زمانەوانی(Linguistic Repertoire)

ئەوانەی ئەم چەمکەیان بە فراوانی باسکردووە (جۆن جمبرز)ە، کە بە شێوەیەکی جودا چەمکی سیستەمی زمانەوانی یان کۆدیان خستۆتەڕوو.

ئەمەو ــ هەروەک پێشتر تێبینیمان کرد ــ زانایانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی چەمکی سیستەمی زمانەوانی یەکگرتوو و گونجاوی (زمان)یان بەباش و بەسوود نەزانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، پاشان وایان بەباش زانی، کە باس لە ئاخاوتنی کردەیی بکەن نەک زمان، ئەمەش پەلیانی کێشا بۆ ئەوەی چەند سیستەمێک یان فرەجۆریەکی سیستەمەکانی هەمان کۆمەڵی زمانەوانی بناسن.

چەمکی زەخیرەی زمانەوانی هەوڵدەدات دیاردەی پێشوو بە کۆی گشتی شێوازە زمانەوانییەکان ئاماژەی پێ دەکرێت دەستنیشان بکات، کە بە شێوەیەکی زنجیرەیی لەمیانەی کاراکردن و ئاویتەبوونی واتابوونی کۆمەڵایەتییەوە بەکاردەهێنرێت، لەو تویژینەوانەی ئاماژەیان پێ دەکرێت، لەمبارەیەوە وتارەکەی (جمبرز)ە دەربارەی کۆمەڵگەی زمانەوانی و وتارەکەی (فیشمان)ە دەربارەی فرەیی زمانەوانی، کە تیایدا درککردنەکانی خۆی

به شـــێوەیەکی ڕێکخـــراو هەڵـــدەبژێرێت و وتـــارەکەی (فیرجسۆن)ە، کە دەربارەی دوانەیی نووسیویەتی...هتد.[1]

**هـ ـ توانستی پەیوەندی**

ئەم چەمـــکە بە بەشـــێک لە فراوانکردنـــی چەمکـــی (چۆمسکی) دەربارەی توانستی زمانەوانی هەژماردەکرێت، کە ئاماژە بۆ زانینی قسەکەر دەکات بە زمانەکەی خۆی بەرانبەر بە کردارەکەی، واتە بەکارهێنانی کردەیی زمان لە هەلۆیستە واقعیەکاندا. توانست پرۆسەکانی ئاخاوتن باس ناکات، بەڵکو باس لە توانستی قسەکەرەکە دەکات لەسەر بەرهەمهێنانی ڕستەگەلێکی بێشومار و ڕاست و دروست لە ڕووی ڕێزمانییەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی ئەوە کراوە هەر کەسێک ئەم توانستەی بۆ دروست بێت، لەوانەیە ڕێزمانی زمانەکەی بەتەواوەتـی بزانێت، بەڵام لەوانەیە نەزانێت کەی قسە دەکات؟ و کەی بێدەنگ دەبێت؟ و مەودای ئەو ئازادییە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەشی چەندە، کە چ کاتێک لەو زەخیرە زمانەوانییە هەڵدەهێنجرێت؟ ئیتر بەم شێوەیە.

---

1 - Language and Social Context, p.15.

لە تـــوێژینەوە گرنگەکـــانی ئەم بـــوارە تـــوێژینەوەکەی (هایمز)ە دەربارەی توانستی پەیوەندی و بابەتەکانی دی، کە پەیوەستن پێوەی وەک لایەنە سایکۆلۆژی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکـــان، کە بەکارهێنـــانی زمـــان لە هەڵوێســـتە کۆمەڵایەتییەکانـــدا دیاریـــدەکەن، لەگەڵ ئەوەشـــدا دانـــانی ڕێزمـــان یـــان چەنـــد ڕێکخەرێـــک بـــۆ ئەم هەڵوێســـتانە، تـــا هەنووکە نەهـاتۆتە دی، چـونکە هەڵوێسـتە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاڵۆزن.(١)

## و- واتای کۆمەڵایەتی

ئەنجامـــدانی پرۆســـەیەکی هەڵبـــژاردن لەنێـــوان شـــێوە زمانەوانییە هاوشێوەکان یان (لەنێوان دوو زمان یان دوو جۆری یەک زمان) یان لەنێوان وشـە فەرهەنگییەکانی یەک جۆر، کە پێویستی بە زانینێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر هەیە.

بـــژاردەی کـــۆمەڵایەتی ـ لەوانەیە چەنـــد زانیـــاریەک دەربارەی بنجی کۆمەڵایەتی یان دەربارەی بنجی زمـانی خـــۆجێی بە گـــوێگرەکە ببەخشـــێت و دەربـــارەی گـــۆڕینی بـابەتی ئاخـاوتن بە هەمـان شـێوە زانیـاری بـدات، جگە لە چەنـــدەها زانیـــاری دەربـــارەی زمـــانەکە، لەگەڵ ئەوەشـــدا

---

[1] - Language and Social Context, p.15.

واتای کۆمەڵایەتی گوازراو لە ڕێگەی گۆڕینی شێواز یان لەمیانەی ئامرازی کۆمەڵایەتی زمانەوانی دیکە کە کارا یان پێشبینیکراو بن، تەنیا لە کاتێکدا بەشدارانی ڕووداوی زمانەوانی پێوەرە ڕۆشنبیرییە هاوبەشەکان و باکگراوەندەکانی زانینیان لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، لەبارەی ئەو هەڵوێستە تایبەتەی بەشداری تیادا دەکەن.

درککردن بەم ڕاستەقینەیە هەندێک لە توێژەرانی پەلکێشکرد بۆ ئەوەی لەم بابەتە بکۆڵنەوە و وایانی لێکرد جەخت بکەنەوە سەر ئەوەی واتای کۆمەڵایەتی هەمیشە لەناو کاراییکردنی کۆمەڵایەتییدا خۆی حەشارداوە.[1]

### ز- پەروەردەی کۆمەڵایەتی

هەر تاکێکی کۆمەڵگە پێویستە ژمارەیەکی زۆر لە تایبەتمەندێتیە زمانەوانییەکان فێر ببێت، لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی لەسەر دروست دەبێت، واتە پێویستە ئەو بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریانەی کۆمەڵگەکەشی بزانێت، کە تیایدا چاودەکاتەوە، بە هەمان شێوەش درک بەو کۆت و فشارانەش بکات، کە کۆمەڵگە

1- Language and Social Context, p.16.

دەیسەپێنێتە سەر سیستەمی ئاکار و ڕەفتارەکان بەگشتی بە ئاکاری زمانەوانیشەوە.

زانینی لایەنەکانی فرەجۆری زار و شێوازەکانی زمان بەشێکە لە توانستی پەیوەندی، کەوا لە قسەکەر و گوێگر دەکات فێریان ببێت، ئینجا لە هەر کۆمەڵێکی ئاخاوتندا بن.

پێوانەنی توانستی هەر تاکێک لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەوەی بەهەند تیادا وەردەگیرێت، کە توانستی ئەوەی هەبێت بە شێوازێکی گونجاو و لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکاندا قسە بکات.

# بەشی دووەم
# میتۆدی زانستیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و ڕێکارەکانی

## میتۆدی زانستی
## لەنێوان زانستە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکاندا

### یەکەم: چەمکی گشتگیری میتۆدی زانستی

هەرچەنـــدە بـــابەتی زانســـتی و کەســـایەتی تـــوێژەری زانسـتی، دوو کـۆڵەکەی گـرنگن لە پێناسـەکردنی زانسـتدا، کەچــی لەگەڵ ئەوەشــدا میتــۆدی زانســتی یــان شــێوازی باســکردنی بــابەتەکە لەلایەن تــوێژەرەوە بە بنەمــایەکی یەکـــــلاکەرەوە لە زانســــــتیبوون و نازانســــــتیبوونی توێژینەوەکەدا هەژمار دەکرێت.

هەروەها چەمکی میتۆد تەنیا شێوازەکانی توێژینەوە و ڕێکارەکـــانی نـــاگرێتەوە، بەڵکـــو فەلســـەیەکی گشـــتی و تێڕوانینێکی تیۆریش دەگرێتەوە، کە ئەو شێواز و ڕێکارانە ئاراستە دەکات.

لەبەر ئەوەی ئــێمە ئەم چەمــکە گشــتگیرەی میتــۆدی زانســـتی پەیـــڕەو دەکەیـــن، دەبینـــین زۆر بەســـوودە تایبەتمەنـــــدێتییەکانی ئەم چەمـــــکە دیـــــاریبکەین، کە دەسـتەبژێری زانایـان و تـوێژەران کۆکبـوون لەسـەری و خوێنـدنەوەی وردیـان بـۆ کـردووە، ئەویـش لە ڕوانـگەی ئاکارە زانستییەکانیانەوە.

١. هەموو دیاردەکانی گەردوون تێکەڵکێشن و بەیەکەوە بەستراون و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە. دیاردە سروشتییەکان بۆ نموونە کار لە مرۆڤ دەکەن و کاریگەریش دەبن بە چالاکییەکانی مرۆڤ، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەری دەکەنە سەر زمان و دەچنە ژێر کاریگەریی ئەویشەوە.

٢. هەموو دیاردەکان دەکرێ لێیان بکۆڵرێتەوە و بەدواداچوونی زانستییان بۆ بکرێت و شرۆڤە بکرێن و فاکتەرە کاریگەرەکانی دەستنیشانبکرێن.

٣. جووڵە و گۆڕان لە خەسڵەتە گرنگەکانی دیاردەکانی گەردوونی ماددی، یان زیندەیی یان کۆمەڵایەتییە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی زمانەوانیش دوو دیاردەی زەقن لە ژیاندا و دوو بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و زمانەوانین لە یەک کاتدا.

٤. کۆمەڵە یاسایەک هەن، کە جووڵەی دیاردەکان و گۆڕانەکانیان ڕێکدەخەن. یاساکان خەسڵەتی زانین و ناسینیان هەیە و خودی ئەو یاسایانە چەند گشتاندنێکی دەربارەی کرۆکی پەیوەندییەکانی نێوان دیارەدەکان و گۆڕانەکان و جووڵەکانیان هەیە، ئەم یاسایانە تاڕاددەیەک سەربەخۆن و پەیوەندییان بە مرۆڤەوە نییە و هەمیشە لە

کارکردنـدان، چـونکه بـوونی سروشـتی و کـۆمەڵایەتی لە بزاوت و جووڵەکردنـدان و گۆڕانیـان بەسـەردا دێت بەدەر لە هۆشـیاریی مـرۆڤ یان درککردنـی، ئیتـر ڕێـژەی بـوونی ڕاستەقینەی زانستی ڕێگاکان واڵا دەکەن بۆ گەشەسـەندنی زانست و پێشکەوتنی.

٥- زانســـت و زانینـــی مـــرۆڤ لە هەمـــوو بوارەکانیـــدا کـــاریگەری لەســـەر یەکـــدی دەکەن و یەکـــدی دەوڵەمەنـــد دەکەن. مێـژووی زمـانەوانیی نـوێ شـایەتحاڵی ئەمەیە، ئەم زانســـتە ئـــان و زەمانێـــک لەژێـــری کـــاریگەری مێـــژووی سروشـتیدا بـووە و لە قۆنـاغێکی دیکەشـدا لەژێر کـاریگەی سروشتناسـیدا بـووە و هەنـدێک جـاریش لەژێر کـاریگەری کۆمەڵناســـیدا بـــووە، خـــودی زمانـــەوانیش کـــاریگەری کردووەتە سەر کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ئەدەبی...هتد.

٦- جیـاوازی زانسـت لە زانـین و لە بوارەکـانی دی، بـۆ سروشتی میتـۆدی زانسـت دەگەڕێتەوە، واتە بـۆ سروشـتە تیـــۆرییەکەی دەگەڕێـــتەوە، هەروەهـــا بـــۆ ئەو ڕێکـــارە تـــوێژینەوەییە دەگەڕێـــتەوە، کە زانـــین و زانســـت دەکـــاتە سیســـــــتەمێک لەو چەمکـــــانەی لە ڕووی تیـــــۆرییەوە هەمـــوارکراون، هەروەهـــا دەیکـــاتە کـــۆمەڵە یاســـایەکی گوزارشتکار لە بزاوتی واقیعەکە.

٧ـ جیاکردنەوەی نێوان ئەو شتانەی تیۆرین یان میتۆدن ـ لە ڕووی مەعریفی و واقعییەوە ـ جیاکردنەوەیەکی سەرەڕۆیانە بێ هۆکارە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم دوو بوارە زۆر بەیەکەوە بەستراون و هەردووکیان یەکتریان دەوڵەمەند کردووە. مێژووی زانستیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو زانستانەی لە تاقیکردنەوەکانەوە پەیدا دەبن، هەمیشە پشتیان بە تیۆرێکی تایبەتەوە بەستووە، پاشان ئیتر میتۆدی زانستی بە چوارچێوەیەکی گشتگیر هەژمار دەکەین بۆ دروستکردنی ڕوانگەیەکی تیۆری و دارشتنی ڕێکارەکانی ئەنجامدانی تویژینەوەکان.[١]

**دووەم: میتۆدی زانستی لەنێوان زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا**

مشتومڕێکی دوور و درێژ لەنێوان زانایانی سەرجەم پسپۆڕێتییەکاندا هەیە، سەبارەت بە گشتگیری میتۆد و ڕادەی پراکتیزەبوونی لەسەر هەموو زانستەکان و ڕادەی سەرکەوتنی تیایدا. ئێمە ئەم هەڵوێستە پەیڕەو دەکەین، کە پێیوایە میتۆدی زانستی یەکە، کەچی ڕێکار و شێوازەکانی جیاوازییان هەیە لەنێوان زانستە سروشتی و زانستە

١ـ بڕوانە: عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الأجتماعي: ص ٣٤ ـ ٤١.

مرۆییەکانـدا، لەوانەشـە لەم زانسـتە مرۆییـانەدا ڕێکـاری تـایبەت هەبـن، بـۆ چارەسـەری میتۆدەکـانی لە کـاتی توێژینەوەی هەندێک لە بابەتەکانی.

توێژینەوەی واتا لە زمانەوانیدا بۆ نموونە پێویستی بە چارەکردنی تایبەت هەیە، چونکە تا هەنووکە بە شێوازی ئەزموونی ئەستەمە لێی بکۆڵرێتەوە.[1]

**سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی**

لەژێر تیشکی ئەوەی باسکرا، دەربارەی زانست و بنەما و میتـۆدەکەی و چەنـد هەنگاوێکمـان بـۆ دەستنیشـان دەکرێـت، کە زۆربەی زۆری تـوێژەران لەسـەر ژمـارە و بابەتەکانیان کۆکن، کە لەمانەدا چڕدەبنەوە:

**١. تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ**

تێبینیکـردن لە هەمـوو زانسـتەکاندا پرۆسـەیەکی سـەرەکییە، لەوانەشـە تـوێژەران لە چەمکەکـانی پەیوەست پێیـانەوە و لـە بەباشـزانینی چەمکێـک بەسـەر ئەویدیـدا جیـاواز بـن. هەنـدێک زانـا بە کـۆکردنەوەی ڕاپرسـییەکان ئامـاژەی پێـدەکات، هەندێکیشـیان بە تۆمـارکردنی تێبینـی

١. بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الى علم اللغة، ص ٣١٤ ـ ٣١٥.

ئامــاژەی پێدەکەن...هتــد، ئەمەش بێگومــان جیــاوازییەکی پێشـبینیکراوە، ئەویـش لەبەر دیـاردە زانراوەکـان و فرەیـی بۆچــوونی تــوێژەران و هەڵســەنگاندنیان بــۆ ڕێکارەکــان، بەتایبەتی لە کاتێکدا تێبینیکردنی هەستەوەری کەمتەرخەم دەبێـــــت و لەجیـــــاتی ئەو هەســـــتەوەریانە ئـــــامێر بەکاردەهێنرێت.

تێبینیکـردن لە واقیعـدا چـڕدەبێتەوە و دیاردەکانیشـی تێکەڵکێشــن و پەیوەســتن بە یەکــدییەوە، لەبەر ئەوە زۆر گـرنگە لەلای تـوێژەر تیۆرێـک هەبێت یارمەتیـدەر بێت بـۆ ئەوەی تێبینیەکانی ئاراستە بکـات، دەربـارەی ئەو زاراوە و چەمــک و چەســپاو و گشــتێندراوانەی تیــۆرەکە بــۆی پێشکەش دەکات.

**(دکتـۆر تمـام حەسـان)** بـاس لە دیـاردەی زمـانەوانی دەکات، کە بۆی هەیە بکەوێتە ژێـر ڕکێفی تێبینیکـردنەوە و دەڵێــت: ڕێگــەی تێبینیکــردن خوێنــدنەوەیەکی وردە، ئەم خوێندنەوە وردەش پێویستی بە ژمـارەیەکی بەرچـاوی ئەو وشـانە هەیە، کە باسـیان لێدەکات (کە لەوانەیە دەنـگ یـان پیـت یـان بـڕگە یـان داڕشـتن یـان واژە یـان گوازارشـت بن...هتــد)، هەر کــۆمەڵەیەک لەم کــۆمەڵانە پێویســتی بە خوێنــدنەوەی وردەکارییەکــانی هەیە لەگەڵ ڕەچــاوکردنی

هەریەکەیان لەژێر بارودۆخی جیاوازدا. ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئاکاری دەنگێکی دیاریکراو بکەین، ئەوا دەتوانین لە حاڵەتەکانی درکاندنی شتێک هەڵبژێرین، کە دراوسێی هەر دەنگێک بێت لە دەنگەکانی زمان چ پێشوو و چ پاش ئەو دەنگە، پاشانیش لە سەرەتای وشەکەشدا دایبنێین یان بیخەینە نێوان هەردوو دەنگی (بزوێن) یان (گوشێنراو) یان (بێدەنگ) لە ناوەڕاستیدا...هتد، پاشان تێبینی هەر حاڵەتێکمان کرد لەم حاڵەتانە، کە دووچاری چ تایبەتمەندییەکی دەنگیانە دەبێت.[1]

**٢ـ وەسفکردن و پۆلێنکردن**

تێبینیکردن جەختدەکاتەوە سەر ئەو شتانەی لە واقیعەکەدا بوونی هەیە، کەچی وەسفکردن جەختدەکاتەوە سەر ئەو شێوازەی دەچێتە سەری. لە میانەی وەسفکردنی دیاردەکە توێژەرەکە تایبەتمەندێتییە جەوهەرییەکانی ڕووندەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر کرۆکی پەیوەندییەکانی، ئەمەش بۆ پرۆسەی پۆلێنکردن

---

١ـ د.تمام حسان، اللغة بين المعيارية و الوصفية، ص ١٥٨.

پەلدەکێشـــێت، بـــۆ ئەنجامـــدانی پرۆســـەی پـــۆلێنکردن و ڕێکخستنی، پێویستە توێژەر ئەم پرسیارانە بکات:

١ـ چ شـتێک یەکلەدوایـیەک و زنجیـرەییە و چ شـتێکیش کتـــوپڕانەیە لە دیاردەکانـــدا، یـــان لەو پرۆســـانەی لێیـــان دەکۆڵرێتەوە؟

٢ـ تایبەتمەندێتییەکانی دیاردە لێکۆڵراوەکە چین و کرۆک و ناوەرۆک و پێکهاتەکانیان چین؟

٣ـ دیـــاردە تێبینیکراوەکـــان چ شـــتێک تیایانـــدا گشـــتی و هاوبەشە، چ شتێکیش تیایاندا تایبەت و هەمەجۆرە؟

٤ـ ئەو شتانەی دیاردەکان لێکدی جودا دەکەنەوە.[١]

لە پرۆســـەکانی پۆلێنکردنـــدا (**دکتـــۆر تمـــام حەســـان**) دەڵێـت.... پاشـان پرۆسـەی دابەشـکردن و نـاوزەدکردنی بەشـــەکان پـــاش تێبینیکـــردن دێـــتە پێشـــەوە، پرۆســـەی دابەشـکردن لەسـەر بنەمـای دۆزیـنەوەی خـاڵی هاوبەشـی نێوان وشەکان دەوەستێت، ئـەگەر وشـەکان بسـازێت، ئەوا یەکانگیر دەبن و ئەگەر لەیەکتر نەچـن، ئەوا جیـاواز دەبـن. ڕووەکـانی ڕێککەوتـن لەنێـوان وشـە گونجاوەکـان فـرەن،

---

١ـ د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الأجتماعي، ص ٤٦.

وەک هاوبەشی لە شێوە یان لە ئەرک یان لە هەردووکیان پێکەوە.[1]

ئەگەر خەڵک لە ژیانی گشتیاندا وشەکان بەکاربهێنن بۆ ئاماژەکردن بە شتەکان و ڕووداوەکان و وەسفەکان...هتد. ئەوا زاناکان لە هەر بوار و پسپۆڕێتییەکدا بن، زاراوەی تایبەت بەکاردەهێنن، کە جیاکارییەکەیان ئەوەیە ئاماژە بۆ بەش یان جۆر دەکەن. بۆ نموونە زمانەوان لە وشەی زمان ناکۆڵێتەوە، چونکە زۆر و بۆرن و ژمارەیان زۆرە، زمانەوانان لەم وشانە ناکۆڵێتەوە بۆ نموونە: محەمەد، درەخت، پیاو، ...هتد، بەڵکو تەنیا لە بەشێکی دەکۆڵێتەوە، کەوا گریمانە دەکرێت ئەم وشانە و غەیری ئەم وشانە (ناو) بن و لەم وشانەش ناکۆڵێتەوە وەک: ئەنجامیدا، دانیشت، خوێندی، ...هتد، بەڵکو لە بەشێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە، کەوا گریمانە دەکرێت، ئەم وشانە و لە وشەی دی بکۆڵێتەوە، کە (کار)ە، ئەمەو چەندەها بەش و لقی دی سەر بە بەشێک بن.[2]

---

١ـ د.تمام حسان، اللغة بين المعيارية و الوصفية، ص ١٥٩.
٢ـ بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الی علم اللغة، ص ٢٦ ـ ٢٨.

### ٣. شیکردنەوە

مەبەست لە شیکردنەوە هەڵوەشاندنەوەی هەر پێکهاتەیەکە بۆ بەشەکانی خۆی، کە لێیانەوە دروستبووە، ئەگەر شیکردنەوە واتای دابەشکردنی دیاردە لێکۆڵراوەکە بێت، ئەوا پشت بە پۆلێنکردن دەبەستێت، چونکە ڕوونکردنەوەی بەشەکانی دیاردەکە یارمەتیدەدات لەسەر دەستنیشانکردنی گشتی و تایبەتی و تاکی و هەمەکی و بەشەکی و جەوهەری و لاوەکی، شێوەیی و ناوەرۆک...هتد.[1]

لێرەدا میتۆدی گشتی هەیە لە بواری پڕۆسەکانی شیکردنەوە، لە دەستنیشانکردنی یەکەکانی شیکردنەوە و پێوەرەکانی ناوهێنانی بەرجەستە دەبێت، کە پێوەری ئەوتۆن شیکردنەوە و داڕشتنیان پشت بە پسپۆڕێتی زانستی دەبەستێت لەلایەن توێژەرەکەوە، هەروەها پشت بە تیۆری زانستی دەبەستێت و لە توێژینەوەکەیدا پەیڕەوی لێدەکات.

بۆ نموونە لەوانەیە زمانەوان لە شیکردنەوەکاندا لە ڕستەوە دەستپێبکات بەو حیسابەی یەکەیەکی گەورەیە لە ئاخاوتندا، بۆیە دەستدەکات بە شیکردنەوەیان بۆ یەکەی

---

١ـ د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الأجتماعي، ص ٤٧.

بچــووکتر، واتە بــۆ مۆرفیمەکــان شــیاندەکاتەوە، ئینجــا مۆرفیمەکـــان بـــۆ یەکەی بچـــووکتر شـــیدەکاتەوە، کە فۆنیمەکانن، لەوانەشـە فۆنیم لەژێر چەتری شـیکردنەوەدا بێـت، کە سـیفاتەکان ڕوونـدەکاتەوە و دیارییـان دەکەن و جیایان دەکەنەوە.[1]

**٤- لێکدانەوە(گریمانە)**

بابــەتی لێکدانــەوە بــاس لە بــابەتی پەیوەنــدی نێــوان دیاردەکـــان دەکرێـــت، کە جـــاری وا هەیە (گریمـــانە) گوزارشــتی لــێ دەکرێـت، گریمـانەکردنیش مەسـەلەیەکە پێشـبینی ئەو پەیوەنـدییە دەکـات، کە لە نێـوان دوو گـۆڕاو یان زیاتردا هەیە، وەک ئەوەی دەوترێت ئەگەر (أ) ڕوویدا، ئەوا (ب)یش ڕوودەدات.

گریمـــانە بەراییەکـــانی زمـــان ئەمـــانەن: هێمـــا شــیکردنەوەکانی زمـانی عەرەبـی گەورەتـر دەکـرێن، بـۆ نمـوونە پیتـی (الـف) لە هەردوو وشـەی (سـار) و (صـار) تێبینــی بــکە، کــاری ڕانەبردوو(نصــب) دەکرێــت، ئــەگەر لەپێشـــدا ئـــامرازی (نصـــب) بەکارهێنرابێت...هتـــد. لە

١- بڕوانە: کتێبەکەم/ محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الی علم اللغة، ص ١٩٩ ـ ٢٤٠.

گریمانەکانی دی ئاڵۆزترن ئەمانەن: گۆڕانە دەنگییە یەکلەدواییەکەکان، زمانی عەرەبی پەتی شێوازی قورەیش، گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە کاریگەری بکاتە سەر زمان...هتد.

پێویستە توێژەر لە ڕاست و دروستی گریمانەکان بکۆڵێتەوە، کە پێشنیازیان دەکات بۆ شرۆڤەکردنی دیاردە لێکۆڵراوەکان، چونکە گریمانە لە ڕووی بنەماوە پەیوەندییەکە دەکری بسەلمێنرێت، یان هەڵە و کەموکوڕییەکانی بدۆزرێنەوە، ئەویش بە دانانی دیاردە لێکۆڵراوەکان لە بارودۆخێکی تایبەت لەگەڵ فرەیی و هەمەجۆری بارودۆخەکە ئەگەر لە توانادا بێت. پێوستە بارودۆخەکەی ئەزموونەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت، ڕوون بێت، بەشێوەیەک ئەوانی دی ئەزموونەکە/ تاقیکردنەوەکە بتوانن دووبارە بکەنەوە و ڕاست و دروستی ئەنجامەکان بسەلمێنن.

پێوستە ڕوون و ئاشکرا بێت ئەو گریمانەیەی توێژەرەکە پێشنیازی دەکات، بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دیاردەیەی لە توێژینەوەکەدا لێی دەکۆڵێتەوە، پێویستە لە کاتێکدا ڕاست و دروست نەبێت دەستبەرداری بێت و گریمانەیەکی دی هەڵبژێردرێت، تا توێژەر دەکاتە گریمانە ڕاست و دروست، ئەمەش وا دەخوازێت بگەڕێینەوە سەر

بابەتی ئەو توێژینەوەیەی پێشوەخت کۆکراوەتەوە یان لە کاتی پێویستدا بە دوای بابەتێکی دیکەدا بگەڕێین.

**٥. گشتاندن**

گشتاندن بریتییە لە داتاشینی بنەمایەکی گشتی لە دیاردەیەکی سنووردارەوە، یان لە پرۆسەیەکی دیاریکراوەوە، واتە گەڕان بەدوای گشتی و تایبەت.

بەرهەم و ئەنجامی ئەم پڕۆسەیە، یان ئەم یاسایە ئەوەیە، کە دەکرێ پێشبینی بکرێت، بۆ نموونە لە بواری توێژینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییدا دەکرێ ئەم گریمانەیە بکرێتە یاسا یان ڕێسایەک و بڵێین: زاری (قاهیرە) وازیان لە فۆنیمی (ث و ذ) هێناوە و هەردوو پیتی (ت، د) شوێنانی گرتەوە.

وا پێشبینی دەکردێت ئاخاوتنەکان بە گوێرەی ئەم یاسایە دابڕێژرێت، هەر کاتێک پیتی (ث) لە پەتیدا بینی، وەک: (ثوم، ثوب، ثلاثة....هتد) پێشبینی دەکەین لە شوێنیان (ت) دابنرێت و بوترێت (توم، توب، تلاتة...هتد)، هەروەها هەر کاتێک (ذ) بوونی هەبێت، پێشبینی دەکەین لەجیاتی پیتی (د) بەکاربهێنرێت و لەجیاتی وشەکان (ذئب

و ذراع و ذیــــل) وشـــەکان بگـــۆڕدرێن و بەم شـــێوەیە بەکاربهێنرێت: (دیب، دراع، دیل).

مەبەســت ئەمــە نییــە، کــە دارِشــتنی یاســای زانســتە زمانەوانییەکـان بەتـایبەتی هەمەکـی بـن و هەمـوو تاکەکـان بگـرنەوە، بەڵکـو ئامـانج لێیـان گەیشـتنە بە یاسـای گشـتی زۆربەی تاکەکـــان بگـــرێتەوە، و پێویســـتە بە جۆرێـــک نەیرِوانـرێتە یاسـاکە لە هەمـوو زانسـتە زمانەوانییەکانـدا وەک ڕوانینمان بۆ یاساکان لە زانستە سروشتییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە لەسـەر تـویژەری زمـانەوانی لێکدانەوەیـەک بـدۆزێتەوە دەربـارەی هەر شـتێک، کە لە یاساکان بترازێت، بۆ نموونە چ دەڵێین ئەگەر بۆمـان ڕوون ببێـتەوە لەو مـاددە کۆکراوەیـە، کە (س) جـاری وا هەیە شـوێنی (ث) دەگـرێتەوە و (ز)یـش شـوێنی (ذ) دەگـرێتەوە لە زاری (قاهیرە)؟، ئەمەش وا پێدەچێت دژیەک بێت لەگەڵ یاساکەی پێشوو.

ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەنـــدێک وشـــە (س) تیایانـــدا شوێنی (ث) دەگـرێتەوە، وەک(سـورة، حدیس)...هتـد. یـان (ز) شوێنی (ذ) دەگرێتەوە، وەک (زکی و زکـر)، کە زیـاتر لەلایەن ئەو کەســــانەوە بەکــــاردەهێنرێن، کە لە ڕووی فێربوونەوە لە توێژێکی کۆمەڵایەتی باڵاترن، کە دەیـانکەنە

(ت) یـان (د)، هەندێکیشـیان پیتـی (س) یـان (ز) لەلایـان زاڵترە، کاتێک هەڵوێستەکە پەیوەست دەبێت بە (زانسـت) یـان (ئـایین) یـان (ئەدەب) و لەم حـاڵەتەدا بـۆ نمـوونە دەوترێت: الأدب الحدیس والزکر الحکیم...هتد.[1]

**پێویستە لە کاتی دارشتنی یاساکان، رەچاوی ئەم شتانە بکرێت:**

١ـ یاسـا وەسـفکردنی ئاکـاری زانسـتییە لە پێکهاتـەی زمانـدا و پێویسـتە یەک لەدوای یەکـدا بێـت، تـا بە (یاسـا) گوزارشتی لێ بکرێت.

٢ـ یاسا لەبەر هۆکارەکەی پێشـوو بەشـێکە لە میتـۆدەکە نەک لە زمانەکە.

٣ـ پێویستە یاساکە سیفەتی گشتاندنی هەبێت، مەرجیش نییە خەسڵەتی گشتگیری لەخۆ گرتبێت.

٤ـ پێویستە یاساکە تا دەکرێ کورت بێت.

٥ـ زۆر گرنگە بەڵگە و نموونەکان بە گوێرەی پرۆسـەی خوێندنەوەکە بەرێوەچووبێت باسبکرێن، تـا ببنە پاڵپشـتێک بۆ یاساکان و وەک روونکردنەوەیەک وابن بۆیان.[2]

---

١ـ محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الی علم اللغة، ص ٤٥ و ٤٦.

٢ـ د.تمام حسان، اللغة بین المعیاریة و الوصفیة، ص١٦٣ و ١٦٤.

**چوارەم: لە شێوازەکانی توێژینەوەی زانستی و ڕێکارەکانی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا**

**أ. لە قۆناغی کۆکردنەوەی مادده یان ڕاپرسییەکان**

کۆمەڵناس و ئەنسرۆپۆلۆجیست و زمانەوانەکان بابەتی توێژینەوەکانیـــان لە ســـەرچاوە پێشـــبینیکراوەکانەوە بەگوێرەی پڕۆژەی توێژینەوەکە وەردەگرن.

میتۆدەکان باس لە دوو جۆری سەرچاوە دەکەن:

**١. سەرچاوەی نامەیدانی**

لە چەنـد ڕاپرسـییەکی ئامـادەکراو، یـان پێشـوەخت لە ڕووی ئامــادەکردنیەوە پێکـدێت، بـۆ ئەو تـوێژینەوەیەی ئـــەنجامی دەدەن، لەو ســـەرچاوانەش: توێژینەوەکـــانی پێشوو، ڕاپرسییەکانی ئاماری فەرمی، بەڵگەنامە و تۆمارە مێژووییەکـــان و ڕاپرســـییە نووســـراوەکان، یـــان ئەو ڕاپرسییانەی بە دەنگ تۆمارکراون بە ئامێری پەیوەندی، هەرورها ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، ...هتد و بەڵگەنامە کەسییەکان.

**٢. سەرچاوەی مەیدانی**

جـــۆری ئەم ســــەرچاوەیەش بــــابەتی تـــویژینەوەکە و پسـپۆڕیتی تـویژەرەکە و ئامـانجی تـویژینەوەکە و میتـۆدی بەکارهینراوی تویژینەوەکە دیاری دەکات.[١]

یەکیک لە ڕیکـارە باوەکـانی تـویژینەوە کۆمەڵایەتییەکـان بەگشتی: چ گیڕەوە یـان هەواڵنیر و وەرگرتنـی زانیـاری و دیمانە.

لەبەر گرتنـی ڕیکـاری یەکەم و لەبەر نـاکۆکی زانایـان لە دەستنیشــانکردنیدا، وامــان بەباشــزانی یەکەمجــار لەلای زمانەوانـــــان و دووەم جــــاریش لەلای کۆمەڵناســــان و ئەنسرۆپۆلۆجیســــتەکان پیناســـــەی بکەیـــن، ئەوەش بە هەنـدوەردەگرین، کە ئەم ڕیکـارە لە هەر سـێ زانسـتەکاندا هاوبەشە.

**١. گیڕەوە یان هەواڵنیر** (Informant)

**گیــڕەوە لای زمانەوانـان:** لە زمـانیکی نەریتـی پیکـدیت، لەســەر ئەم بنەمـایەش سـازانیکی ژیراوژیـر لەئـارادایە (لە ئاکـاری زمـانەوانی) لە نیـوان تاکەکـانی کـۆمەڵگە لەســەر بەکارهینــانی هەمــوو شــیوازەکانی ئاخــاوتن دیــاریکراوە،

---

١ـ د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الأجتماعي، ص ١٨٣.

بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە لە یەکدییەوە زۆر نزیکن، تا هەموو تاکەکـــانی کـــۆمەڵگە بتـــوانن لە یەکـــدی بـــگەن و بەرژەوەنـــــدییەکانیان بەڕێـــــوەبەرن، ئەمەش وای لە زمانەوانـان کـردووە، کە یەک زمـانی تاکێـک لە تاکەکـانی کـۆمەڵە زمـانەوانییەکە بەکـاربهێنن، کە بکـرێ نـوێنەرایەتی نەریتەکـــانی ئاخـــاوتن بکـــات، کە لای ئـــاخێوەرانی دی کۆمەڵەکە بوونی هەیە.

کاتێک باس لە نەریتی زمان دەکەین، واتای وا نییە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵی زمانەوانی جیاوازی ورد بوونی نییە، نەخێر، بەڵکو جیاوازی زۆر لە نێوان زمانی تاکەکانی کـۆمەڵی زمانەوانیـدا هەیە، بگـرە زمانەوانـان پێیـان وایە تەنـانەت دوو کەسـیش بەدی ناکرێـت لە نـاو یەک گروپـی کـــۆمەڵی زمانەوانیـــدا کە بە یەک دوانـــدنی هاوشـــێوە لە هەموو بارودۆخەکاندا قسە بکەن.

کەواتە لێرەدا زمانەوان یەک کەس یان ژمارەیەک کەس دیاریدەکەن، بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری زمانەوانی کۆمەڵەکە، کە ئەو کەسە یان ئەو کەسانەی سـەر بە ئـەون، ئەمـانەش بە گێڕەوە (informants) ناوزەد دەکرێن.

دەربـــارەی ئەم گێـــڕەوانە (کریســـتاڵ) دەڵێـــت: کـــاتێ گێڕەوەکان هەڵیان دەبژێرێن، لەیەک ناچن و وەک دەنکی

سـێو نـین تـا لەیەک بچـنەوە و وەکـیەک وابـن، هـیچ گونجـانێکی تەواو لە ڕووی زمـانەوانییەوە لەنێـوان دوو کەسدا نییە. ڕێژەی فرەیی نەریتەکانی قسـە بۆ یەک کەس جیـاواز دەکـات دەربـارەی هەر کەسـێکی دی لـە هـەمان کۆمەڵدا ڕێژەیەکی گەورەیە و ناکرێ بەشێوەیەکی ڕێژەیی توێژینەوەی دەربارەی بکرێت.

هـیچ ڕێگـەیەک نیـیە بـۆ تـوێژینەوە لە زمـان، ئەگەر وا دابنێـین هەمـوو تاکەکـانی کـۆمەڵی ئاخـاوتن کە تـوێژینەوە دەربـارەی قسـەکەیان دەکەیـن و تـاکە ڕێگـا بـۆ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە گێڕەوەیەک یان زیاتر دەستنیشـان بکەین و بە نوێنەری قسەکەی دابنێین.

### چۆن گێڕەوە دەستنیشان دەکەین؟

تـا سـەردەمانێکی نزیـک ئەو بـاوەڕە هەبـوو، کە زۆر پێویسـتە گێـڕەوە نەخوێنـدەوار بێـت، تـا فـاکتەرە ڕۆشنبیرییەکان کاریگەری لەسـەر گۆکردن و نوێنەرایەتی شێوەزارەکەی نەکەن، ئەگینا لەو نـاوچەیە دەردەچێت، کە شـێوەزارەکەی تیایـدا بەکاردەهێنرێـت، چـونکە زۆر

گەشـــتکردن و تێکەڵبــوون لەگەڵ شــێوەزاری دیــکەدا، وا دەکات زمانەکەی دووچاری گۆڕان ببێت.[1]

پاشان دەرکەوت ئەم مەرجانە پێویست نین و ئامانجی زمــانەوان ئەوەیە، کە لە زمــان بکــۆڵێتەوە بەو شــێوازەی تاکەکــانی کــۆمەڵ لە ژیــنگە و بــارودۆخە سروشــتییەکەی خۆیانــدا گــۆی دەکەن و دەیــدرکێنن، هەروەهــا لە فــاکتەرە کاریگەرەکـــانی فرەجـــۆری ئاکـــارە زمانەوانییەکانیـــان دەکـــۆڵێتەوە، هەولێشـــدەدات بە گـــوێرەی توانـــا ئەم جیاکارییـــانە بـــۆ کـــاریگەرە ڕاســـت و دروســـتەکان بگەڕێنێـتەوە، ئیتـر لەم دسـتپێکەوە زۆر پێویسـت دەبێـت گێـڕەوە ببێـتە نـوێنەری کـۆمەڵە زمـانەوانییەکە بە هەمـوو تایبەتمەندییە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکەیەوە.

پێویسـتە لەسـەر تـوێژەر کـاتێ گێڕەوەکـان دەستنیشـان دەکات، ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

- پێویسـتە گێڕەوەکـان هەمـوو سـەر بە زمـان یـان ئەو شێوەزارە بن، کە بابەتی توێژینەوەکەیە.

- ئـەگەر تـوێژەرەکە، گێڕەوەکـان لە بـواری ژینگەیەکـی گونجـاو یـان لە چەنـد ژینگەیەکـی ڕۆشـنبیری فرەجـۆری

---

١ـ د.تمام حسان، اللغة بين المعيارية والوصفية، ص١٥٧.

هەڵبژێرێت، هیچ جیاوازی نییە بە گوێرەی ئامانجی ئەو توێژینەوەیەی ئەنجامی دەدات.

- پێویستە گێڕەوەکان وێنایەکی پێشوەختیان نەبێت بەپێی توانا دەربارەی زمانەوانی بە گشتی یان شێوەزارێکی تایبەت، بە هەمان شێوەش دەوەستێتە سەر بەهەند وەرگرتنە زانستییەکان، کە بۆ کات و بۆ خەڵک گونجاون.[1]

- پێویستە توێژەر لە داواکارییەکانی خۆیدا ڕوون بێت و ئەو زمانەی بەکاریدەهێنێت ڕوون و ئاشکرا بێت و گێڕەوەکە لێی تێبگات. نموونەکانی دیکە لەم بوارەدا ئەوەیە کە هەندێک لە ڕێزمانزانە دێرینەکان لە گێڕەوەیەکی پرسی و پێی وت: ئایا کۆی وشەی (دکانا) چییە و یەکێکی دیکە لە گێڕەوەیەکی پرسی: ئایا چۆن وشەی (شیرة) بچووک دەکەیتەوە؟ ئەمەو چەندەها پرسیاری دی گریمانە دەکەین گێڕەوەکە زمانەوانە یان شارەزایی لە زاراوە زمانەوانییەکاندا هەیە.[2]

- لەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی پێمانگەیشتووە ئەوەیە، کە ڕێزمانزانێک لە دەشتەکییەکی پرسی: ئایا وشەی

---

1.Crystal, Linguistics, p137.

٢. ابن جني، الخصائص، ج ١، ص ٢٤٢.

(اسرائیل) بە (همزة) دەخوێندرێتەوە؟ ئەویش وتی: ئەگەر وا بێت، ئیتر من پیاوێکی خراپم، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم دەشتەکییە تەنیا وشەی (الهمز) بە فشار و گوشین لەقەڵەم دەدات، هەروەها ڕێزمانزانێکی دی لە دەشتەکییەکی پرسی و وتی: ئایا (فلسطین) جەڕ دەکرێت؟ ئەمیش لە وەڵامدا وتی: کەواتە من زۆر بەهێزم، چونکە ئەم دەشتەکییە لە وشەی (جەڕ) جگە لە ڕاکێشان هیچی دیکەی نەبیستووە.[1]

ـ لەسەر توێژەر پێویستە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گێڕەوەکە بپرسێت دەربارەی بەکارهێنانی زمانەوانی دیاریکراو، چونکە ئەم حاڵەتە سەرنجی بۆ ئەو دیاردەیە ڕادەکێشێت، کە بابەتی توێژینەوەکەیە، لەوانەشە ئەمە سەربکێشێت بۆ ئەوەی ئەنجامەکان لایەنگیر بن، بۆیە وا باشترە پێی نەڵێین، بۆ نموونە ئایا دەڵێیت: (ضربت أخاك ـ ئایا لە براکەت دا) یان (ضربت أخوك ـ ئایا لە براکەت دا)؟، بەڵام وا باشترە توێژەر بە شێوەیەک لە شێوەکان درک بەم کێشەیە بکات، بۆ نموونە گوازرشتەکە لە بوارێکی زمانەوانی درێژدا دابنێت و داوای لێ بکەین هەڵوێستی خۆی لە گۆکراوەکە بە گشتی دیاریبکات.

---

١ـ السیوطي، المزهر، ج ١، ص ١٤٦.

- لەسەر توێژەر پێویستە بەوردی هەستی گێڕەوەکان تاقیبکاتەوە و بزانێت لە لای کۆمەڵە زمانەوانییەکەی چ شتێک پەسەندکراو و چ شتێک ناپەسەندە، ئەویش بەوەی ڕستەی ڕوونی پێ ببەخشێت، تا هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر دیاریبکەن و زۆر بەسوودیشە ئەو ڕستەیەی مەبەستمانە زیاتر لە جارێک بخزێنینە ناو دانیشتنەکانی گفتوگۆکردنەوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بین لە هەڵوێست و پێگەکەی.

- پێویستە توێژەر بابەتەکەی بەشێوەیەکی بێلایەن پێشکەش بکات، کە هیچ وەڵامێکی دیاریکراو نەبەخشێت و بەپێی توانا وا باشترە توێژەر ئەوەی مەبەستە لە بواری هەمەجۆردا دابنێت، چونکە لەوانەیە هەڵوێستی گێڕەوە لە درکاندنی وشەیەک پەیوەندی بە بوارەکەوە نەبێت لەوەی لە بوارێکی دیاریکراودا بدرکێندرێت.[1]

---

1 .Crystal, Linguistics, 86.

## هەواڵنێر لای کۆمەڵناس و ئەنسرۆپۆلۆژییەکان

زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیا بەفراوانی پشت بە هەواڵنێرەکان یان informants دەبەستن لە کۆکردنەوەی ڕاپرسییەکان دەربارەی ئەو ڕۆشنبیرییانەی لێیان دەکۆڵنەوە لەوانەشە.

لەوانەشە کۆمەڵناسان پشتیان پێ ببەستن، کاتێک تۆمارنامە و ڕاپرسی فەرمییان دەربارەی دەستنەکەوێت و لە هەڵوێستی دیکە ئاماژەمان پێدان، هەروەها هەواڵنێر لە زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیادا بەوە پێناسە دەکرێت، کە ئەو کەسەیە تویژەری مەیدانی یارمەتی دەدات وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە و زانیاری ورد پێشکەش بکات دەربارەی ئەو کۆمەڵگەیەی تویژینەوەی دەربارەی دەکات و هەموو دیارەدەکانی ژیان و سیستەمەکانی کۆمەڵگەکە دەگرێتەوە.

تویژەر دەربارەیان گفتوگۆ دەکات، بۆ ئەوەی ئەو شتانە ڕوون بکاتەوە، کە تێگەیشتن لێیان سەخت و دژوارە لە ڕاستەقینە تەمومژاوییەکان پەیوەست پێوەی، تویژەری مەیدانی زیاتر لە یەک هەواڵنێر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی سوود لە شارەزایی و لە پسپۆڕێتییەکان وەربگرێت و بۆچوونی جۆراوجۆر دەربارەی خودی ڕاستەقینەکان دەستبکەوێت، مەرجە هەواڵنێر شارەزاییەکی فراوانی

هەبێــت و لە بــابەتی دیــاریکراو پســپۆڕ بێــت، وەک: جـادوگەریی و گیادەرمـانی و پیشەسـازییە دەسـتییەکان، ...هتد.

کـەچی کۆمەڵناسـان مەبەسـتیانە لە informants دوو جـۆر لە خەڵکـی هەواڵنێـر، کـە ڕووننامـەکان پێشـکەش دەکـەنن و بەشـداری دەکەنلـە توێژینـەوە و ئەوانـەی توێژینەوە دەربارەیان دەکرێت، کە مەبەست لێیان تاکەکان یـان کۆمەڵەکـان یـان ڕێکخراوەکـانن، کە توێژینەوەیـان لەسەر دەکرێت.

توێژەرەکـان ڕاپرسـییەکانیان بە ڕێگـا پەیڕەوکراوەکـان کــۆدەکەنەوە: وەک وەرگرتنــی زانیــاری و دیــدار و گفتوگــۆکردن... هتـد، ئەوانەشـی توێژینەوەیـان لەسـەر دەکرێــت، لە تــوێژینەوە مەیدانیەکانــدا بە ســەرچاوەی ســەرەکی دادەنــرێن، ئیتــر لە دەستنیشــانکردنیاندا چەنـد خــاڵێکی گرنــگ بەهەنــد وەردەگیــرێن، کە پەیوەســتن بە هۆشــیاری کۆمەڵایەتییــانەوە، هەروەهــا پەیوەســتن بەو زانیاریــانەی پێشکەشــیان دەکەن، هەنــدێک لە تــوێژەران پێیــــان وایە لە ئەنجــــامی تــــوێژینەوەکە پێویســــتە

بەرژەوەندییان هەبێت و توێژەرەکە پەیوەندی دۆستایەتیان لەگەڵدا ببەستێت...هتد.[١]

**٢. وەرگرتنی زانیاری یان هەواڵگری** (questionnaire)

ڕووپەڕێک ژمارەیەک پرسیار لەخۆدەگرێت، دەکرێ ئەو پرسیارانە وەڵامەکانیان خشتەژێر بکرێن، ئەویش پاش ئەوەی دەکرێنەوە نمرە و دابەش دەکرێنە سەر هەواڵگرەکان، تا تاکەکان بە نهێنی وەڵامیان بدەنەوە، واتە لەنێوان خۆیان، پاشان بۆ توێژەرەکە دەیگێڕنەوە. لەبەر ئەوە هیچ لایەک نییە لەوەی پرۆسەی هەواڵگرییەکە چەند پرسیارێک بگرێتەخۆ، کە پەیوەندی بە لایەنەکانی دەروون یان بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆری بەخشەری هەواڵەکەوە هەبێت.

وەرگرتنی زانیاریی ئامرازێکی هونەرییە، بۆ کۆکردنەوەی پێدراو و ڕاستەقینە و ڕاپرسییەکان بەکاردەهێنرێت، کە لە چەند کەسێکەوە وەردەگیرێت، دەربارەی مەسەلەیەک یان بابەتێک، ئەویش بەهۆی ناسینی واقیعەکەیان و ئایدۆلۆژیاکانیان و هزر و

---

[١]- بڕوانە: د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ١٨٣-٢٣٧.

بۆچوونەکانیان، پاشان ئەم پێدراوانە یان ئەم ڕاستەقینە و ئەم ڕوونناماانە پاش پۆلێکردنیان شیدەکرێنەوە، تا توێژەر شرۆڤەیان بکات.

ڕاپرسییەکان وەکیەک نین لە ڕووی یاسای گۆڕانەکانی وەڵامدانەوەکان یان وازهێنان لەو کەسەی توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت، تا بە زمانەکەی خۆی گوزارشتی لێ بکات.

ـ لە نموونەکاندا وەڵامدانەوەی نووسراو:

ئایا مامۆستا قوتابییان لەسەر گوزارشتکردن دەربارەی بۆچوونیان و ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونانە لە وانەکەدا هاندەدات؟ (بەتەواوەتی ڕازیم، ڕازیم، ناڕازیم، بەتەواوی ناڕازیم، نازانم).

لەم نموونەیەدا توێژەر چەند گۆڕانێکی پێشبینکراو لە وەڵامدانەوەدا نمایش دەکات و ئازادی هەڵبژاردنی وەڵامەکانیان پێدەبەخشێت، ئەویش بە دانانی هێمایەکی دیاریکراو لەپاشیدا.

لە حاڵەتی دووەمیشدا توێژەر تەنیا پرسیارەکە دادەڕێژێت، پاشان کەسی توێژراوەکە وەڵامەکە بە زمانی خۆی تۆماردەکات.

ئەم شێوازە باشترین ئەو شێوازانەیە، کە دامرشتوون، ئەویـــــــش لەبەر ئەم هۆکـــــــارانە: ١.......................
٢............................... هتد.

لە ڕووی پراکتیکـەوە دوو جـۆر لە ڕاپرسـی هەیە: ئەو ڕاپرسـییانەی تـوێژراوەکە بەڕێـوەی دەبـات، لەوانەشـە بە پۆسـت یـان لە ڕێگـەی ڕادیـۆ یـان لەسـەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکـان یـان بە دەسـت دابەش دەکرێن، ڕاپرسـییەکان کـە توێژەرەکـان بەڕێوەیـان دەبەن و بە شـێوەی دیـداری نێوان توێژەر و توێژراوەکە بەڕێوە دەبرێن.

ڕاپرسییەکان پێویستییان بە چەند مەرجێک هەیە، ئەگەر بمانەوێـت ئامانجەکـان بپێکـین، بـۆ نمـوونە هەنـدێکیان پەیوەستن بە هەنگاوە بەراییەکان بۆ دیزاینکردنی: جۆری ڕاپرسـییە خوازراوەکـان و پـلەی قـووڵی و سروشـتی چەندێتی و چۆنێتی و ئاستی یاساڕێژکردنیان...هتد.

لە ڕووی پرسیار و وەڵامەکانیشـەوە: یاسـاڕێژ کرابێت، یان ئازاد بێت، یان یاساڕێژەکانی کەمتر بێت، ڕاستەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ بێـت؟ و ئەوەی پەیوەسـت بێـت بە داڕشتنی پرسیارەکان بە زمانێکی دیاریکراو.[١]

---

[١]- بڕوانە: د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ٣٦٥ ـ ٣٨٤.

زمانی ڕاپرسی دەگۆڕێ بە گۆڕانی زمانی توێژراوەکە و ئاستی ڕۆشنبیری گشتییان ـ و ئاستی بەکارهێنانی زمانی پەتی و کەلتووری و ئاستی زمانی پەتی هاوچەرخ و گشتی ڕۆشنبیرەکان، زمانی گشتی نوێخوازان، زمانی گشتی نەخوێندەوارەکان.

**٣. دیدار** interview

وتوێژێکە لایەنێک یان کەسێک یان چەند کەسێک ئاراستەی لایەنێکی دیکەی دەکەن لە هەڵوێستێک بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە، ئەویش بەگوێرەی نەخشەیەکی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئاکاری لایەنی دووەم، یان وەرگرتنی زانیاری دەربارەی خەسڵەتەکانی کەسایەتی، یان دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئاکارەکەی.

لەوانەشە دیدار بەم شێوەیە بێت: لەوانەیە دیدارەکە یاساڕێژ بێت، بەشێوەیەک پرسیارەکانی ورد و دەستنیشانکراو داڕێژرا بێت. لەوانەشە نایاسایی بن، لەم حاڵەتەدا هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا نییە و هەندێک توێژەر لەم حاڵەتەدا تەماشای دەکەن بەو حیسابەی هەردووکیان پەیوەستن بە یەکدییەوە و لە نێوانیاندا چەند پلەیەکی یاساڕێژیی هەیە.

لەوانەشــە ئاراســتەکراو بێــت: لەم حــاڵەتەدا ڕۆڵــی توێژراوەکە تەنیا لە وەڵامدانەوەی ئەو کەسە بەرجەستە دەبێت، کە سازی دەکات و ئاراستەکراو نییە و دەرفەت بۆ تـوێژەرە هـاوچەرخەکە بەجێـدەهێڵرێت، تـا گوزارشــت لە خۆی بکات.

دیدار باشترین ئامرازە بۆ کۆکردنەوەی ڕاپرسییەکان، بۆیە چەندەها بنەمای گشتییان بۆ داڕێژرا، تا بەکاریان بهێنن، بەشـێوەیەک پەیوەسـتن بە ئامادەسـازیی بۆیـان، هەروەها پرۆسـەیەک لەخۆ دەگرێت: دەسـتپێکردنی دیـدار، ئامـادەکردنی بـارودۆخی گونجـاو، ئاراسـتەکردنی پرسـیار، کۆتاییهێنان بە دیدارەکە، تۆمارکردنی...هتد.[١]

**ب . لە قۆناغی شرۆڤەکردن**

**١. پێوانە** measurement

پێوانەی شتێک لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە پێکدێت، لە مەودا و ڕەهەنــد و چەنــدێتی و پــلە فــراوانییەکەی، ئەمەش پرۆسەیەکی گرنگ و سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانســتی ئەو شــت و دیــاردە و ڕووکــارانەی تــوێژینەوە زانستییەکان باسیان لێوە دەکەن، لەوانەیە وەسف نەکرێن

---

١. د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ٣٤١ ــ ٣٦١.

و تایبەتمەندێتییەکەیان باس نەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت بپێورێت بەو حیسابەی سیفەتدارن، یان هەڵگری هیچ سیفەتێک نین.

لە کۆمەڵناسیدا ئەم پرۆسەیە وەک شێوازێک لە شێوازەکانی بەراوردکاریی و هاوسەنگی بەکارهێنراوە، هەروەها بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و گوزارشت لێیان باسکراوە، ئەویش بە بەکارهێنانی نمرە و هەژماری دیاریکراو.

لەبەر ئەوەی پێوانە گوزارشت لە هەڵوێستێکی کۆنترۆڵکراو دەکات، ئەوا لە سێ ڕەهەند یان لە چەند پێکهاتەیەکی بنەڕەتی پێکدێت، کە ئەمانەن: ڕووداوێک بۆی هەبێت تێبینی بکرێت و پسپۆڕ بێت، لەوانەیە کۆمەڵێک یان کەسێک یان شتێک یان بیرۆکەیەک بێت، بوونی ژمارەیەک یان نمرەیەک یان ڕێژەیەک، بوونی یاسایەک یان کۆمەڵە یاسایەک لە ڕووی لۆجیکەوە ڕووداوەکە و ڕێژەکە بەیەکەوە گرێ بدات.

پێوانە لەسەر بنەمای گریمانەیەکی بنەڕەتی دەوەستێت، کە پەل دەکێشێت بۆ بوونێکی پەیوەست(پلەبەند)، کە لە هێڵێکی ڕاست دەچێت، یارمەتی دابەشبوونی ئەو خەسڵەتە دەدات، کە خوازیارین بە شێوەیەکی پلەبەندی هەڵکشاو

یــان داکشــاو بیپێــوین، لە میــانەی پلەکــان یــان چەنــد بازنەیەک، کە ڕەهەندە چۆنێتیەکان دەگۆڕن بۆ وێنەیەکی چەندێتی.[1]

گرنگترین بابەتەکانی ئەم پرۆسەیە: بەها و ئاراستەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی و تۆکمەیی کۆمەڵایەتییە.

**٢. توێژینەوەی حاڵەتەکە** Case study

شـێوازێکە لـە شـێوازەکانی تـوێژینەوەی کـۆمەڵایەتی، تیایدا تـوێژەر وەسـف و شـیکردنەوەی حـاڵەتی یەکەیەکـی کـــۆمەڵایەتی دیــــاریکراو لەم کـــاتەدا دەکـــات، بەڵام توێژینەوەی ئاکار و ئاراستە و تایبەتمەندی و هەڵوێست و بـارودۆخی ئێسـتای یەکەیەکـی کـۆمەڵایەتی پێویسـتی بە تــوێژینەوەی ڕووداو و بـــارودۆخی پێشــووش هەیە، کە بـــوونەتە مـــایەی دروســـتبوون و دەستنیشـــانکردنی تایبەتمەنــدێتیەکانی، ئەم شــێوازەش لەوانــی دی زیـــار بەکاردەهێنرێت لە تـوێژینەوەی جـۆری و چۆنێتیەکانـدا، کە پێویستییان بە قووڵبینی و وردبینی و گشتگیری هەیە.[2]

---

[1]- د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ٢٤٣ ـ ٢٧٤.

[2]- د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ١١٦ ـ ١١٧.

### ٣. شیکردنەوەی ناوەرۆک Content andlysis

شێوازێکی توێژینەوەیە، ئامانجی وەسفکردنی چەندێتی بابەتییانـەی ڕێکخـراوە بـۆ نـاوەرۆکێکی دیـار یـان ڕوون و ئاشکرای پەیوەندیکردن.

یەکەم بەکارهێنـــانی ئەم شـــێوازە لە تـــوێژینەوە پۆلێنییەکان و شیکارییەکانەوە دەستی پێکرد لە بوارەکـانی ڕۆژنامەنووســی و ئەدەب... پاشــان بەکــارهێنەرانی ئەم شــێوازە دەســتیان دایە بــواری دی وەک موزیــک و سینەما... لەم چەرخەشدا فراوان بووەوە و ڕای گشتی و پڕوپاگەندەشی گرتەوە.

بەکــارهێنەرانی ئەم شـێوازە جەخـت دەکەنەوە لەســەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە: کێ دەڵێت؟ چی دەڵێـت؟ بـۆ کـێ قســە ئاراســتە دەکرێـت؟ چـۆن دەڵێـت؟ کاریگەری قسەکەی چییە؟

گرنگتـــرین بـــابەتە کۆمەڵایەتییەکـــانی تیایـــدا بەکاردەهێنرێـــت: کـــارلێکی کـــۆمەڵایەتی، بەهـــا کۆمەڵایەتییەکـــان، ئامرازەکـــانی پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتی...هتد.(١)

---

١. د.عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الاجتماعي، ص ٢٨٧.

## توێژینەوەی چەندێتی قسەکردن لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی

تـــوێژینەوەی چەنـــدێتی قســـەکردن لە گرنگتـــرین ئەو شـێواز و ڕێکـارانەیە، کە زمـانەوانیی کـۆمەڵایەتی بەکـاری دەهێنێـت، تـا ئەنجامەکـانی زانسـتی بـن و بکـرێ ڕاسـت و دروستیان بسەلمێنرێت.

زۆر لە زمانەوانـــان لەو بـــاوەڕەدان، کە تـــوێژینەوە چەنـــدێتییەکان مـــاددەیەکی تـــازە پێشـــکەش دەکەن، کە پێویستە لە کاتی داڕشتنی تیـۆرێکی زمـانەوانی هـاوچەرخ بەهەند وەربگیرێن، لەبەر ئەوە پێشکەوتنی ئەم توێژینەوانە پەیوەستە بە پێشکەوتنی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی.

ئەم جـۆرە تـوێژینەوانە بە شـێوەیەکی بەرچـاو لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا و ئەورووپـا پێشـڤەچوونیان بە خـۆوە بینـی، بەشـێوەیەکی زەق و دیـار پشـت دەبەسـتن بە توێژینەوەی زمانی گـۆکراو نەک زمـانی نووسـراو، ئەویـش بە مەبەستی ئاشنابوون بە زمانی زارەکی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسـایی، لێرەدا هـیچ شـتێک نییە ببێتە لەمـپەر بەرانـبەر بە بەکارهێنانی لە زمانی نووسیندا.

لە زمـــانی عەرەبیـــدا ـ وابـــزانم ـ هـــیچ تـــوێژینەوەیەکی چەنـدێتی لە ئـارادا نیـیە، کە هاوشـێوەی ئەو تـوێژینەوە ناسـراوانە بێـت، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا و

ئینگلتەڕا ئەنجامدراون، لەناو ئەم کتێبەماندا ئاماژەمان بە هەندێکیان کرد.

پێویستە ئەوە بەهەند وەرگرین، کە ئەنجامی ئەم تویژینەوانە ڕێژەیین و پێویستیشە بە هەمان شێوە ئاگامان لەوە بێت، کە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین یان بونیادیان لەسەر بنێین.

**یەکەم: لە ماددەکەدا**

**گۆڕانە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان**

بابەتی تویژینەوە چەندێتییەکان لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا ئەو پەیوەندیەیە، کە لە نێوان گۆڕانە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. گۆڕانەکان بەگشتی تایبەتمەندێتی جیاکارن، کە دەکرێ بپێورێن و چەند بەهایەکی هەمەجۆر و جودا لە حاڵەتی تاکی بەدواییەکدا لەخۆدەگرن.

**گۆڕانە زمانەوانییەکان**

کۆمەڵە توخمێکی زمانەوانین، کە پێشتر دەزانین شێوە یان شێوازی بەرانبەر یەکتر و فرەیان هەیە.

گۆڕانی(guard): بۆ نموونە جاری وا هەیە بەبێ (r) گۆ دەکرێت و جاری واش هەیە لەگەڵیدا گۆ دەکرێت، هەروەها فۆنیمی (ث) لە زمانی عەرەبی هاوچەرخدا لە

میسـر بە سـێ شـێوە دەدرکێنـدرێت: (ث) و (س) و (ت). شـێوە هەمەجۆرەکـان گـۆڕدراوە زاراوەی لەجیاتییـەکانە: Variants .

**بەرانبـەرکردنی دەقەکـان بـۆ تۆمـارکردنی گۆڕانەکـان و لەجیاتییەکانیان**

تـویژەر لەم حـاڵەتەدا بەرانبـەری لەنێـوان دەقە کۆکراوەکـان سـازدەکات، بـۆ ئەوەی گۆڕانەکـان دەربهێنن، کە پێشـتر دەستنیشـانکراون، زمـانەوان پێویسـتی بە ژمـارەیەکی زۆری دەقەکـان هەیە، چـونکە لە دەقێکـدا لەجیاتییـەکی دیـاریکراو دەبینێـت، کـە لـە دەقێکـی دیکـەدا بـەرچاوی ناکـەوێت، بەم شـێوەیە لە دەقەکـانی دی ڕوودەدات، زۆرجـاران لەجیاتییەکـانی گـۆڕاوەکە لە هەمـان دەقەکەدا دووبـارە دەبێـتەوە، پاشـانیش دەتوانێـت لەجیاتییەکان تۆماربکات و ڕێکیان بخات لە پەیوەندییەکدا (ناردوان)، ئەویش بەگوێرەی بوونیان.

شـتێکی بەسـوودە ڕێـژەی سـەدی ئەم حـاڵەتە دیاریبکرێـت، لەوانەیە بـۆ نمـوونە بڵێـت: ڕێـژەی بـوونی لەجیـاتی (س) (٤%) و لەجیـاتی (ص)یـش (٣%)ە..... و ئیتر بەمشێوەیە.

## پەیوەندی نێوان گۆڕاوە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان

گـــۆڕاوە زمانەوانییەکـــان ڕەنگـــدانەوەی چەنـــدەها بەرانبەرکردن یان جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکانن، (لابۆف) لە توێژینەوەکەیدا دەربارەی شاری (نیویۆرک) ئەنجامیدابوو، ڕوونی کردەوە کە گۆڕاوی (r) جیاکاری نێوان ئاخاوتنی ڕەشپێستەکان و سپیپێستەکان دەنوێنێت، (دکتۆر سەعید بـەدەوی) بڕیـار لەســەر ئەوە دەدات، کە فـۆنیمی (ث) لە هەر سێ لەجیاتییەکەی، ئاماژە بە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکـانی نێـوان ئەوانە دەکـات، کە پەتـی کەلتـووری و زارەکی نەخوێندەوارەکان بەکاردەهێنن.

زۆرجـــاران تـــوێژەر لە توێژینەوەکەیـــدا بە کۆمەڵێـــک گریمانە دەربـارەی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە گۆڕاوە زمانەوانییەکانی ناو لیستەکەی دەستپێدەکات.

## گۆڕانە زمانەوانییە هەڵبژێردراوەکان

توێژینەوەکـان تـا هەنـووکە ـ لەبەر هۆکـاری زانسـتی ـ ئەنجامـــدراون، جەخـــت لەســـەر تـــوێژینەوەی گـــۆڕاوە زمانەوانییەکـــان دەکەنەوە، کە دووبـــــارە دەبـــــنەوە و ئاشـــنابوون و ناســـینیان ئاســـانە، زۆرجـــاران لیســـتە دەستنیشانکراوەکە لە وشـەی ئەوتـۆ پێکدێت، کە شـێوەیان گۆڕانی بەسەردا دێت، کەچی واتاکەیان گۆڕانی بەسـەردا

نایەت، بە گوزارشتێکی دی گۆڕاو وشەیەکە دوو شێوە، یان زیاتری هەیە و هێماکانیش بۆ گوزارشتکردن بەکاردەهێنرێن، بەم شێوەیە:

گۆڕاوەکە لەنێوان دوو کەوانەدا بەم شێوەیە دەنووسرێت (r)

لەجیاتییەکانیش بەم شێوەیە دەنووسرێت (r:) لەکاتی درکاندنی (r)

و (θr) لە کاتی نەدرکاندنی، لەوانەشە شێوازی دی بەکاربهێنرێن.

لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانین لەلایەنی دیکە بکۆڵینەوە، وەک: شێوازی کارەکان یان کاتەکان و شێوازەکانی (نەرێ) و (ئەرێ) ...هتد.

## گۆڕاوە کۆمەڵایەتییە هەڵبژێردراوەکان

کۆمەڵە تووخمێکی کۆمەڵایەتییە، کە دەکرێ بە جیاکارییەک بۆ کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک هەژمار بکرێت، وەک: چینی کۆمەڵایەتی، زێد، ڕەگەز، ڕەچەڵەک، تەمەن، پیشە، خوێندن و خولیا...هتد.

بە پشکنینی دەقەکان و ئامارکردنی گۆڕاوەکان لەگەڵ لەجیاتییەکانیان، لەوانەیە بۆ توێژەرەکە ڕوون ببێتەوە، کە

ژمـارەیەک لە گـۆڕاوە زمانەوانییەکـان لەژێـر کـاریگەری هەمان گۆڕاوی کۆمەڵایەتی بن، فۆنیمی (ث) کە بە لە پەتی کلتووریـدا (ث) دەدرکێنـدرێت و لە زارەکـی ڕۆشـنبیرەکان بە (س) دەخوێنـدرێتەوە و لە زارەکـی نەخوێنـدەواران بە (ت)یش دەخوێندرێتەوە، ئەوا فۆنیمی (ذ) لە هەمان ئاستی کـۆمەڵایەتی بەشـدارە، کە لە ئاسـتی یەکەمـدا بە (ذ) و لە ئاسـتی دووەمـدا بە (ز) و لە ئاسـتی سێیەمیشـدا بە (د) دەخوێندرێتەوە.

تـوێژینەوە ئامارییەکـان لەڕێگـەی ڕێژەیەکـی زۆری دەقەکـان گەیشـتنە ئەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان گـۆڕاوە زمانەوانییە هەمەجۆرەکان مەسـەلەیەکی پلەییە، هەندێکیان زیـاتر پەیوەسـتن لەوانـی دی، بە هەمـان شـێوە پەیوەنـدییەکانی نێـوان گـۆڕاوە زمانەوانییەکـان و گـۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکان.

گـۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکـان بە هەمـان شـێوە دەکـرێ لە بەسـتەری یـان (پلەبەنـدی ـ ناردوان)ێکـدا ڕەنگبـدەنەوە، خەڵک لە پلەی دەوڵەمەندی و فێربوون و چەندەها شتی دیـکە وەکـیەک نـین، لەبەر ئەوە نـاکرێ بخزێنـرێتە نـاو پۆلێنکارییە کۆمەڵایەتییە بەستوو و سنووردارەکانەوە.

## فاكتەرە كاریگەرەكانی گۆڕاوە زمانەوانییەكان

### ١. دەوروبەری زمانەوانی

ئەو دەنگانە یان ئەو وشانەیە یان ئەو گوزارشتانەیە كە لەپێش یان دوای تـوخمێكی زمـانەوانی سـنووردار لە دركاوێكدا یان لە دەقێكی نووسراودا دێن.

زۆرجار دەنگەكانی ئاخاوتن لەژێر كاریگەری دەنگەكانی دیكەی تەنیشتیان دەبن، پاشان دەوترێت كۆنترۆڵكراوە، یان مەرجداركراوە بە دەوروبەرەكەی یان ژینگەكەی.

ڕوونتـرین نمـوونەش لەسـەر ئەمە دەنگـی (ن)ە لە زمـانی عەرەبیـدا، كە لەژێـر كـاریگەری دەنگەكـانی دوای خـۆی دەبێـت، بـڕوانە بـۆ نمـوونە: (أنیـاب، أنفـال، أنسـال، أنكال، ...هتد) .

تـوێژینەوەی دەوروبـەری زمـانەوانی پەیوەنـدی بە پسپۆڕێتی زمانەوانیی كۆمەڵایەتییەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویسـتە شـارەزایی دەربـارەی هەبێـت، بە شـێوەیەك كە دڵنیا بێت بۆ فاكتەرە كاریگەرەكە، كە ئایا زمـانەوانی یان كۆمەڵایەتییە.

### ٢. دەوروبەری كۆمەڵایەتی

لە گرنگترین گۆڕاوەكانی، كە بەباشـی توێژینەوەیان بـۆ كراوە:

**أ. گۆڕاوی گروپی کۆمەڵایەتی**

زمانەوانانی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی گشتگیریان بۆ جۆرەکانی جیاوازی لەنێوان قسەکەران ئەنجامدا، ئەم توێژینەوانە توێژینەوەی زێدی قسەرەکە و گەورەبوون و حاڵەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەگەز و تەمەنی...هتد لەخۆدەگرێت.

ئەم توێژینەوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەم فاکتەرانە کاریگەریی دەکەنە سەر قسەی قسەکەران بە ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی گروپە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەکرێ قسەکەر بیانناسیێتەوە، بە واتایەکی دی: گرنگ نییە ڕادەی شارەزایی کەسێک چەندە دەربارەی جۆرێکی دیاریکراوی ئاخاوتن، بەڵکو گرنگە ڕادەی ئارەزووکردنی ئەندامبوونە بۆ جۆری ئەو کەسانەی بەم جۆرە قسە دەکەن.

لە ڕووی کاریگەری هەموو گۆڕاوێکی کۆمەڵایەتییەوە، (لابۆف) ئاماژەیەکی باشی پێشکەشکرد، ئەو بینی کە فاکتەرە هەمەجۆرەکان پەیوەستن بە ئەنجامی جوداوە، ئەمەش مەسەلەیەکی پێشبینیکراوە ئەگەر بڕوانینە کۆمەڵگە بەو حیسابەی چەند کۆپییەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەند و هەر تاکێک لەناویدا پێگەی خۆی لەم ڕەهەندانە دیاری دەکات.

(لابۆف) بۆی دەرکەوت کە بنەمای باش بۆ پێشبینیکردنی هاوکێشە تایبەتەکانی هەندێک لەو گۆڕاوانە وەک گۆڕاوی (r) کە لە کـۆمەڵە فـاکتەرێکی کـۆمەڵایەتی پێکـدێت، کە لە پیشە و داهات و فێربوون بەرجەستە دەبن. لە حاڵەتێکدا بنەما باشـەکە بۆ پێشـبینیکردنی چەند گۆڕاوێکی دی، دوو فاکتەرن لە پیشە و فێربوون بەرجەستە دەبن.

چەنـد زمـانەوانێکی دی تـوێژینەوەی تـەنیا فـاکتەرێکی وەک فێربوونیـان ئەنجامـدا، کـە لە مـاددەی زمـانەوانیی کـــۆمەڵایەتییەوە دەردەکەوێـــت، کە پێویســـتی بەوەیە چاودێرییەکی جودا لە فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانەوە بکرێت، وەک پیشـــە و فێربـــوون، بەڵکـــو پێویســـتە بـــڕوانینە ئەم فــاکتەرانە لە ڕووی کارلێککردنیــانەوە لەگەڵ یەکــدی، بە واتــایەکی دی مــاددەی زانســتی پاڵپشــتی ئەو تێــڕوانینە تاکلایەنـــە ناکـــات، کە جـــودایە لە چەمکـــی پـــێگەی کۆمەڵایەتی.[1]

**ب . گۆڕاوی ڕەچەڵەک**

لە بابەتەکـانی ئەم کتێـبەدا چەنـد جارێـک ئاماژەمـان بە توێژینەوەکەی (لابـۆف) دەربـارەی ئاخـاوتنی دانیشـتووانی شــاری (نیویــۆرک) کــردووە. ئەم تــوێژینەوەیە پشــت بە

---

[1]ـ هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ٢٦٥ ـ ٢٧٠.

کـۆمەڵە گۆڕاوێـک دەبەسـتێت، بەتـایبەتی گـۆڕاوی (r) و گۆڕاوی (is)، (لابۆف) بۆی دەرکەوت، کە ڕەشپێستەکان ئاکارێکی جودا لە ئاکاری سپیپێستەکان دەنوێنن، لە بواری بەکارهێنانی لەجیاتییەکانی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

**دووەم: لە میتۆد و ڕێکارەکان**

میتـۆدێکی زمـانەوانی بـۆ تـوێژینەوەی بـابەتێکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی.

**قۆناغەکانی توێژینەوەکە**

زمانەوانـانی کـۆمەڵایەتی ـ وەک پێشـتر ئاماژەمـان پێدا ـ گرنگـی بە تـوێژینەوەی دەقەکـان لە ڕووی چەنـدێتییەوە دەدەن، هەروەها گرنگی بە شێوازێکی شیاو بۆ ئەو حاڵەتە دەدەن، واتە بە چـۆنێتی کـۆکردنەوەی بـابەتە زانسـتییەکان بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت و بە شـیکردنەوەی ئەم ماددەیە و شرۆڤەکردنی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.

قۆناغەکانی ئەم جۆرە توێژینەوانە زۆرجار بەم شێوەیە دەبێت:

١ـ هەڵبژاردنـی قسـەکەران و بـارودۆخ و گـۆڕاوە زمانەوانییەکان.

٢ـ کۆکردنەوەی دەقەکان.

٣. ناسینی گۆڕاوەکان و لەجیاتییەکانیان لەناو دەقەکاندا.

٤. توێژینەوە ئامارییەکان.

٥. شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان.

قۆناغەکان بەگوێرەی پلەبەندییەکەی سەرەوە یەک لە دوای یەکدا دێن، هەمیشە پلەبەندییەکە بەشێوەیەکی بازنەیی ڕوودەدات، لەوانەشە مەسەلەکە پێویستی بە توێژینەوەیەکی دۆزەرەوانە هەبێت، پێش ئەوەی دەست بە توێژینەوە سەرەکییەکە بکەین، هیچ مەرجیش نییە هەموو دەقەکان کۆبکرێنەوە، پێش دەستکردن بە پۆلێنکردن و شیکردنەوە، هیچ پێویست نییە هەموو گۆڕانەکان دەستنیشان بکرێن، پێش ئەنجامدانی پرۆسەی دیاریکردنی ئامارەکانی پەیوەست بە دەقەکانەوە.

**١. قۆناغی هەڵبژاردن**

پێویستە هەندێک بڕیاری زۆر گرنگ وەربگیرێن لە کاتی دەستنیشانکردنی قسەکەران و دیاریکردنی بارودۆخ و گۆڕاوەکان بەپێی ئەو گریمانانەی توێژینەوەکە پەیڕەوی دەکات.

بۆ نموونە لەوانەیە توێژینەوەکە دەستپێبکات بە گریمانەی ئەوەی پیاوان و ژنان لە گروپێکی دیاریکراو و

جـودان لە بەکارهێنـانی کـۆمەڵەیەکی دی گۆڕاوەکـان. تـا ڕاسـتی و دروسـتی ئەم گریمـانەیە تـاقیبکەینەوە، پێویسـتە چەند قسەکەرێک دەستنیشـان بکەیـن، کە نـوێنەرایەتی هەر چـوار نمـوونەکە بکەن، کە لە گۆڕاوەکـانی تەمەن و ڕەگەز پێکدێن. پێویسـتە ئەوە بـزانین کە گـۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی دی کاریگەرییـــان نیـــیە و ئەو ئەنجامـــانە تێکنـــادەن، کە دەستمان دەکەون، بۆ نموونە وەک پیشە، بە هەمـان شـێوە پێویســـتە مـــاددە زانســـتییەکە لە ئاخـــاوتنەوە لە هەمـــان بارودۆخدا بەپێی توانا کۆبکرێتەوە.

پێویستە توێژەرەکە گۆڕاوەکان بەڕوونی پێناسە بکـات: ئایـا گـۆڕاوە زمـانەوانییە دەستنیشـانکراوەکە چیـیە؟ ئایـا دەنگییە یـان وشەسـازی یـان ڕستەسـازی یـان فەرهەنگـی؟ ئایا لەجیاتییەکە ناسراوە یان پێشبینیکراوە ؟ ئایا گۆڕاوی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە چییە؟ بۆ نمـوونە ئـەگەر فێربـوون بێـت، ئەوا پێویسـتە جـۆر و پـلە و بـوارەکەی دەستنیشـان بکرێت...هتـد، هەروەهـا قسـەکەرەکە سـەر بە چ گروپێکـە؟ ئایـــا گروپێکـــی ڕەچەڵەکییـــە یـــان کـــۆمەڵایەتی یـــان سیاسی...هتد. ئایا ئاسـتی زمـانی لێکۆڵینەوەکـە پەتییە یان زارەکییە، ئایـا زمـانەکە گشـتییە یـان تایبەتە...هتـد. ئەگینـا ئەنجامەکان بێبەها دەبن.

### ٢. کۆکردنەوەی دەقە گۆکراوەکان

کـــۆکردنەوەی دەقەکـــان پێویســـتی بە بـــوونی چەنـــد قسەکەرێکی گونجاو هەیە، کە لە توێژینەوەکەدا ئارەزووی بەشـداریکردن بـکەن، لەم پرۆسـەیەدا قسـەی قسـەکەرەکە بەڕوونی و ئاشکرایی تۆماردەکرێت، بەشێوەیەکی ئاسایی بەبـێ ئەوەی قسـەکەرەکە خـۆی تێکبـدات، هەروەهـا لەم پرۆسەیەدا چارەسەری کێشەکان پەیوستە بە هەڵوێست و زرنگی و هۆشیاری توێژەرەکەوە.

### ٣. دەستنیشانکردنی گۆڕاو و لەجیاتییەکانیان

ئێمە پێشتر گۆڕاوەکان دەستنیشان دەکەین، پێویستە بەوردی ئاشـنای لەجیاتییەکـان بـین و لە ڕووی بیسـتنەوە لە دەقە تۆمارکراوەکان جیایان بکەینەوە.

پێویســـتە تـــوێژەر دەوروبـــەرە زمـــانەوانییەکە، یـــان ژیـنگەی زمـانەوانیی دیـاردەکە، یـان لەجیـاتییەکەی بـاش بناسـێت، بـۆ نمـوونە پـێگەی گـۆڕاوە فرەکـانی (ث) لەو وشانەی ئەم پیتە لەخۆدەگرن، چ لە سەرەتای وشـەکە یان لە ناوەڕاســـت یـــان لە کۆتاییـــدا بێـــت، یـــان لە جـــۆری دەنـگەکەی پێشـی یـان لە دەنـگەکەی دوای خۆیـدا بێـت، لێـــرەدا گیروگرفتـــی زۆر هەن، کە بـــۆ چارەســـەکردنیان پێویستی بە ڕاهێنانی زمانەوانی دەکات.

**٤. توێژینەوەی ئاماری**

توێژینەوەی ئاماری وا دەخوازێت ژمارەی بوونی هەر لەجیاتییەک لە هەموو دەقەکان بژمێردرێت و نمرەکانیش سەبارەت بە دەقەکان بەراورد بکرێن، هەنگاوی یەکەم بۆ ئەمە گۆڕینی نمرەکانە بۆ ڕێژەی سەدی، چونکە ئەم پرۆسەیە بەراوردکردن ئاسانتر دەکات، بۆ نموونە بوترێت: ڕێژەی بەکارهێنانی (ث) بە (س) (٥٠%) و بەکارهێنانی (ت) (٣٠%) و (ث)یش (٢٠%).

هەنگاوی دووەم دۆزینەوەی جیاوازییەکانە، کە واتای ئاماری لەنێوان دەقەکاندا لەخۆدەگرن، واتە دۆزینەوەی هەریەک لەم جیاوازییانە بنەمایەکی ڕاستی و دروستیمان پێ دەبەخشن، بۆ ئەنجامدانی پرۆسەیەکی گشتاندن لەسەر دەقەکانی دی، کە سەر بە یەک جۆر بن.

ئەمەو توێژینەوە ئامارییەکان پلەیەکی باڵاتریان هەیە لە ئاڵۆزی و پێویستییان بە زانینێکی تەواو دەربارەی بنەما و ئامار و زاراوە و پێوەرەکان هەیە.[1]

---

[1]- هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ٢٢٨ ـ ٢٢٩.

**٥. شیکردنەوە**

قۆنــاغی شــیکردنەوە ســەختترین قۆنــاغە، چــونکە وا دەخوازێــت ئەنجامەکــان بخــرێتە چوارچێــوەی تیــۆرێکی گشـــتییەوە، کە مـــــامەڵە لەگەڵ بونیـــادی زمـــان و پەیوەنــدییەکانی بە کــۆمەڵگە و بە تاکەکــانییەوە بکــات، سەرکەوتنیش لەم حاڵەتەدا پشت بە ڕێکارە ڕاستەکان لە هەموو قۆناغەکانی پێشوودا دەبەستێت، هەروەها پشت بە دۆزینەوەی چوارچێوەیەکی گشتی تیۆریش دەبەستێت، بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ئەنجامانە، وەک پێشتر لە سەرەتای ئەم باسەماندا ئاماژەمان پێکرد.

**میتۆدێکی دیکە (نموونە سەراوژێرەکان)**

**ئاخاوتن سەرچاوەی زانیارییەکانە**

زۆرجار پێویستیمان بە زانیاری دەربارەی قسەکەران لە زۆر هەڵوێستدا هەیە، بۆ نموونە لە کاتی دیمانەکردن لەگەڵ کەسێکی نامۆدا، پێویستە بزانین قسەکانی ڕاستن (وەک ئەو گوتـــارانەی سیاســـەتوانان بـــۆ خەڵکـــی دەیانخوێننەوە)، لەم حاڵەتە و هاوشێوەکانی خوازیارین دەبێ لەمیانەی قسەکانیدا شتێک بدۆزینەوە، کە پەیوەندی پێیەوە هەیە، ئایا بەهاکانی چین و چۆن کاریگەری لەسەر

کردار و وتەکانی دەکەن؟ ...هتد. تا بتوانین ئاکاری کەسی خۆمان بەرانبەری دیاریبکەین و پلانی بۆ دابڕێژین.

زانایانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی تیۆرێکی گشتگیریان بـــۆ ئەم بـــابەتە پەرەپێـــدان، کە بە تیـــۆری (نمـــوونەی سەراوژێژەرەکان prototypes) ناسراوە.

گرنگترین شت کە خەڵکی پاڵ دەنێت بۆ بەکارهێنانی نموونە سەراوژێرەکان ئەوەیە، کە پێویستییان بە زانیاری خێرا هەیە، کە ناتوانن بەبێ ئاخاوتن دەستیان بکەوێت، تا بتوانین ئاکاری خۆیان بەرانبەر کەسانی دی دەستنیشان بکەن، بێگومان لای هەر یەکێک لە ئێمە ژمارەیەک ئەنجام لەئارادا هەن، دەربارەی شتەکان و کەسەکان، کە ناتوانین پەیوەندییان پێوە بکەین، بۆ نموونە وێنەیەکی نموونەیمان دەربـارەی کەسـی ڕوحسـوک هەیە، بە هەمـان شـێوەش بەرانـــبەر بە کەســـی زیـــرەک وێنـــایەکی نموونەیمـــان هەیە...هتد.

**نموونە سەراوژێرەکان**

کەواتە خەڵکـــی قســـەی ئەوانـــی دی بەکـــاردێنن بـــۆ هـــەڵهێنجانی زانیـــاری نازمـــانەوانی دەربارەیـــان، ئەم زانیارییـــانە باکگراوەنـــدە کـــۆمەڵایەتی و خەســـڵەتە کەسییەکانیان لەخۆدەگرن...هتتد، و خەسڵەتی زمانەوانی

و کەسێتی بەگشتی بەیەکەوە گرێدەدەن، بەشێوەیەک ئەم خەسڵەتە زمانەوانییە دەبێتە کلیلێک یان ئاماژەیەک بۆ کەسایەتی قسەکەرەکە بە گوێرەی خەسڵەتە نموونەییە کۆگەکراوەکانی ناو مێشکیان دەربارەی ئەو کەسە.

بەگشتی ئەم پرۆسەیە بەبێ هۆشیاری ئەنجام دەدرێت، بەڵام (لابۆف) زاراوەی (نموونەی سەراوژێر)ی بەکارهێنا، بۆ ئاماژەکردن بۆ ئەو پەیوەندییە زرنگەی لەنێوان تایبەتمەندێتییە زمانەوانی و نازمانەوانییەکەدا لەئارادا هەیە.

گرفتەکەش ئەمەیە: ئایا چۆن ئەم بابەتە بە شێوازێکی بابەتیانە دەکۆڵدرێنەوە؟ ئەگەر ئەوە بە هەند وەرگرین، کە خەڵکی بەگشتی بە هۆشیارییەوە درک بە پەیوەندی نێوان گۆڕاوە زمانەوانییەکان و گۆڕاوە نازمانەوانییەکان ناکەن، پاشان هیچ سوودێک نابینرێت، کە ڕاستەوخۆ پرسیاریان لێ بکرێت، لێرەدا پێویستە بە دوای چەند شێوازێکدا بگەڕێین، بۆ لابردنی ئەم ئاستەنگە.[١]

---

[١]-هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ٣١١.

**تاقیکردنەوەی وەڵامدانەوەی خودی**

یەکێک لەو میتۆدانەی بۆ لابردنی ئەم ئاستەنگە بەکارهێنراون، میتۆدێکە ناوی (تاقیکردنەوەی وەڵامدانەوەی خودی)یە، بۆ ئەنجامدانی ئەم تاقیکردنەوەیە توێژەر چەند تۆمارێکی دەنگی بۆ چەند کەسێک لە کاتی ئاخاوتندا ئامادە دەکات.

زۆرجار توێژەر هەوڵدەدات ناوەڕۆکی قسەکانیان بسەلمێنن، زۆرجار تۆمارکراوەکە (١٢) دەنگ لەخۆ دەگرێت، بۆ ماوەی یەک خولەک بۆ هەر دەنگێک، و بەشداربووانی تاقیکردنەوەکە کە توێژینەوەیان دەربارەی نموونە سەراوژێرەکانیان دەکرێت، داوایان لێدەکرێت گوێ لە هەموو دەنگێک لەم دەنگانە بە تەنیا بگرن، هەروەها داوایان لێدەکرێت وەڵامی کۆمەڵێک پرسیار بدەنەوە.

لەوانەشە هەندێک پرسیار بابەتیانە بن، وەک: پێت وایە قسەکەرەکە لەکوێوە هاتووە؟ یان لە چ ناوچەیەک لەم ناوچانەوە هاتووە (أ) یان (ب) یان (ج)...هتد، کەچی زۆر لەو پرسیارانە بۆیان هەیە پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندن لەخۆبگرن، و لە بەشداربووەکانی تاقیکردنەوەکە داوا دەکرێت شوێنی قسەکەرەکە لەسەر بەستەرێک لە جۆرێکی

تایبەت دەستنیشان بکەن، وەک بەستەری (زیرەکی) یان (برادەریّتی)...هتد.

ئەو ڕیّگایەی کارپیّکراوە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە خەملیّنەرانە لە دەستنیشانکردنی هەردوو کۆتایی بەستەرەکە پیّکدیّت بە دوو خەسلّەتی جودا، وەک: زیرەکی و گەمژەیی، ڕوحسوک و بەد، ڕژد و دەستبلاو، ...هتد. پاشان تویّژەرەکە حەوت خالّ لەسەر بەستەرەکە دەستنیشان دەکات، بەم شیّوەیە بۆ نموونە: زۆر زیرەک، زیرەک، تاڕاددەیەک زیرەک، بیّلایەن، گەمژە، تاڕاددەیەک گەمژە، زۆر گەمژە.

بەشداربوو پیّویستە یەکیّک لەم خالاّنە بۆ هەر دەنگیّک، کە گویّی لیّ دەبیّت هەلّبژیّریّت، و ژمارەیەکی زۆری پۆلیّنکارییەکان گویّ لیّ دەبیّت (زیرەک، گەمژە، ڕوحسوک، بەد، ئەمیندار، خائین، ..هتد)، کە دەکریّ نمرە بکریّن لە (١)ەوە بۆ (٧)، ئەویش بە ئەنجامدانی جیاکاری ورد لەنیّوانیاندا.

کەچی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەلاّمدانەوەی خودی جیاوازی ڕوونی نیّوان قسەکەران (لەسەر تۆمارەکان) دەرخست و بەشداربووانی تاقیکردنەوەکە (ناوبژیکراوان)، واتە دەنگی قسەکەران چەندەها (نموونەی سەراوژیّر)

دەوروژێنن لەلای بەشداربووان لە ڕاپرسییەکاندا، کەچی هەمان دەنگ ژمارەیەک دەنگی جیاوازی نموونەی سەراوژێر لەلای چەند کەسانێکی جیاواز دەوروژێنن.

زمانەوانەکان چەند ڕێگایەکیان گرتەبەر، تا ئەم تاقیکردنەوەیە وردتر و ناسکتر بێت، لەوانە (لابۆف) ڕێگایەکی داهێنا بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاخاوتنی بەکارهێنراو، کە توانای ئەوە دەستەبەر دەکات، کە تایبەتمەندێتییە زمانەوانییەکانمان پێ ئاشنا دەکات، کە بەشداربووان دەبنە وەڵامدانەوە بۆیان.[1]

(لابۆف) لیستێکی بۆ (٢٢) ڕستە داڕشت، کە لەسەر تۆمارێک داڕێژرابوون، بە دەنگی (٥) ئافرەتی جودا بە مەبەستی جودا، (لابۆف) ئەم ڕستانەی هەڵبژارد، بە شێوەیەک کە هەموو ڕستەیەک گۆڕاوێکی دەنگی دەردەخات و داوای لە گوێگران کرد، کە پیشەی قسەکەرەکە لە هەر ڕستەیەکی لیستەکەدا هەڵبێنن.

---

[1]- هدسن، علم اللغة الاجتماعي، ص ١١٣ ـ ٣١٦.

# بەشی سێیەم
# زمان و ڕەچەڵەک

**دابەشبوونی ڕەچەڵەکی گەلان**

ڕەچەڵەک یـــان ڕەگەز (race) لە کـــۆمەڵە مرۆڤێـــک پێکدێن، کە هەڵگری خەسڵەتی جەستەیی هاوبەشن و لە یەک بنجەوە بۆیان ماوەتەوە، دەشتوانرێت ئەم خەسڵەتانە بکرێنە بنەمایەک بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەی ئەو کۆمەڵە مرۆڤانە لە یەکتری.

زانایـــانی ئەنســـرۆپۆلۆجی بە گـــوێرەی ئەو خەســـڵەتە جەســـتەییان، مـــرۆڤ بەســـەر کـــۆمەڵە ڕەچەڵـــەکێک دابەشدەکەن، زۆربەی ئەو خەسڵەتانە بۆماوەیین، کەچـی هەندێکیشـــیان لەوانەیە لە ئەنجـــامی کـــاریگەریی ئەو ژینگەیەوە پەیدابووبن، کە ئەو گروپەی تێدا دەژی. ئەم خەسڵەتانە بۆ نموونە: ڕەنگی پێست، شێوە و ڕەنگی قژ، شێوە و ڕەنگی چاو، شێوەی سەر و لووت، درێژی باڵا و جۆری خوێن.

لەم بـــوارەدا چەنـــد پـــۆلێنکردن بـــۆ ڕەچەڵەکەکـــانی مرۆڤـــایەتی هەیە، کە ناودارترینیـــان پـــۆلێنکردنەکەی (**فێردریـــک بلۆمنبـــاخ**)ە (١٧٥٢ز ـــ ١٨٤٠ز)، کە لەســـەر بنەمای ڕەنگی پێست دارێژراوە، کە ئەمانەن: ڕەنگی سپی قەوقـــازی، پاشـــان ڕەنگـــی زەردی مەنگـــۆلی و ڕەشـــی

ئەسـیوبی و سـووری ئەمریکـی و گەنـم ڕەنـگ و زەردی مالاویی.

ئەم زاراوەیە لە ڕووی بـــــایۆلۆجییەوە ئامـــــاژە بە هاوبەشی گروپە ڕەچەڵەکەکان دەکات لە هەندێک (جینات) یـــان بۆمـــاوەیی، کە پەلدەکێشـــێت بـــۆ دابەشـــبوونێکی جیاکـــارانەی تایبەتمەنـــدییە فیزیقییەکـــان، کە لە ڕێگـــەی بۆمـــاوەییەوە دیاریـــدەکرێن، لێـــرەدا بۆچـــوونێکی نـــوێ لەئـــارادایە، کە (جینات)ەکـــان و گەلان و زمانەکـــان تیایـــدا بەیەکەوە گرێ دەدرێن و پێکەوە لێدەکۆڵرێنەوە.[1]

ئەنجـــام و پۆلێنکردنـــەکان کە ئەنسرۆپۆلۆجیســـتەکان گریمانەیـــان کـــردووە، شـــێواو و دژبەیەکـــن، دابەشـــبوونی ڕەچەڵەکەکان لە جیهاندا بەگوێرەی ئەم پێوەرە جیاوازییان زۆرە: ڕەنگی پێست یان شێوەی سەر ...هتد پاشانیش ئەم پۆلێنکردنـــە تەنیـــا ســـەپاندنی بۆچـــوونێکە، ئەوەی کە کـــۆکن لەسەری بـۆ دەربـازبوون لەم گـرفتە ئەوەیە، کە سـیفەت و خەسڵەتە بەکارهێنراوەکانی ناو ئەم سیستەمەی پـۆلێنکردن لەســـەر بنەمـــایەکی ئامـــاری دیـــاریکراوە، واتە ڕێژەیەکـــی

---

١. simeon potter, Language in the Modern World, p.22, هــەروەها بــڕوانە: الجینــات والشــعوب و اللغــات، ترجمــة د.احمــد مستجیر).

سەدی لەو سیفەتانە لە هەر ڕەچەڵەکێکدا بوونی هەیە و هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئەو گروپە ڕەگەزچەڵەکانە نییە، ئیتر بەم شێوەیە چەند فرەجۆری و جودایی لەناو هەریەک لەو ڕەگەچەڵەکانەدا بەدیدەکرێت.

**پێشکەوتنە نوێیەکانی زانستی بۆماوەیی**

زانستی بۆماوەیی(بۆماوەناسی) لەم چەند ساڵەی دوایی سەدەی بیستەمدا، پێشڤەچوونێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، چەندەها ڕاستەقینەی زۆر گرنگ لەم بوارەدا سەریان هەڵدا دەربارەی ڕەچەڵەک و گواستنەوەی سیفەتەکان لەنێوان کەسەکان و ڕەچەڵەکاندا، کە لە ڕێگەی (کرۆمۆسۆمات)ەوە بەڕێوەدەچێت نەک لە ڕێگەی خوێنەوە وەک ئەوەی جاران گومانی بۆ دەبرا.

جەستەمان لە بلیۆنەها شانە پێکدێت، کە لەڕووی پێکهاتە و ئەرکەوە جیاوازییان هەیە، شانەکان بەگشتی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێن، کە ئەمانەن: ناوک و سیتۆپلازم، ناوکەکان بە سەنتەری بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی شانەکە هەژمار دەکرێن و سەرجەم کار و چالاکییە زیندووەکانی شانەکە کۆنترۆڵ دەکەن، بە هەمان شێوەش کۆپی بنەڕەتی زانیارییە زیندووەکان

لەخۆدەگرێت، کە لە باو و باپیرانەوە ماونەتەوە و هەڵگری سروشت و ئەرکی خودی شانەکەن، بە هەمان شێوەش هێڵی ورد دەگرنەخۆ، کە بە (کرۆمۆسۆمات) دەناسرێت و لە ماددەی بۆماوەیی پێکدێت، کە بە (ترشەلۆکی ناوەکی) (الدیؤکسي رایبوزي / DNA) ناوزەددەکرێت، ئەم پێکهاتە کیمیایە لە دووتوێی خۆیدا هەموو ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت، کە بۆ شانەکانی مرۆ زیندووەکان و دیاریکردنی ئەرکەکانیان پێویستن.

لە هەموو شانەیەکدا ـ تەنیا شانەکانی وەچەخستنەوە نەبێت (شانەی نێرینە و شانەی مێینە یان گەراکان) چل و شەش کرمۆمۆسۆم یان بیست و سێ جووت بونیان هەیە. ناوکی هێلکەکە (٢٣) کرۆمۆسۆم لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان چەند زانیارییەک لەخۆدەگرێت، هەروەها شانە نێرینەکان (٢٣) کرۆمۆسۆم لەخۆدەگرێت، کە زانیاری هاوشێوە لەخۆدەگرن، لە پرۆسەی پیتاندنیشدا ناوکی هێلکەکە (شانە نێرینەکە) دەچێتە پاڵ ناوکەکەی خۆی بۆ پێکهێنانی هێلکە پیتێنراوەکە، هێلکە پیتێنراوەکە دوو کۆمەڵە زانیاری بۆماوەیی لەخۆدەگرێت، کە یەکێکیان سەر بە دایک و ئەویتر سەر بە باوکە، پاشان ژمارە جووتەکەی کرۆمۆسۆماتەکان دەگێڕێتەوە، کە (٤٦) دانەن.

ئەمە و یەکەی مـــاددەی بۆمـــاوەییەکە (جـــین Gene) بەشـــی ترشـــەلۆکە نـــاوکیەکەیە (دیۆکســـی رایبـــوزی) کە زانیارییە بۆماوەییەکان دەگوازێتەوە.[1]

## زمان و ڕەچەڵەک

پۆلێنکردنەکەی (بلۆمنباخ) لای بەشێک لـە زمانەوانـان لە کۆتایی سەدەی (١٩) پەسەند بوو، **(ماکس مۆلەر)** زمان و ڕەچەڵـــەکی بەیەکەوە بەســـتەوە و زمانەکـــانی مرۆڤـــی بەگوێرەی خەسڵەتەکانی جەستە دابەشکرد، لە پـۆلێنەکەدا باسـی لە زمـانی گەلە پـرچ چـرچ و لۆچەکـان و گەلە پـرچ لووسـەکان کـردووە.... و ئیتـر بەم شـێوەیە چەنـد لقێکـی دارِشـــت، **(مۆلـــەر)** خەســـڵەت (Aryan)ی بـــۆ گـــرووپە مرۆییەکـــان و زمانەکانیـــان بەکارهێنـــا کە(وشـــەیەکی سانسـکریتییە، arya بـە واتـای دێـرین و ڕەسـەن دێـت)، ئاریـــان ئەو گەلانەن کە لە دێرزەمـــانەوە لە ناوەڕاســـتی ئاسـیادا ژیـاون، **(مۆلـەر)** پێـی وابـوو ئەم گەلانە بەرایـی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن و خەسڵەتە جەستەییە نموونەییەکـان لەخـۆدەگرن، وەک قـژی لـووس و سـەری درێـژ و بـالآی

[1]ـ د.محمد الربیعی، الوراثة و الأنسان، ص ١٢ ـ ٣٦.

بەرز...هتد، ئەم چەمکەی **(مۆلەر)** دەربارەی ڕەچەڵەکی ئاری ژمارەیەک نووسەری ئینگلیز پەسەندیان کردوو و وەریانگرت، وەک: (تۆماس کارلیل) و (ڕیچارد گرین)،...هتد. هەروەها دیبلۆماتکار و ڕۆشنبیری فەرەنسی (ئارسەر جۆبینۆ) لە سەدەی (١٩) بنەمایەکی دارشت بۆ ڕەچەڵەکەی ئەڵمانی، بە وتارێک دەربارەی (جیاوازی نێوان ڕەچەڵەکەکانی مرۆڤ)، ئەو لەو باوەڕەدابوو کە ئەوروپییەکان بەگشتی و دانیشتوانی ناوەڕاستی ئەوروپا بەتایبەت بە ڕەچەڵەکی بۆماوەیی باڵاترن و لە هەمووشیان زیرەکترن.

نازییەکان ئەم بیروبۆچوونانەیان کردە پاساوێک بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دیکە، کە ئاری نین، گوایە لەڕووی ژیارییەوە کەمترن و لاوازترن لە گەلانی دیکە.

ڕەگەزپەرستی (Racism) بۆچوونێکە لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندی نێوان ڕەچەڵەک و ڕۆشنبیرییەکان دەوەستێت و پشت بە سەرکەوتن و باڵاتربوونی هەندێک ڕەچەڵەک لەسەر ڕەچەڵەکەکانی دەبەستێت، وەک

ئەنجامێـک بـۆ ئەو خەسـڵەتە بـایۆلۆژی و بۆماوەییـانە و فاکتەرەکانی ژینگە.[1]

## گەلە بەراییەکان و زمانە بەراییەکان

ڕەگەزپەرســـتی وەک بابەتێـــک لای نووســـەران و ئەنسرۆپۆلۆجییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) و نیوەی یەکەمـــی ســـەدەی بیســـتەم ڕەواجـــی بینـــی و چەنـــد نەتەوەیەکیشـــیان بەوە تۆمەتبـــار دەکـــرد، کە نەتەوەی بەرایین و زمانەکانیشیان بەوە دادەنا، کە زمانی بەرایین و پێشکەوتوو نین، یەکێک لەوانە دەڵێت: نەتەوە بەراییەکان بیرکردنەوەیان لاوازە و زەینیان کەموکورتە، کە بەهۆیـەوە وشـەکانیان جەخـت دەکەنە سـەر هەسـتەوەر و مەسـەلە بچووکەکان، لـە بەرانبـەردا وشـە واتادارەکانیان ئاماژە بە واتـا هەمەکییەکـان دەکەن لەلایـان کەمتـر دەبێت یـان هەر نامێنێـت، واتـــای وشـــەکانیان زۆر ورد نابێـت، لەبەرئەوە تێکەڵبـوون و تەومژییـان زیـاتر دەبێت و نـاڕوون دەبـن، یاســـای ڕێزمـــانی زمانەکانیشـــیان بەبـــێ واتاســـازی و وشەســـازی و داتاشـــین دەبـــن و توخمەکـــانی ڕســـتە و

1 .Simeon potter, Language in the Modern Word, p24.

فرێزەکـان لە زمانەکانیانـدا بوونیـان نابێـت، بەشـێوەیەک زمانەکەیـان هەنـدە تەسـک و تروسـکە، کە تەنیـا لە بـواری پێداویستییەکانی ژیاندا بەکاردەهێنرێت.

ئەوەش دەکەنە بەڵـگە، کە زانایـانی (ئەتنۆگرافیـا) لەو بـاوەڕەدان، کە عەقڵیەتـی دانیشـتوانی کـۆنی ئەمەریکـا و ئوسـتـراليا و ئەفەریقـا واتـا هەمەکییەکـان لە زۆر شـتدا تێنـاگەن، ئەم کەموکـوورِییە عەقڵییەشـی لە زمانەکانیانـدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆیە زۆرجار وشـەیەکمان دەسـتناوکەوێت، کە ئاماژە بۆ واتایەکی هەمەکی بکات، بۆ نمـوونە لە زمـانی هیندییە سـوورپێستەکان وشـەیەک هەیە بـۆ ئامـاژەکردن بـە (**دار بەڕووی سوور**) وشـەیەکی دیکەش هەیە، کە ئاماژەی پێـدەکرێت بـۆ درەختـی (**بەڕووی ڕەش**)، بەڵام هـیچ وشـەیەک نییە ئاماژە بە درەختی (**بەڕوو**) بکـات، کەواتە لە بنەڕەتدا هیچ وشـەیەک نییە ئاماژە بە درەخت بکات.

پاشـان دەربـارەی گەلەکـانی هینـدۆ ئەورووپـی دەڵێت: بە پێچەوانەشـەوە گەلە هینـدۆ ئەوروپییەکـان بیـر و هـزر چالاکترە و هەست و زەینییان لەلایان ڕۆشنترن و عەقڵ و مێشکیان بەرەوپێش و تێڕامانی فەلسـەفی هەنگاو دەنێن و بەرەو شـرۆڤەکردنی دیاردەکـانی گەردوون و کـۆمەڵگەی مرۆیی بەشێوەیەکی زانستی ئاراستە دەبن، کە بە هۆکار و

یاسـاکان و هۆیەکـانییەوە دەبەسـترێنەوە، لە زمـانی ئەم گەلانەدا ئەو وشانە زۆرن، کە ئاماژە بۆ واتای هەمەکی و ئەو پێکهاتـــانە دەکەن، کە گوزارشــــت لە ڕاســـــتەقینە گشـتییەکان دەکەن، جـگە لەمەش کاتەکـانی کـار چڕتـر و زۆرتـر دەبـن و ڕسـتەکان درێژتـر دەبـن و بەشـەکانیشـیان فرەتـر دەبـن و وابەستەگییەکانیشـیان هەمەجـۆرتر دەبـن و ئاماژەکانیشـیان جۆراوجـۆردەبن، ئیتـر فـراوان دەبـن بـۆ گوزارشتکردن لە وردەکارییەکانی هەست و قووڵایی زەین و ڕاستییەکانی فەلسەفە و زانست.[١]

بۆماوەناسەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە چەندەها جیاوازی ڕوون و ئاشـکرا لەنێـوان گـروپە مرۆییەکـان لە بـواری سـیفەتەکاندا هەیە، کـە تـاڕاددەیەک پشـت بە (جینات)ەکـان دەبەسـتێت، وەک ڕەنگـی پێسـت و شـێوەی چاو...هتـد. لەوانەشە هەندێک لەو جیاوازییانەی نێوان گروپەکانی ئەم سیفەتانە هیچ گرنگییەکی ئەوتـۆی نەبێت لە بواری بوونی جیاکاری تاڕەگەزێک لە ڕەگەزێکی دیکە بەباشـتر و باڵاتر بزانرێـت، بەڵام ئەم زانایـانە پێیـان وایە، کە پێویسـتە جیـاوازی لەنێـوان بۆمـاوەیی بـایۆلۆجی بـن، کە خـودی ڕەچەلـەکەکان لە ڕێگـەی (DNA) بۆیـان مـابێتەوە،

١ـ د.علي عبدالواحد وافي، اللغة و المجتمع، ص ١٧ ـ ١٨.

لەوانەشـــە ئەو جیاوازییـــانە ڕەوشــتکارانە بــن و تاکەکــانی کـــــۆمەڵگە لە ئەنجـــــامی تێکەڵبـــــوون لەگەڵ یەکتریـــــدا وەریانگرتبێت و فێـری بووبێـت. سـیفەتە بۆماوەییەکـان بە درێژایـی کـات سـیفەتگەلێکی زۆر چەسـپاون، بەپـێچەوانەی ئەو ڕەوشـــــــتکارییانەن کە لە ڕووی کـــــــۆمەڵایەتییەوە دەستنیشـــانکراون، یـــان ئەو ڕەوشـــتکارانەی بەهـــۆی فێربوونەوە وەردەگیرێن، کە بە تێپەڕبوونی کـات گۆڕانیـان بەسەرردادێت.

لە ڕووی کـــــــۆمەڵایەتییەوە لەوانەیە جیـــــــاوازییە جەســـتەییەکان و لەژێـــر چەنـــد بـــارودۆخێکی تـــایبەت سەربکێشـێت بـۆ جۆرێـک لە هەسـتکردن یـان هۆشـیاریی ڕەچەڵەکی و باوەڕبوون بە بـاڵابوونی ڕەچەڵـەکێک بەسـەر ڕەچەڵـــــەکەکانی دیـــــکەدا. لەوانەشـــــە جیاکـــــارییە ڕۆشــنبیرییەکان، کە فێریـــان بـــووینە بەرەو جوداکـــاری و جیاوازی ڕەچەڵـەکی پەلبکێشـن، لەبەر ئەوە کۆمەڵناسـەکان پێیـــان باشـــترە زاراوەی گروپـــی ئیتنـــی یـــان ڕەچەڵـــەک (ethenic group) بەکاربهێنی لەجیاتی زاراوەی ڕەچەڵەک (Race)، کە واتای ڕەگەزپەرستی لەخۆدەگرێت، ئیتـر ئەو زانایانە پێیان وایە هیچ وابەستەگییەکی گرنگ نییە لەنێوان ئادگارە فیزیکییەکان، کە لەڕووی بۆمـاوەییەوە لەگەڵ توانـا

عەقڵییەکـــان یـــان تایبەتمەنـــدییە ڕۆشـــنبیرییەکانی ئەو ڕەچەڵەکانە دیاریدەکرێن.[1]

زمانەوانـــان پێیـــان وایە هـــیچ پەیوەنـــدییەکی گرنـــگ و پێویست لەنێوان ڕەچەڵـەک و زمانـدا نییە، چـونکە زمـان تــوخمێکی ڕۆشــنبیرییە و تــاک لە کــۆمەڵگەوە بەدەســتی دێنێـت، منـداڵێکی ڕەشپێسـت یـان منـداڵێکی عەرەب، کە لە ئینگلـــتەرا لەدایکـــدەبێت و لەوێ پەروەردە دەبێـــت و لە بـارودۆخێکی تایبەتـدا دەژییێـت، هەروەک خەڵکـی ئەوێ بە ئینگلیـزی قســە دەکـات، بە پێچەوانەشــەوە، حــاڵی حــازر چەنـدەها گەل لەســەر گـۆی زەوی بە زمـانی ئینگلیـزی و فەرەنســی قســە دەکەن وەک ڕەشپێســتەکانی ئەمەریکـا و هیندییە سوورپێستەکان و ئەفریقییەکان ئەم دوو زمانەیـان کردۆتە زمانی فەرمی خۆیان.

بە هەمـــان شـــێوە زمـــانی عەرەبـــی لەنێـــو گەلانـــدا بڵاوبـــووەوە و لە وڵاتـــانی فـــارس و هینـدســـتان و ئەفریقـــا لەلایەن ڕەشپێســـــتەکانەوە بەکـــــاردەهێنرا، لەبەر ئەوە پێویســتە جوداکـارییەکی ڕوون بکەیـن لەنێـوان خەسـڵەتە جەسـتەییەکانی کـۆمەڵە خەڵکێـک و زمانەکەیـان کە قسـەی پێدەکەن و پێویستە باوەڕ بەو بۆچوونە گومڕایانە نەکەین،

---

١ـ الجينات والشعوب و اللغات، د.احمد مستجير، ص١٨ ـ ١٩.

که وایـدەبینن ڕەگەزێـک لە ڕەگەزێکـی دی بـاڵاترە، یـان زمانێـــک لە زمـــانێکی دی بـــاڵاترە، ئەو جوداکـــاری و جیـاوازییەی لەنێـوان زمانەکانـدا دەیـانبینین، هۆکـارەکەی تایبەتمەندی جەستەیی یان عەقڵی نییە، بەڵکو هۆکارەکەی بـۆ تـوخمە ڕۆشـنبیری و ژیارییەکـان دەگەڕێـتەوە، که دەکرێ بەدەستبهێنرێن.[1]

لەلای زمانەوانـان چەسـپاوە، که زمـان و هـزر جـووتن، هـــزر و بیـــری هەمـــوو نەتەوەیەک لە زمانەکەیـــدا ڕەنگـدەداتەوە، هەروەهـا زمـانەکەی گوزارشـت لە بیـر و هـزری دەکـات، خـۆ ئەگەر گەلانێـک هەبـن لەم چەرخەدا ئاســـتی بیرکردنەوەیـــان لە ئاســـتی بیرکـــردنەوەی ڕۆژئاواییەکـــان خوارتربێـــت، ئەوا ئەم حـــاڵەتە بەردەوام نابێـــت و هەتـــا ســـەر وا نابێـــت، چـــونکە ئەو گەلانە لە بـارودۆخێکی ژینگەیـی و کـۆمەڵایەتی وەهـا ژیـاون، که گەیانـدوویانەتییە ئەم قۆنـاغە، کـاتێکیش بارودۆخەکەیـان گـــۆڕانی بەســـەردا هـــات و پەیوەنـــدییان بە ژیـــار و شارستانێتی ڕۆژئاواوە کرد، ئەوا ئەنجامی دیکەی دەبێت

---

١ـ بڕوانە پەرتوکەکەم: محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الی اللغة، ص ١٧٠.

و تواناكانیـان دەردەكەوێـت، كە لە توانـای ڕۆژئاواییەكـان كەمتر نییە.

هەندێك لەم زمانانە لە بواری هزر و بیر و ڕۆشنبیریدا كەموكووڕییـــان پێـــوە دیـــارە، لەوانەشـــە لە تەوژمە هزرییەكانی جیهان دووربن، لەوانەشە هەندێك لەو زمانانە گرنگییەكـی تـایبەتی بـدەن بە هەنـدێك بـابەتی دیـاریكراو، كەچی بەتەواوەتی ناتوانن گوزارشت لە بابەتی دیكە بكەن، بەڵام ئەم حـاڵەتە بەردەوام نیـیە و بەگـوێرەی بـارودۆخ دەگۆڕێـت، لە هەمــوو زمانێكـدا ئـامرازی وا هەیە، كە لە پێداویسـتی خاوەنەكـانی زیـاترە، بـۆ ئەوەی قەرەبـووی بكرێتەوە.

بەڵام بێگومـــان گەلێـــك كە گرنگـــی بە لایەنێـــك لە زمانەكەیـــان دەدەن، مەرج نیـــیە ئەو گرنگیـــدانە بە زمانەكەیـان لای گەلانــی دی هەبێـت، ئەو گرنگیـدانە بەو لایەنە واتای وایە ئەو گەلە گرنگی بەو بابەتە دەدات زیـاتر لەوانی دی. مەسـەلەیەكی ئاسـاییە لای **(ئەسكیمۆ)** دەیەهـا وشـە دەبینین، كە ئاماژە بۆ جۆرەكانی بەفر دەكەن، چونكە ژینگەی **(ئەسكیمۆ)** بەم شێوەیەیە و سەهۆڵبەندانە، ناشـبێ گلەیـی لە ئەسـكیمۆكان بكەیـن، كە زمانەكەیـان زاراوە و

وشـەی هـاوچەرخی تیایـدا نییە وەک ئەوەی لە ڕۆژئـاوادا بەکاردەبرێت.[1]

**(فنـدریس)** زمـانەوانی گـەورە دەربـارەی زمانەکـانی گەلانـی بەرایـی سـەرزەمین دەڵێـت: هەنـدێک لەو گەلانە زمانەکەیـان هەنـدە ئـاڵۆزە، کە ئـاڵۆزییەکەی کەمتـر نییە لە یاسـا و ڕێزمـانی زمانەکـانی ئـێمە، هەنـدێک لەو گەلانە زمانەکەیـان هەنـدە سـادەیە، کە ئـێمە (ئیرەیـی ـــ حەسوودی)یان پێ دەبەیـن، ئەم حاڵەتـانەش ئەنجامی ئەو گۆڕانانەیە، کە بەسەر زمانەکانیاندا هاتووە، کە ئێمە خاڵی دەستپێکی نازانین.[2]

## ئینگلیزی ڕەشپێستەکان

زمانەوان و ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان تێبینیـان کـردووە، کە ئەوانەی لە ئەمەریکا بە ئینگلیزی دەدوێن لە ڕەشپێستەکان و هینـدییە سـوورەکان یـان جووەکـان و ئیسـپانییەکان و چینییەکـانن، لەوانەیە لە پڕۆسـەی ئاخاوتنیانـدا چەنـد تایبەتمەندێتیەکی زمـانەوانی تێبینـی بکەیـت، کە جیاوازییـان لەگەڵ زمـانی ئینگلیـزی سـپی پێسـتەکان هەیە، ڕوونتـرین

١ـ محمد حسن عبدالعزیز، مدخل الى اللغة، ص ١٧٠.

٢ـ فندریس، اللغة، ترجمة: الدواخلي والقصاص، ص ٣٠.

نمـوونەش لەسـەر ئەمە، ئەو شـتەیەکە لە ئەمەریکـا پێـی دەڵێن: black English یان B.E.

**ئەزموونێکی سەرنجڕاکێش**

ئەم تـاقیکردنەوەیە لەگەڵ ژمـارەیەک نـاوبژیوان لە ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامدرا، ئەو کەسـانە داوایـان لێکـرا، گـوێ لە تۆمارێـک ــ کاسـێتێکی دەنگـی ڕابگـرن، کە یەک دەقـی زمـانەوانی لەخۆگرتـووە و دوو کـۆمەڵە کەسـی جـودا لە یەکتـر قسـەی پـێ دەکەن، کە گروپێکیان ڕەشپێست و ئەویدیکەیان سپی پێستن.

ئایا ئەو نابژیوانانە چۆن گەیشتنە ئەم ئەنجامە؟

قسـەکەرە سپیپێسـتەکان هەمـوو ژیانیـان لەنێـوان ڕەشپێسـتەکاندا بەسـەربردبوو، یـان لە هەنـدێک شـوێندا ژیانیان بردبووەسەر، کە ڕۆشنبیری ڕەشپێستەکان زاڵبوو بەسـەریاندا، قسـەکەرە ڕەشپێسـتەکانیش کەسانێک بـوون، کە لە چەنـد ناوچەیەکـدا ژیـابوون، کە ڕۆشـنبیری سپیپێستەکان زاڵبوو بەسەریاندا و پەیوەندییەکی لاوازیان لەگەڵ ڕەشپێستەکانی دیکەدا هەبوو.

ئەوەی لەم تاقیکردنەوەیەدا ڕوویدا، ئەوەبوو قسـەکەرە سپیپێسـتەکان هەروەک ڕەشپێسـتەکان قسـەیان دەکـرد،

ناوبژیوانەکـانیش گوێیـان لە تۆمـارە دەنگیـیەکە گـرت و بڕیارەکەیان پشتی بە تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان بەست، کە لەو بـاوەڕەدابوون جیاکـاری نێـوان هەردوو گـروپەکە پێکـدەهێنێت، ئەم تـاقیکردنەوەیە دوو مەسـەلەی گرنـگ ڕوووندەکاتەوە:

**یەکەم:** چەند خەسڵەتێکی زمانەوانی دیاریکراو لە زمانی ئینگلیزیـــدا هەیە و زۆربەی زۆری ڕەشپێســـت و سپیپێســتەکانی ولایەتـە یەکگرتووەکـانی ئەمەریکـا قسـەی پێـدەکەن، زۆربەی ئەمەریکییەکـان دەیگێـڕنەوە بـۆ یەکێـک لەم دوو گـــروپە ڕەچەڵەکـــە، ئەمەش ئەو گریمانەیەمـــان دەداتــێ، کە ئاخــاوتنی ڕەشپێســت و شــێوازی ئاخــاوتنی سپیپێستەکان لای زۆربەی ئەمەریکییەکـان ڕاستەقینەیەکی کــۆمەڵایەتی پێکــدەهێنێت، ئەویـــش بە گــوێرەی چەنــد تاقیکردنەوەیەک، کە لە **(دیترۆیت)** ئەنجامدران و ئەوەیان دەرخســـت، کە ئەم شـــارە دانیشـــتوانەکەی لە هەمـــوو ئاســـتەکانی تەمەن و تـــوێژە کۆمەڵایەتییەکـــان ڕێـــژەی (٨٠%) لە زانیـاری جـۆری قسـەکەرانی ڕەشپێسـت یـان سپیپێستەکان پێکدەهێنن، ئەویش پاش تۆمـارێکی دەنگی، کە تەنیا چەند چرکەیەک بەردەوام بێت.

**دووەم:** ئەم تاقیکردنەوەیە ـ بەوپەڕی متمانە و بڕواوە ـ ئەوە دەسەلمێنێت، کە ڕەهەندی قسەکردن لای سپیپێست و ڕەشپێستەکان گوزارشت لە شوناسی ڕەچەڵەکی قسەکەرەکە دەکات، ئەنجامێکی کۆتایی ئەو کارەیە، کە لە ژیان و پەروەردەوە وەردەگیرێت، خەڵک بەگشتی بەگوێرەی ڕەنگی پێستەکانیان قسە ناکەن، بەڵکو بەگوێرەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدان و بەگوێەی ئەوانەی لەگەڵیان تێکەڵ دەبن قسە دەکەن.

هەردوو گرووپی ڕەچەڵەکی ئەمەریکی جۆرەکەی خۆیان کە پەیوەندنی پێیانەوە هەیە، هەمان شێوەی وەرگرتنی زمانە خۆجێیە کۆمەڵایەتییەکانیان وەردەگرن، لە حاڵەتە نائاساییەکانیشدا هەندێک سپیپێست لەنێوان ڕەشپێستەکاندا دەژین، یان بە پێچەوانەوە، ئەوا ڕەهەندی وەرگیراو ئەو ڕەهەندەیە، کە لای گرووپە زاڵەکەدا بوونی دەبێت، ئەمەش واتای وایە ـ کە ئەنجام ـ هیچ بنەمایەکی فسیۆلۆجی بۆ جیاوازییە زمانەوانییەکان لە ئارادا نییە.[١]

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت> کە بۆچوونی ڕەگەزپەرستانە، کە ڕەچەڵەک و زمان بەیەکەوە گرێ دەدات، بۆچوونێکە لە سەدەی (١٩)دا دەستی پێکرد

---

1. peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.51,52.

و له نیــوەی یەکەمــی ســـەدەی بیســـتەمدا بڵاوبــووەوە، بۆچــوونێکی هەڵەیە، چــونکە هەر مرۆڤێــک دەتوانێــت هەر زمانێک مەبەستی بێت فێری ببێت.

ئێمە دەزانـین زۆرجـاران چەنـدەها گروپـی ڕەچەڵـەکی تەواو بەدرێژایـی کـات زمـانی خۆیـان گـۆڕی، ڕوونتـرین نمـــوونەش لەســـەر ئەم ڕســـتەیە، ئەو ژمـــارە زۆرەی دانیشتیوانی ئەمەریکـان، کە بە ڕەچەڵـەک ئەفەریقین، بەڵام ئێســتا بە یەکێـک لە زمـانە ئەوروپییەکـان قســە دەکەن و کردوویانەتە زمانی سەرەکی خۆیان.(١)

## زمان جیاکەرەوەی گروپە ڕەچەڵەکییەکان

هـیچ پەیوەنـدییەکی گرنـگ لەنێـوان زمـان و ڕەچەڵەکدا نیـــیە، کەچـــی لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕاســـتە ئـــەگەر بڵێـــین پەیوەندییەکی گرنگ لەنێوانیاندا هەیە، هەندێکجار لەڕووی زمـانەوانییەوە وەک ئەوەی بڵێـین زمـان، یـان یەکێـک لە جۆرەکانی، یان زارەکانی دەستنیشانکەری ڕەچەڵەکن، یان بە گوزارشـــتێکی دیـــکە تایبەتمەنـــدییە زمانەوانییەکـــان پێـوەرێکن بـۆ ئەنـدامبوونی تـاک لەو گـروپە ڕەچەڵەکـەدا، ئەمەش ڕاستەقینەیەکی زمانەوانی چەسپاوە.

---

1 .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.58,59.

لێـــرەدا چەنـــدەها حـــاڵەتی دیـــکە هەن، کە زارێـــک لە زارەکـانی گروپێکـی ڕەچەڵـەک، کە تـاک ئەنـدامە تیایـدا جۆرێکیان دیاری دەکرێت، لێرەدا وابەستەگی نێوان زمان و گروپی ڕەچەڵەک دەبێتە شێوەیەکی سادە بۆ وابەستەگی عورفی، کە ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان گروپەکاندا پتەوتـر و تـۆکمەتری دەکەن، لەم حـاڵەتەدا زمـان دەبێـتە خەسـڵەتێکی کـۆمەڵایەتی، بەهەرحـاڵ زۆربەی ئەوانەی بە زمـــانی ئینگلیـــزی ڕەشپێســـتەکان قســـەدەکەن، هەر ڕەشپێســـتەکان خۆیـــانن، دەشـــتوانین لە قســـەکانیان بیانناســـینەوە، لەم حـــاڵەتەدا جیـــاوازی ڕەچەڵـــەک لە کۆمەڵگەیەکی فرە ڕەچەڵەکدا ڕەهەندێکی تـایبەتی جیاوازی کـــۆمەڵایەتی پێکـــدەهێنێت، کە جیـــاوازی زمانەوانیشـــی زۆرجار لەگەڵدایە.(١)

### بارودۆخی زمانی لە گانا

دەربـارەی حـاڵەتی یەکەم، کە زمـان دەبێتە خەسڵەتێکی جیاکار یان دیاریکراو بۆ بە ئەنـدامبوونی تـاک لە گروپێکـی ڕەچەڵــەکی، چەنــدەها نمــوونە لەئــارادان، لە نــاوچەیەک دەکەوێـتە دەرەوەی **(ئـاکرا)** لە **(گانـا)** چەنـد قسـەکەرێکی

---

1 .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.53,54.

سەرەکی هەن، کە بە زیاتر لە (٨٠) زمان قسە دەکەن، چەند زمانێک لەو زمانانە سەرەکین، وەک **(هوسا)** و **(ئیوا)** (Ewe) و **(کرو)** (kru) لە زۆربەی حاڵەتەکاندا شوناسی تاکەکان بە ئەندامبوونیان لە گروپێکی ڕەچەڵەکیدا دەناسرێتەوە، یان ئەندامبوونیان لە هۆزێکدا دەناسرێتەوە بەگوێرەی زمانی دایک، هەرچەندە زۆربەی دانیشتوان فرەزمانن.

ئەندامانی ئەم گروپە ڕەچەڵەکە هەمەجۆرانە پارێزگاریی لە تاکبوون و ناسنامەی خۆیان تەنیا بە زمان نە بە شتێکی دی دەکەن. ئەم حاڵەتەش دیاردەیەک نییە تەنیا بە کیشوەری ئەفەریقا تایبەت بێت، بەڵکو هەردوو گروپی ڕەچەڵەکی سەرەکی لە **(کەنەدا)** بە زمان لەیەکتر جودا دەکرێنەوە، هەرچەندە جیاوازی ئایین و مێژوو و ڕۆشنبیری و داب و نەریت بوونیان هەیە، کەچی زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی لە هەموو ئەوانە زیاتر شوناسی تاک لە **(کەنەدا)** دیاری دەکەن.

**بارودۆخی زمانی لە سەراییڤۆ**

دەربارەی حاڵەتی دووەم، کە جۆرێکی زمان ببێتە جیاکار و دیاریکەری گروپی ڕەچەڵەک نموونەکەی سەرنجڕاکێشترە.

جیاوازییەکانی ئەم حاڵەتە لە بنەڕەتدا ـــ بەلای کەمییەوە ـ دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ڕێکار، کە زارەکانی توێژی کۆمەڵایەتی پارێزگاری لێدەکات، با گریمانە بکەین کە جیاوازی ڕەچەڵەک دەبێتە ئاستەنگێک بۆ یەکبوونی زمان، بە هەمان ئەو شێوەیەی ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکانی دی کاری پێدەکەن.

پێویستە لە حاڵەتی گروپە ڕەچەڵەکاندا ئەوەمان لەیاد نەچێت، کە ئاراستەکان و هەڵوێستە سۆزدارییەکان، کە گروپەکان لەسەری دەڕۆن، وەک ئەندامبوونیان لەو گروپە ڕەچەڵەکە. زۆربەی زۆری ئەندامەکان لەوانەیە هۆشیارییان هەبێت دەربارەی ئەوەی بۆ نموونە (**جوو**)ن یان (**ڕەشپێست**)ن و لە توێژێکی بۆ نموونە مامناوەندن یان توێژەکانی خوارەوەن، ئەمەش واتای وایە ئەندامبوونی ڕەچەڵەکیان ڕاستەقینەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆیە، کە لە ناخیاندا ڕۆچووە، لەبەر ئەوە جیاوازی زمانییان لەنێوان ئەم گروپانەدا بەردەوام دەبێت، ڕوونترین جیاوازی کە بە

هۆشــيارييەوە يــان بەبــێ هۆشــياری بێــت دەستنيشــان دەكرێــت، بەو حيســابەی خەســڵەتگەلی جياكــاری ئەم گروپــانەن. ڕوونتــرين نمــوونە وڵاتــی (**يوگوســلاڤيا**)ی پێشــووە، كە وڵاتــێكە فرەڕەچەڵەكــە و تيايــدا زمــان خەســـڵەتێكی جياكـــارە و پێناســـەيەكی ڕوونە بـــۆ ڕەچەڵــەكەكان، ســلۆڤانی و مەكــدۆنی و ئەلبــانی چەنــد زمــانێكن لەم وڵاتەدا ســلۆڤانەكان و مەكــدۆنييەكان و ئەلبانەكان قسەی پێدەكەن.

لە (**ســەرايڤۆ**)ی پــايتەختی (**بۆســنيا**) ســێ گروپــی ڕەچەڵــەك ژيــان دەبەنەســەر، كە ئەمــانەن: ســڕبەكان و كرواتەكان و موسڵمانەكان، هەموو ئەو گروپانە بە زمانی (**سڕبۆكروات**) قسە دەكەن، كە زمانێكی يوگوسلاڤييە و لە هەموو زمانەكانی دی زياتر بەكاردەهێنرێت.

جياوازی ڕەچەڵەك لە (**سەرايڤۆ**) لە ڕووی مێژووييەوە پەيوەندی لەگەڵ ئاييندا هەيە، چونكە سڕبەكان مەسيحی ئارسۆدكسن و كرواتەكانيش كاسۆليكين و موسڵمانيشن. لە ڕووی جوگرافيشەوە پەيوەندی بە (**سڕبيا**)وە هەيە، لە ڕۆژهەڵاتی (**بۆسنيا**) و (**كرواتيا**)ش بە ئاراستەی ڕۆژئاوا.

ئەم بابەتە لەم ڕۆژگارەدا گرنگييەكی بێ وێنەی هەيە دوای هەرەسهێنانی يوگوسلاڤيای شيوعی و سەرهەڵدانی

بانگەشـــەکانی جودابـــوونەوە لەلایەن ئەم نەتەوانەوە و ڕزگاربوون لەژێر دەسەڵاتی (سرِبەکان)، ئەگەری ئەوەش هەیە گوێگر باکگراوندی ڕەچەڵـەکی قسـەکەرەکان بزانێت، کە سەر بە چ نەتەوەیەکە لەم نەتەوانەی ئاماژەمـان پێدان، ئینجـا ئـەگەر مەسـەلەکە هاوشـێوەی زارە کۆمەڵایەتییەکـان نەبێـت، لەو کـاتەدا نـاتوانین بڵێـین هەر ئەم سـێ گـروپە ڕەچەڵەکـە بە سـێ جـۆر زمـان یـان سـێ زاری جـودا قسـە دەکەن، بەڵکـو ڕاسـتتر ئەوەیە بڵێـین جوداکارییەکـان وەک ئاراســـتەیەک وان، کە تەنیـــا لە بـــواری فەرهەنگیـــدا دەردەکەون، چـــونکە لەوانەیە هەر گروپێـک لەو گروپـانە وشەیەکی تایبەت بە خۆیان بەکاربهێنن، کاتێک گـروپەکەی دی وشـــەیەکی هاوواتـــای ئەو بەکـــاردەهێنن، ئیتـــر بەکارهێنـانی ئەم وشـانە ئامـاژەیەکە، تەنیـا بـۆ ئاراسـتە گشتییەکان.

لەگەڵ ئەوەشـــدا لەوانەیە قســـەکەرەکە لە هەنـــدێک بارودۆخـــدا وشـــەیەک بەکاربهێنێـــت، کە تاکەکـــانی ڕەچەڵــەکەی بەکــاری نەهێــنن، بەڵام ئەوەی تێبینیکــراوە سـرِبەکان و کرواتەکـان بـۆ نمـوونە وشـە ئیسـلامییەکان بەکارناهێنن، مەگەر تاک و تەرا نەبێت.

گروپە ڕەچەڵەکەکانی **(سەرایڤۆ)** تا هەنووکە مکووڕن لەسەر پابەندبوون بەم جیاوازیانە و بە فاکتەری وابەستەگی پەیوەندی نێوانیان دەزانن، بێگومان ئەم جیاوازییانە بە گرنگترین ئەو فاکتەرانە دادەنرێن بۆ دیاریکردنی شوناس و ناسنامەیان.[١]

## گروپە ڕەچەڵەکەکانی شاری نیویۆرک

توێژینەوەیەکی **(لابۆف)** دەربارەی شاری **(نیویۆرک)** گەیشتە چەند ڕاستەقینەیەک، لەوانە بوونی چەند جیاوازیەکی کەم - بەڵام ڕوون و ئاشکرا - دەربارەی گۆکردنی جوو و ئیتاڵییەکان و ڕەشپێستەکانی زمانی ئینگلیزی.

ئەم جیاکاریانە ئاراستەی ئامارین زیاتر لەوەی ئاماژەی ئاشکرا یان یەکلاکەرەوە بن بۆ جیاوازییە ڕەچەڵەکیەکان، بەڵام بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ڕەچەڵەکە جیاوازەکان بەرەو ئەوە ئاراستە دەبن، کە گروپی گۆشەگیر لە شارەکاندا پێکبهێنن، وا پێدەچێت ئەم جیاوازییانە - لە ڕووی چاوگ و بنەڕەتەوە و تا ماوەیەکی دیاریکراو - بۆ کاریگەری توێژە زمانەوانییەکانی خوارەوە

1 .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.55.

دەگەڕێتەوە، یان بۆ جۆرەکانی قسەکەری ئەم گروپە یان بۆ باب و باپیرانیان دەگەڕێتەوە، ئەویش پێش ئەوەی لەسەر ئاخاوتنی زمانی ئینگلیزی ڕابێن.

## ئینگلیزی جوو و ئیتاڵییەکانی شاری نیویۆرک

(لابۆف) گرنگی بە تویژینەوەی جولەکەکان و ئیتاڵییە ڕەشپێستەکان دەدا، لەنێوان ئەو ئەمەریکیانەی بە ڕەچەڵەک ئیتاڵی بوون، درکاندنی (bad) و (bag) و وشە هاوشێوەکانیان بە شێوەیەکی جودا بوو. نەوەی یەکەمی ئیتاڵییەکان بە زمانی ئیتاڵی قسەیان دەکرد، ئەم وشانەیان بەشێوەیەکی کراوەتر دەدرکاند، وەک لەوەی لە سیستەمی ناسراوی زمانی ئینگلیزیدا هەیە، کەچی منداڵەکانیان خوازیاری بەکارنەهێنانی ئەم ئیتاڵییە جیاوازەن، بۆیە جۆری گونجاوی ئەم درکاندنەیان وەرگرت، کە لەگەڵ زێدی تازەیاندا دەگونجێت، کە لەگەڵ درکاندنە ئیتاڵییەکە جۆرێکی نەیار و نەگونجاوە، جوولەکەکانیش بە هەمان شێوە بوون، پاشانیش ئەم خەسڵەتە دەنگییە بووە یەکێک لە ئاماژە زمانییە

جیاوازەکـــانی گـــروپە ڕەچەڵـــەکییەکانی ئیتاڵییەکـــان و جوولەکەکان.[1]

## گەڕانەوەیەک بۆ ئینگلیزی ڕەشپێستەکان

ئەم حـــاڵەتە لە دیـــارترین و زەقتـــرین حاڵەتەکـــانی جیاوازی زمانییە لە نێوان گروپە ڕەچەڵەکییەکانی جیهاندا، کە بە زمـــانی ئینگلیـــزی قســـەدەکەن، ئەم حـــاڵەتە بە نموونەیەکی ڕوون هەژمار دەکرێت، بۆ کاریگەری توێژی زمـانی خـواروو لەسـەر زمانەکـان، یـان ئەو جـۆرانەی لەم ڕۆژگارەدا قسەیان پێ دەکرێت.

بە هەر حاڵ جیـاوازی نێـوان ئینگلیـزی ڕەشپێـستەکان و سپیپێســـتەکان ڕوون و ئاشـــکرایە و فراوانیشـــە و لە کــۆمەڵگەی ئەمەریکیــدا گرنگییەکــی بەرچــاوی هەیە، ئەم جیاوازییـانەش مـاوەیەکی زۆرە تێبینیکـراون و زانـراون و چەنـدەها نووسـەر و گەشـتیار و مێژوونـووس لە سـەدەی هەژدەهەمەوە دەربارەی ئەم حـاڵەتە نووسـیوویانە. خەڵک ئەوکـاتە لەو بـاوەڕەدا بـوون، کە ئەم حـاڵەتە بـۆ جیـاوازی ئاســـتی بیرکـــردنەوە دەگەڕێـــتەوە و پەیوەنـــدی بـــۆ سروشـــتێکی بنەڕەتـــی ئەو دوو گـــروپە ڕەچەڵـــەکە

---

[1] .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.56 - 57.

دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە وایان دەزانی زمانی ئینگلیزی ڕەشپێستەکان کرچ و کاڵە و بێکەڵکە، کەواتە نوقسانی و خەوشێک لەو کەسانەدا هەیە کە قسەی پێدەکەن.

هەرچەندە ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەکی زانستی و واقیعی نییە، کەچی کاریگەرییەکی نەرێنی و نێگەتیڤی لە مێژووی خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکادا هەبوو، ئەویش لەبەر بڵاوبوونەوەی لەنێو خەڵکدا.

ئەمڕۆ زمانەوانان ڕێککەوتوون لەسەر بوونی جیاوازی زمانی لەنێوان ئاخاوتنی ڕەشپێست و سپیپێستەکان، لێرەدا هیچ بەڵگەیەکی زانستی لەسەر باشترینی هەر یەکێکیان لەسەر ئەویدیکەدا نییە، ئێستاش کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتی هاندەرە بۆ تویژینەوەی ئەم بابەتە و باسکردنی.

ماوەی چەند ساڵێکە زمانەوانان و ئەنسرۆپۆلوجیاناسان سەرقاڵی ئەم بابەتەن، تویژینەوەکانیان پەردەیان لەسەر چەندەها ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی هەڵداوەتەوە، کە گرنگی خۆیان لە بواری تویژینەوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکی هاوچەرخدا هەیە.

لەم بوارەدا زاراوەی (bve) بەکاردەهێنرێت، کە کورتکراوەی ئەم دەربڕینەیە: (Black Vernacular English)،

که بــه شــێوەیەکی گشــتی ئامــاژە بە زمــانی ئینگلیزیــی ناســـــتاندارد دەکـــــات، کە توێژەکـــــانی خـــــواروو لە ڕەشپێســـتەکان لە گەڕەکەکـــانی خۆیـــان لە شـــارەکانی باکووری ئەمەریکا و لە چەند ناوچەیەکی دیکەدا دەژین، قسەی پێدەکەن.

زاراوەی **(ئینگلیــزی ڕەشپێســتەکان)** یــان (bve) لەو ڕووەی زاراوەیەکـی زمـانەوانییە، بەکارهێنـانێکی زۆر ورد و پــڕ بە پێســت نیــیە وەک ئەوەی لە واقیعــدا دەیبینــین، چــونکە گریمــانە دەکەیــن ڕەشپێســتە ئەمەریکییەکــان ئەم جۆرە ئینگلیزییە بەکاردەهێنن، لە واقیعشدا وا نییە، چونکە هەنــدێک لە سپیپێســە ئەمەریکییەکــان قســەی پێــدەکەن، هەروەها ڕەشپێستە ئەمەریکییەکانیش بە زمـانی ئینگلیـزی ستاندارد قسەدەکەن.

### چۆن ئینگلیزی ڕەشپێستەکان پەیدابوو؟

هەرچەنــدە (bve) بــووەتە بــابەتێکی ئەکــادیمی، کە دەزگاکـــانی زمـــانەوانی ســـەرقاڵکردووە، لەو ڕووەوەی جـــــۆرێکی زمـــــانەوانییە و بە شـــــێوەیەکی کردەیـــــی بەکاردەهێنرێت و لە کـۆمەڵگەدا گرنگـی خـۆی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک کێشەی تیادایە.

کاتێک جیاوازی لەنێوان زمانەوانان نابینین لە ڕووی بوونی جیاوازی لەنێوان ئینگلیزی ڕەشپێستەکان و جۆرە زمانییەکانی دی، ئەوا جیاوازی لە سروشتی ئەم جوداکاریانەدا دەبینین و لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانیش جودایی دەبینین.

یەکێک لە تیۆرەکان وای دەبینێت کە تایبەتمەندییە زمانەییەکانی زمانی ئینگلیزی ڕەشپێستەکان لە ئاخاوتنی سپیپێستەکان بوونی هەیە، بەتایبەتی لە ویلایەتەکانی باکووری ئەمەریکا زۆربەی ئەم تایبەتمەندییانە بەگوێرەی ئەم تیۆرە لە ڕووی مێژووییەوە بۆ زارەکانی بەریتانیای دێرین یان بۆ زارەکانی دی سپیپێستەکان دەگەڕێتەوە.

لەوانەیە گۆشەگیرکردنی ڕەگەزپەرستانە و گەشەسەندنی **(جیتۆی ڕەش)**، کە واتای نزمتربوونی پلەی وابەستەگی نێوان ڕەشپێست و سپیپێست دەگەیەنێت، پەلیکێشابێت بۆ پێشڤەچوونێکی ڕاستەوخۆی زمانی ئینگلیزی، کە هەر گروپێک بە جودا بەکاریدەهێنن، واتە هەموو جۆرێک گەشە دەسێنێت و نویێ دەبێتەوە بە جودا لەوانی دی.

تیۆرێکی دی دەڵێت، زۆر لە تایبەتمەندییەکانی (bve) بوونی بەوە شرۆڤە دەکرێت، کە ئەمەریکییەکانی یەکەم لە

ڕەشپێستەکان بە جۆرێکی تایبەت قسەیان کردووە، کە بە **(کریۆل): (دوو ڕەگ)** ناوزەد دەکرا.

ئەم زاراوەیە: **کریۆل (creole: دوو ڕەگ)** بەو زمانە تێکەڵە (pidgin) دەوترێت، کە بووەتە زمانی دایکی گروپێکی دیاریکراوی قسەکردن، پاشان بواری بەکارهێنانەکەی فراوانتربوو و هەموو ئەرکەکانی (bve) و تایبەتمەندییەکانی زمانی سروشتی وەرگرت.

زمانی (pidgin) زمانێکی کورت و پوخت و سادەکراوە، زۆرجاران دەبێتە تێکەڵەیەکی زمانی، کە لە چەند زمانێکەوە یان لە چەند زارێکەوە دروست دەبێت و ئاخێوەران لە بازرگانی و مامەڵەکردندا بەکاری دەهێنن، چونکە زمانێکی هاوبەشیان نییە، خاوەنانی ئەم تیۆرە پێیان وایە، کە (bve) بە تەنیا لە زارە بەریتانییەکانەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لە زمانێکی ئینگلیزی دوو ڕەگ (کریۆل) وەرگیراوە، لەوانەیە ئەم تیۆرە جەخت بکاتەوە سەر ئەوەی ئەمەریکییەکانی یەکەم لە ڕەشپێستەکان زمانی دایکیان دووڕەچەڵەک بووبێت، پاشان بەدرێژایی کات لە زمانی سپیپێستەکان نزیک بووبێتەوە.

جێی سەرسوڕمانە، کە زمانە ئەفەریقییەکان بە توێژێکی زمانی خوارووی ئینگلیزی ڕەشپێستەکان هەژماردەکرێت،

شوێنەواری خۆیان لەم زمانەدا بەجێهێشتووە، کە لە وشە ئەفەریقییەکانی ناو فەرهەنگی ئینگلیزی ئەمەریکیدا بەرجەستە دەبێت، وەک: (pinto, voodoo).[1]

**نموونە دەربارەی ئینگلیزی ڕەشپێستەکان**

چەند خەسڵەتێکی زمانی هەن، کە جیاوازی لەنێوان ئینگلیزی ڕەشپێستەکان و سپیپێستەکان دەکەن، کە دوو نموونەیان لێ دەهێننەوە و شرۆڤەیان دەکەین.

- زۆر لە قسەکەرانی ڕەشپێست جێناوی کەسی سێیەمی نائامادە (S) لەگەڵ (کاری ڕانەبردوو) بەکارناهێنن و دەڵێن:

He go, it come, she like

ئەم خەسڵەتە دەشێ بە خەسڵەتێکی زارەکانی ئینگلیزی هەژماربکرێت، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی **(ئینجلیا)** و لە ناوچەکانی **(ئۆست کنتری)** بڵاوبووەتەوە، هەروەها بە هەمان شێوە لە ئاخاوتنی زۆر لە ئەمەریکییە سپیپێستەکان بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکووردا.

مەسەلەیەکی ئاسابیە کە بوترێ ئەمە دیاردەیەکی زارییە و ڕێژەی بەکارهێنانی لەلای ڕەشپێستەکان زیاترە.

---

[1] .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.59 - 60.

ـ ئـامرازی بەسـتنەوە copula لە کـاری to be بـوونی نییە و ئەم گوزارشە بەم شێوەیە دەربڕدەبڕدرێت:

They out, she real nice, He not American, trere

هەنـدێک لە زمانەوانـان ئەم دیـاردەیە وا شـرۆڤە دەکەن، کە لە زاری جـۆری ئینگلیـزییەوە هـاتووە و سپیپێسـتەکان بەکاریان هێناوە، و هەندێکی دیکەشیان وای شرۆڤەدەکەن، کە لە ئینگلیزیەکـــی دووڕەگەیـــیەوە هـــاتووە، کە لەنـــاو ڕەشپێستەکاندا باوبووە.[1]

بەم شـــێوەیە تـــوێژینەوە زمانەوانییەکـــانی ئینگلیـــزی ڕەشپێســـتەکان دەیســـەلمێنن، کە ئەم زمـــانە لە پێـــوەر و سیســـتەمی ســـتانداردی زمـــانی ئینگلیـــزی نەتـــرازاوە و لاینەداوە، بەڵکو چەند جیاوازییەکی گرتۆتەخۆ، کە ڕێزمانی سروشـتی خـۆیەتی و تەنیـا ئەوەنـدەیە، کە لەگەڵ زمـانی ئینگلیـزی سـتاندارد یەکنـاگرێتەوە و ئەگینـا بە زمـانێکی نالۆجیکی و سەرەتایی هەژمار ناکرێت.

---

1 .peter Trudgill, Socio Linguistics,P.P.65 - 66.

**ئاستەنگەکانی وەرگێڕان**

وەرگێڕەکان چەندەها سەختی و ئاستەنگیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کاتێک لە زمانە ئەفەریقی یان هیندییەکانەوە وەردەگێڕن.

**(مالینۆفسکی)** کە ئەنسرۆپۆلۆجیستێکی ناسراوە، لەو باوەڕەدا بوو، کە سەختییەکانی وەرگێڕان بۆ جیاوازی نێوان سروشتی زمانەکان دەگەڕێتەوە، نیازمەندیش بۆ هێنانەوەی پێگەکان گرنگە، کاتێک زمانە بەراییەکان وەردەگێڕین، هەروەک (پالمەر) دەڵێت: ئەم پرۆسەیە هەڵەیە، لەوانەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا گەلانی بەرایی هەبن نەزانن یان نەتوانن و لە ئاستی گەلە پێشکەوتووەکاندا نەبن، بەڵام نەک وەک زمانی گەلە بەراییەکانی پێشوو، لەوانەشە هەندێک زمان هەبن فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەبێت، کە ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگەی پیشەسازی هاوچەرخ بگرێتەخۆ، بەڵام ئەم نوقسانییە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئاکار و ڕەفتارەکانی ئەو خەڵکەیە، ئەگینا پەیوەندی بە سروشتی بەراییبوونی ئەو زمانانەوە نییە، لەوانەیە لای ئەو خەڵکە بەراییانە هەندێک ئاکار و ڕەفتارمان بەرچاو بکەوێت، کە کەسانی مۆدێرن و

هـاوچەرخ گرنگیـان پێنـادەن، بـۆیە لە فەرهەنگەکانیانـدا بە هەمان شێوە بوونیان نابێت.[1]

1- palmer, Semantics.p.48.

# بەشی چوارەم
# زمان و سیاسەت

**پێناسەی سیاسەت**

سیاسەت زاراوەیەکە ئاماژە بۆ ئەو پڕۆسانە دەکات، کە ئاکاری مرۆییان لەخۆگرتووە، بەهۆیانەوە حاڵەتی ململانێی نێـوان بەرژەوەنـدی گشـتی و بەرژەوەنـدی گروپەکـان کۆتاییـــان پـــێ دەهێنرێـــت، زۆرجـــار ئەم پڕۆســـەیە سەردەکێشـێت بـۆ بەکارهێنـانی هێـز، یـان بەکارهێنـانی شـــێوەیەک لە شـــێوەکانی خەبـــات. لەوانەشـــە زاراوەکە (**سیاســـەت**) تەنیـا ئامــاژە بکــات بــۆ ئەو پڕۆســانەی لە چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت... لێرەدا هێـز لە میـانەی پڕۆسـەی فەرمـانڕەوایی و لە چوارچێـوەی دەوڵەتدا بەکاردەهێنرێت، لەڕاستیدا لێکۆڵینەوە لە سیاسەت شیکردنەوەیەکە بۆ پەیوەندییەکانی هێز.[١]

لە کۆنــەوە فەیلەســوفەکان زانســتی سیاســەتیان بەوە پێناســەکردووە، کە زانســتێکە بــۆ بەڕێــوەبردنی شــار و ئــاوایی و شــوێنەکان. لە کلتــووری فیقهــی ئیســلامیدا سیاســـــەتی شـــــەرعی بەوە پێناســـــە دەکرێـــــت، کە

---

[١]- د.محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع.

پێشەوایەتیکردنی گشتییە بۆ خەلافەتی پێغەمبەرایەتی لە پارێزگاریکردن لە ئایین و سیاسەتکردنی دونیادا.[1]

**بوارەکانی توێژینەوە لە زمانی سیاسەتدا**

١ـ ئەو زاراوە و دەربڕینانەی هەموو سیستەمێکی سیاسی و حوکمڕانی دروستی دەکەن، پڕوپاگەندەیەکن ئەو سیستەمانە بۆ خۆیان ئەنجامی دەدەن و بونیادە حوکمڕانیەکەی خۆیانی پێ تۆکمە دەکەن و لەگەڵ نەیارانی خۆیان مامەڵەی پێدەکەن، شێوازەکانی قایلکردن بە هۆکاری قسەکردن و لە هەر سیستەمێکی حوکمڕانیدا جیاوازە لەگەڵ ئەوانی دی.

٢ـ زمانی هەڵبژاردن؛ زمانی بەکارهێنراو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەخوێندرێت، وەک هاندانێک بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوێک یان بۆ تاراندنی خەڵک لەوەی دەنگ بەو پاڵێوراوە بدەن.

٣ـ زمانی ئەو ڕێوڕەسمانەی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی دەریدەکات، وەک ڕاسپاردنی وەزارەت بە بڕیارێک، یان دامەزراندنی وەزارەتێک، یان کردنەوەی

---

١ـ بڕوانە کتێبەکەم: محمد حسن عبدالعزیز، المعجم التاریخي للغة العربیة، ص ٣٠٥ ـ ٣٠٦.

ئەنجـــوومەنی گەل، یـــان دواخســـتنی، یـــان داخســـتنی ئەنجوومەنەکە.

٤. شـــــیکردنەوەی ئەو وشـــــە و گوزارشـــــانەی لە جەنگەکانـدا بەکـاردەهێنرێن، چ لە کـاتی جەنـگەکە و چ لە دوایشدا.

٥. زمـانی ئاشـتی و بانگەشـەکردن بـۆی، و ئاگـاداری لە جەنگـــەکان، هەروەهـــا ئەو شـــتانەی سیاســـەتی دەوڵەت دەیخـــوازن، وەک ئەنجـامی پەیماننامەکـان، پەیماننـامەی ئاشـتی لەگەڵ ئیسـرائیلدا تـا هەنووکە چەنـدەها مشـتومڕی سیاسی و زمانی گەرمی لێکەوتووەتەوە.

٦. شـــیکردنەوەی گـــۆڕانە واتاییەکـــان، کە لە کـــاتی شۆڕشـــەکان و کودەتاکانـدا پەیـدا دەبـن، شۆڕشـــەکان لە زمانـدا ڕەنگدەدەنەوە. دیـارترین شـت لەم بـوارەدا ئاشـکرا بێـت ئەوەیە، ئەم حـاڵەتە زۆر لە وشـەکان دەکوژێـت، یـان دەخوازێـت زۆر لە داب و نەریـت و هزرەکـان بکوژێـت، لە هەمـان کاتیشـدا زۆر وشـە دروسـت دەکـات و زینـدوویان دەکـاتەوە، ئەویـش ئـەگەر لە سروشـتیدا بێـت، کە توانـای دروستکردن و زیندووکردنەوەی هەبێت، ئەوا زۆر لە بەهـا و شـــێوازەکانی ژیـــانیش دروســـت دەکـــات و زینـــدوویان دەکـاتەوە، هەروەهـا گـۆڕانی زۆر لە واتاکانیـان دەکـات،

ئەویش ئەگەر توانای دروستکردنی گۆڕانی لە هەردوو بواری ڕۆحی و ماددی هەبێت.[1]

## پەیوەندی سیاسی و پەیوەندی زمانەوانی

پەیوەندی سیاسی بەوە پێناسە دەکرێت: کە پەخشکردنی ئەو پەیامانەیە، کە شوێنەواریان هەیە، یان مەبەست لێیان دروستکردنی شوێنەوار و کاریگەرییە لە دابەشکردنی یان بەکارهێنانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا.

لەبەر ئەوەی سیاسەت لە قسەکردن پێکدێت، ئەوا پڕۆسەی پەیوەندی هەژموونی بەسەر سیاسەتدا هەیە: خەڵک واتای جیاوازیی و دووبەرەکیەکانیان دەردەخەن و چارەسەری ئەم جیاوازییانەیان بە پەیوەندی دەردەخەن، زۆر لە ڕووەکانی ژیانی سیاسی دەتوانین بە پەیوەندی وەسفیان بکەین.[2]

پەیوەندی زمانەوانی کرۆکی سیاسەتە، ناتوانین بەبێ پەیوەندی باس لە سیاسەت بکەین و ناشتوانین بەبێ سیاسەت باس لە پەیوەندی بکەین، هەردوو بوار دەبێ

---

[1]- بڕوانە: د.محمود السعران، اللغة و المجتمع، ص ٧٤ ـ ٧٧.

[2]- بڕوانە: د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٤٢.

شانبەشانی یەکتر بن و هەریەکەیان بەشێکن لە سروشتی مرۆڤایەتی. (**ئەرستۆ**) لە دێرزەمانەوە پێی وابوو کە مرۆڤەکان کائیناتی سیاسین و لە ڕووی زمانەوە جیاوازییان لەگەڵ بوونەوەرەکانی دیکەدا هەیە، هەروەها هونەری گوتاربێژی لە ئامرازەکانی قەناعەتهێنان بەهۆی زمانەوە پێکدێت.

زمان دەستدەکات بە دروستکردنی ڕووداوی سیاسی، چ ڕەخنە یان وەسف یان شیکاری یان کار یان ئاراستەکردن بێت. پەیوەندی سیاسی زۆرگرنگە لامان و لەگەڵ هیوا و ئاواتەکانمان و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانمان ئاوێتە دەبێت، بۆیە ناتوانین لێی دەرباز بین یان پشتگوێی بخەین.[١]

## تایبەتمەندییەکانی زمانی سیاسی

زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پڕۆسەی پەروەردەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشداری لە دروستکردنی شەرعیەتی سیستەمی سیاسی دەکات.

١- بڕوانە: د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٤١.

سیاسـەت ـ هەروەک سیاسـییەکان خۆیـان دەڵـێن ـ **(گەمەکـردنە بە وشـەکان)**، سیاسـییەکان دەسـەڵات لە کـۆمەڵگەدا بەدەسـتدێنن، لەبـەر چەنـد هۆکارێـک، لەوانە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیـان لە کـۆنترۆڵکردنی کـۆمەڵگە و پەیـداکردنی جەمـاوەر، ئەویـش بە بەکارهێنـانی هێماکـانی وشـە و غەیـری وشـە لە چالاکییەکـانی پەیوەندیـدا. زمـانی سیاسـی تەنیـا بە وشـەکان سیاسـی نیـیە، بەڵکـو بەو زانیارییانەش دەبێتە سیاسی، کە دەیانگوازێتەوە، هەروەها بەو دەوروبەرەش پەیوەندییەکی تیادا ئەنجامدەدرێت.[1]

## توخمەکانی گوتاری سیاسی

گوتـاری سیاسـی چـوار تـوخمی هەیە، کە وای لێـدەکەن جیاواز و کاریگەر بێت، کە ئەمانەن:

١ـ نـاوەرۆکی گوتـاری سیاسـی: لە پـرس و ئەرکەکـانی کۆمەڵگە پێکدێت، وەک: بێکاری، نرخەکانی نەوت، جەنگ و ئاشتی...هتد.

٢ـ نێـرەر: ئەم ئەرکە چەنـد ئەنـدامێکی کارامـە ئـەنجامی دەدەن، کە کار و پیشـەکانیان توانای دروستکردنی ڕووداو

---

١ـ بڕوانە: د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٤٨.

و دارِشتنی سیاسەتەکانیان بۆ دابین دەکەن، هەروەها پەیوەندیکردنیان بە شێوەیەکی ئاسان بە سەرچاوەی زانیاری کاریگەرییەکی بەهێزیان پێدەبەخشێت، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە گشتییەکان.

٣. گوێگری ئەم گوتارە جەماوەرە، کە خودی گوتارەکە بە ئامانجی دەگرێت: وەک گروپێکی سیاسی یان شارێک یان هەموو نیشتمان.

٤. ئامرازی گەیاندن: لە هەمووی گرنگتر ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە، هەروەها ئامرازەکانی پەیوەندی کەسی وەک کاسێت، چ بینراو چ بیستراو...هتد.

زۆرجار گوتاری سیاسی ئاراستەی دەستەبژێرێک لە سیاسییەکان دەکرێت، چونکە ئەو کەسانە گوێ لە گوتارەکە دەگرن و لێکی دەدەنەوە، لەوانەشە باوەڕی پێبێنن، لەوانەشە بگێندرێتە جەماوەری گەل. هەندێک لە سیاسییەکان نامەکانیان ئاراستەی بیرمەندان و ڕووناکبیران دەکەن و ئەوانیش زانیاری وەردەگرن و دەیبەخشنە هەوادارییان و تەیاریان دەکەن و ئامادەیان دەکەن بۆ پاڵپشتکردنی بۆچوونێک یان پرسێک. زۆر لە پرۆگرامەکان پێویستییان بە بەشدارییەکی جەماوەری هەیە، وەک ڕاگەیاندنی جەنگ، یان بەشداری لە

پڕۆژەیەکـــــی خێرخــــوازی، کە نــــاکرێ ســـــەرکەوتن بەدەســتبێنێت ئــەگەر ژمــارەیەکی زۆری جەمــاوەری بــۆ ڕانەکێشرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی زمانی سیاسی.

گوتاری سیاسی زۆر گرنگە، ئەم گوتـارە مـامەڵە لەگەڵ کێشــە گەورەکـانی ژیانـدا دەکـات، لە ســەرەتادا گوتــارەکە وەســـفی ژیـــان دەکـــات، پاشـــان دروســـتی دەکـــات و پێکیـدەهێنێت. وێنەکـانی وشــە هەنـووکە بـۆتە ســەرچاوەی سەرەکی بۆ تێگەیشتن لە واقعی سیاسـی، و بنەمـای کـاری فەرمی یان کارنەکردن و بنەمای هەست و نەستی گەلە بە گەشـــبینی و ڕەشـــبینی، بـــە ڕەزامەنـــدی و نـــاڕازیبوون دەربارەی ڕێچکەی ژیانی سیاسی.

هزر و ڕاستەقینەکان بـۆ ئەوەی بەهێـز و کـاریگەر بـن، پێویســـتییان بە زمـــانێکی بەهێـــز هەیە، کە بەشـــێوەیەکی گونجـاو داڕێـژراو بێـت، تـا بەشـێوەیەکی بـاش بگێنـدرێتە جەمـاوەر، بەبـێ زمـان ڕاسـتەقینە و هزرەکـان لاڵ و پـاڵ دەبــن و نــاتوانن هــزر و بیــر دروســت بــکەن و ماناکــان بگەیەنن.

(ئەرستۆ) وتوویەتی: **بەس نییە مرۆڤ بزانێت کە چی دەوترێت، بەڵکو پێویستە بەو شێوەیە بێت، کە پێویست بیلێت.**[1]

**ئەرکەکانی زمانی سیاسی**

**(گریبەر)** پێنج ئەرکی بۆ زمانی سیاسی دەستنیشانکردووە، کە ئەمانەن:

**١. بڵاوکردنەوەی زانیاری**

سیاسییەکان ڕوونکردنەوەی سروشتی سیاسەتەکانیان دەکەن، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە بە شێوازێکی ڕوون و ڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت، لەوانەشە بە شێوەیەکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ ئەنجام بدرێت، چونکە جاری وا هەیە پەلارهاوێشتن لە شێوازی ڕاشکاوانە باشترە، سەردەمانێک هێما لە شێوازی ڕاستەوخۆ زیاتر گوزارشتی لە شتەکان دەکرد و زیاتر مانا و چەمکی بەهێز و بەپێزی لە مێشکی جەماوەردا دەوروژاند. تەنیا ناوهێنانی وشە **(خیلافەت)**، ناخی موسڵمانانی لەسەرانسەری جیهان دەهەژاند، چونکە خیلافەتی ڕاشیدین لە هزر و بیر و

---

[1]- بڕوانە: د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٤٩.

ناخیانـــدا هێمـــایەکە، بـــۆ بەدیهێنـــانی ئاواتەکانیـــان و بەدەســـتهێنانی ئـــازادی و دادپەروەری و گەشەســـەندن و یەکبـــوون، بە هەمـــان شـــێوەش دروشـــمی **(ئیســـلام چارەســـەرە)**، کە هەنـــدێک لە گـــروپە ئیســـلامییەکان هەڵیانگرتووە، ناخی موسڵمانان دەوروژێنێت.

ئەوانەی کـــاری سیاســـی دەکەن، خوازیـــاری ئەوەن چالاکییەکانیـان لە میدیاکانـدا بڵاوبـکەنەوە، بـۆ ڕاکێشـانی هەست و نەستی جەماوەر بە لای خۆیاندا، تا ببنە پاڵپشت بـــۆ وەرگرتنـــی پـــلە و پـــێگەی سیاســـی لە کـــۆمەڵگەدا، هەرچەندە سیاسییەکان خۆیان وا پیشاندەدەن، کە خاکین و لێبوردەن، کاتێک کارە چاکەکانیان دەخەنەڕوو.

ئەو پەیامـانەی حکومەتەکـان ڕایانـدەگەیەنن، زۆرجـار بۆچـوونی نێردەکانیـان ئاشـکرا دەکەن، زمـانی سیاسـی حکـومەتی ئێـران بـۆ نمـوونە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیە، ئێرانییەکان لە زمانی سیاسی خۆیاندا چەند گوزارشتێک بەکـاردەهێنن، وەک **(مەحرومەکـان)** و **(لاوازەکـان)** و **(شـەیتانی گەورە)....**، و لە میـدیاکانی وڵاتـانی دیکەشـدا چەنـد گوزارشـتێک بەکاردەهێنرێـت، وەک **(تیـرۆر)** و (**وشککردنی سەرچاوەکان**) و **(سێگۆشەی تیرۆر)**.

### ٢. ڕێکخستنی لەپێشینەکان

مەبەســـت لەم خـــاڵە توانـــای پەیوەندییـــە لەســـەر دەستنیشـــانکردنی گرنگیـــدانی جەمـــاوەر بە پرســـەکانی کۆمەڵگە و کارکردن لەسەر ئەو شتانەی بیری لێدەکەنەوە. لێـرەدا دوو ڕێـگە هەیە، کە زمـانی سیاســی بەهۆیـانەوە ڕێکخستنی لەپێشینەکان ئەنجام دەدەن:

أــ کاتێــک سیاســـەتمەندارێک گرنگییەکــی تـــایبەت بە بابەتێک یان کەسێک دەدات، ئەوە واتـای وایە گرنگی بەو بـابەتە یـان ئەو کەســە دەدات، پێچەوانەکەشــی ڕاســتە، چونکە زۆر لە پرس و کەسایەتییەکان ناتوانن ڕۆڵ بگێڕن، ئەویــش لەبەر پشتگوێخســتنیان لەلایەن سیاســییەکان و میـدیاکارانەوە. جـوانترین نمـوونەش لەســەر ئەمە قسـەی **(محەمەد حوسنی موبارک)**ە، کە لە مـانگی مارسـی ساڵی (٢٠٠٩) کــــردی دەربـــارەی باشـــکردنی کەشـــی پەیوەنــدییەکانی نێــوان وڵاتە عەرەبییەکــان، کە گرێــدانی لــوتکەی **(ڕیــاز)**ی لــێکەوتەوە، لەســەر بانگەشــەی **(شــا عەبدوڵلا)**، کە هەر سێ سـەرۆک **(موبـارک)** و **(ئەسـەد)** و **(سەباح)** بەشدارییان تێداکرد.

ب ـ سیاسییەکان هەندێکجار هەوڵدەدەن بۆ شاردنەوەی دەسـتکەوتی نەیارانیـان یـان بەرهەڵسـتکارانیان، بە هەمـان

شـــێوەش هەوڵـــدەدەن هەڵەکانیـــان یـــان خەوشـــەکانی کەسایەتییەکانیان پەردەپۆش بکەن.

ئینجـــا ئـــەگەر ئەم نوشوســـتیانە بڵاوببـــنەوە، ئەوا هەوڵـدەدەن سـەرنجی خەڵکـی بـۆ شـتی دیـکە ڕابکێشـێن، وەک ئەوەی بەدوای قوربانییەکـدا بگەڕێـن، یـان کـارێکی سـەربازی لە دەرەوەی وڵات ئەنجـام بـدەن... هتـد، تـا خەڵکی چەواشە بکەن.

لەوانەشە کەسی سیاسـەتمەدار باس لە پرسێک بکات، یان وەڵامی پرسیارێک بەشێوەیەکی ناڕوون و تەمومژاوی بـداتەوە، کە زۆر لە ڕاسـتییەوە دووربێـت، بـۆ نمـوونە سیاسەتمەدارێک هەندێک گوزارشتی ئەزبەرکراو ئامادە لە گوتارەکانیـــدا بەکاربهێنێـــت، وەک (**بـــا کەشـــتییەکە بڕوات**)،(**هەوڵـــدەدەین و دەگەیـــن**)، (**بۆچـــوون لەپـــێش ئـــازایەتییەوەیە**)، (**هـــیچ دەرفەتێـــک نیـــیە، جـــگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستەکە**)، (**وازمـان لـێ بێنن، بـا مۆمێـــک دابگیرســـێنین لەجیـــاتی نەفرەتکـــردن لە تاریکی**)...هتد، دەربارەی ئەم گوزارشانە (**د.بن سەعید**) دەڵێت: **ئەم گوزارشـانە لـێڵن، هەمـوو کەسـیش لەسـەری کۆکن، سیاسـەتمەدارانیش زۆر خۆیان ماندوو نـاکەن، تا**

**فێری ببن و بەکاریبهێنن، چونکە زانیارییەکی ئەوتۆی تێدا نییە و هەڵوێستێکی ڕوون تۆمار ناکات.**[1]

**٣. شیکردنەوە و بەستنەوە**

پاش سەرنجڕاکێشانی بۆ پرسێکی دیاریکراو، کە گرنگترین ئامانجەکانی سیاسەتمەدارەکانە، کە پڕۆسەیەکە پرسەکان ڕووندەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەریان و پاساوی بانگەشەکردنیان دەداتێ، هەروەها کاروبار و پێشنیازەکانی پاڵپشت دەکات، ئەویش بە بەستنەوەی بە ئامانج و سیاسەتە سەرکەوتووەکانی، کە دەبێتە هۆی دروستکردن و پێکهێنانی ڕاستەقینەکان.

بۆ نموونە: لەوانەیە فەرمانڕەوایەکی ستەمکار گەلەکەی بۆ جەنگێکی وێرانکار پەلکێش بکات و ئەنجام تووشی شکستێکی گەورە بێت، پاشانیش ڕایبگەیەنێت کە چاکسازی سیاسی ئەنجام دەدات و هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکات و بانگەشە بۆ بەشداری جەماوەر لە پڕۆسەی حوکمڕانیدا دەکات... زۆرجاران کاتێک کێشەکە کۆتایی دێت، ئەوا دەگەڕێتەوە سەر ستەمکارییەکەی جارانی

[1]- د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٥٢.

خـۆی، بەرانـبەر بەمەش دەبینـین بەرهەڵسـتکارەکانی ئەم هەڵوێســـتانەی لێکـــدەدەنەوە و نیـــازە بەدەکـــانی ئەو فەرمـانڕەوا دیکتـاتۆرە دەخەنەڕوو و دەڵـێن: ئەم پـڕۆژە چاکسازییە تەنیا فریودانی خەڵکە و هیچی تر، یان دەڵێن: **(پڕوپاگەنـدەیەکی پـووچە، تەنیـا گـومڕاکردنی گەلە و درێژەدانە بە کێشەکانی)...هتد.**

**(د.بن سەعید)** لەم نموونەیەوە دەگاتە چەند ئەنجامێک و دەڵێـت: ئەم نمـوونەیە ئامـاژە دەکـات بـۆ دروسـتبوونی چەند ڕاستەقینەیەکی هەمەجۆر، کە لە یەک ڕووداو یان لە یەک بابەتەوە دەستدەکەون.[١]

شـێوەکانی شـیکردنەوە و بەسـتنەوەی ئەم حـاڵەتە، بەکارهێنـانی دەقە ئایینییەکـانە یـان وتە نەسـتەقەکان یـان ڕووداوە یەکلاکەرەوەکـانە بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـۆ کـردار و دەستپێشخەری یان نەخشە سیاسییەکان.

**(سـادات)** سـەرۆکی پێشـووی میسـر ئـایەتی قوڕئـانی دەهێنایەوە، بۆ پاساوهێنانەوە بە هەڵوێستەکانی، کاتێکیش ڕێککەوتنی **(کامـب دەیڤیـد)**ی لە سـاڵی (١٩٧٩) واژۆکـرد، ئەم ئـایەتەی کـردە بەڵگە **(وان جنحـوا للسـلم فـأجنح لهـا)**،

---

١ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٥٢.

کـاتێکیش بەرهەڵسـتی زۆری لە خەڵـکەوە بـۆ پەیـدابوو، هەڵوێستی خۆی بە هەڵوێستی پێغەمبەر **(نوح)(سەلامی خوای لەسەر بێت)** شوبهاند و ئەم ئایەتەی هێنایەوە و وتی **(رب إني دعوت قومي ليلا و نهارا)**.

**(سەددام حوسێن)** سەرۆکی پێشووی عێراق لە کاتی جەنگی ئێراندا، ئەم دەربڕینەی **(قادسیەی سەددام)** بەکاردەهێنا، بۆ ئەوەی پشت بە مێژووی بەرەنگاربوونەوەی عەرەب و موسڵمانەکان ببەستێت دژ بە فارس و ئاگرپەرستەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، بۆیە لە گوتارەکانیدا ئەم ئایەتە قورئانیانەی بە بەڵگە دەهێنایەوە **(إن ينصركم الله فلا غالب لكم)** و **(إن جندنا لهم الغالبون)**...هتد، بە هەمان شێوە ئەم ئایەتانە لەو ئێزگەی عەرەبییەوە پەخشدەکرا، کە لە ئێرانەوە ئاراستەی جیهانی عەرەبی دەکرد.

**(یاسر عەرفات)**یش ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ **(ئیسرائیل)** بەوە وەسف دەکرد، کە **(ئاشتی سەلاحەددین ئەیوبییە)**.

هەروەها لە پرۆسەی شیکردنەوە و بەستنەوەدا کۆمەڵێک پێناسە و وەسفی وشەیی هەن دەربارەی دەستەکان و ڕووداوەکان و کەسەکان، هێزی ئەم پێناسانە

لەو توانایانیاندایە لە بونیادنانی مێشکی خەڵکی و دارِشتنی بیروبۆچونیاندا بەرجەستە ببێت.

ئەم کـارە لەلایەن فەرمـانڕەوا و سـەرۆکی حزبەکـان و سیاســـەتمەداران ئەنجـــام دەدرێـــت، سیاســـەتمەدارە ئەمریکییەکـــان کە لایەنگیـــری ئیســـرائیل دەگـــرن و بەشـــێوەیەک بەرجەســـتەی دەکەن، کە دەوڵەتێکـــی دیموکراسییە و وڵاتێکی عەرەبی دوژمنکار دژایەتی دەکات و گروپگەلێکـــی دوژمـــن و درِنـــدەن و ئیســـرائیلییەکانیش (**ئاشـــتیخواز و جەنگـــاوەری دلێـــرن**)، کەچـــی ئەو فەلەستینانەی بەرگری لە خاک و دانیشتیوانی وڵاتەکەیان دەکەن، بە (**تیرۆریســـت**) و (**خۆکـــوژ**) نـــاوزەد دەکەن و داگیرکردنـی غەززە و کەرتـی رِۆژئـاواش بە (**دابینکردنـی ئاســـایش**) ناودەنێن...هتـــد، ئەم کەســـانە دەربرِینـــی ئامادەکراویـــان هەیە، وەک: **تیرۆریســـــت، میـــانرِەو، رِەگەزپەرســـت، چـــالاک، جوداخـــواز، دیموکراتخـــواز، ئازادیخواز، ...هتد**، ئەم وەسفانە تاکەکان و گروپەکانیان پێ وەسـف دەکرێت و هەریەکەیان بەگوێرەی هەڵوێستی ئەو کەسانە بەرانبەر بە خەڵک بەکاریان دەهێنن.

هەروەهـــا ئـــەو دروشـــمانەی سیاســـەتمەداران و میدیاکاران بەکاریان دێنن، گوزارشتی تۆکمە و پتەون، کە

بەئاسانی ئەزبەر دەکرێن و دەگوازرێنەوە و دەوترێن، دروشمەکە بەرنامەی سیاسی یان هەڵوێستی مرۆیی یان پرۆژەی هزری......هتد بەرجەستە دەکەن، بۆ ئەو کەسانەی بەکاریان دێنن یان دایدەڕێژن: **(نەتەوەی عەرەب یەکگرتووە)،(هیچ دەنگێک لەسەرووی دەنگی جەنگەوە نییە)، (ئازادی بیرورا نەک ئازادی دارماندن)، ...هتد.**

ئەم دروشمانە هەروەک **(د.بن سەعید)** دەڵێت: **گوزارشت لە تێڕوانینی گەل بۆ جیهان دەکات، لەوانەشە هەڵوێست و ئاکارەکانی دەستنیشان بکات.**[1]

**٤. وێناکردنی ڕابووردوو و داهاتوو**

سیاسەتمەداران ڕووداوەکانی ڕابووردوو بە بیری خەڵک دەهێننەوە، بۆ ئەوەی هەستی گرنگی و ئاسوودەیی و شانازی، یان نیگەرانی و نوشوستی لەلای خەڵک بوروژێژنن و پێشبینی ئایندە بکەن و هۆشداری بدەن دەربارەی ئەنجام و ئاکامی دیاریکراو، یان مژدەدەن بە ژیانێکی خۆش و پڕ لە خۆشی و ئاسوودەیی لەژێر

[1]- د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٥٥.

سایەی حوکمڕانی داهاتوودا، زۆرجار **(ئەنوەر سادات)**ی سەرۆکی پێشووی میسر گوتاری ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرد، کە ڕۆڵی وڵاتی میسریان بە کەم دەزانی، ئەم وڵاتە **(حەوت هەزار ساڵە)** خاوەن شارستانیەتە، یان **(یەکەم ژیانی سیاسی تیایدا سەری هەڵداوە)** لەم چەرخەدا، هەروەها هەمیشە لە خراپترین بارودۆخدا مژدەی بە ژیانێکی ئاسوودەی بە میسرییەکان داوە.

**٥. هاندان بۆ کارکردن**

زمانی سیاسی لە ڕێگەی بانگەشە و ڕازیکردنەوە، بۆ تەیارکردنی کۆمەڵگە و هاندانی ئەندامەکانی بۆ کارکردن کاردەکات. زۆرجار ئەم شێوازە ئامانجی خۆی دەپێکێت، بەتایبەتی کاتێک لەلایەن چەند کەسایەتییەکی ئەوتۆوە دەردەچێت، کە جێی ڕێز و پێزی کۆمەڵگەن، یان پشت بە ئایین یان دەستوور دەبەستن.

زۆرجار گۆڕانە سیاسییە مەزنەکان بە گۆڕانی وشە و دەربڕینەکان ڕادەگەیەنرێن، لەوانەیە شۆڕش بە چەند گوزارشێک دەستپێبکات، وەک ڕزگاربوون لە داگیرکەر و ستەمکار، پاشان بانگەشەکردن بۆ جەنگ و سەندنەوەی ماف و سەپاندنی دادپەروەریی.

ئەمانەش شێوازی شۆڕشەکەی (**یۆلیۆی ١٩٥٤**)بوو، کە ئەم دروشمانەی تیایدا بەرزکرایەوە (**حەق هات و پووچی کۆتـایی پێهـات**)، (**بـرام سـەرت بەرز بـکەرەوە، ئیتـر سەردەمی کۆیلایەتی کۆتایی هاتووە**)، (**یەکێتی و یاسا و کارکردن**).

هەندێکجار وشەکان لەجیاتی کردارەکان ڕۆڵ دەگێڕن، (**جـۆن کەنەدی**) سـەرۆکی پێشـووی ئەمەریکـا، کاتێـک هەڕەشـەی کـرد بەوەی موشـەکەکانی سـۆڤیەت لەنـاو بەرێت، لە (**کوبـا**) سوڤیەت دەستیکرد بە کشانەوەی ئەو موشەکانە.

زۆرجـار وشـەکان لەجیـاتی کردارەکـان کـاردەکەن و ڕۆڵ دەبیـنن، ئەویـش کاتێـک هێمـایەکی تێروتەسـەل بە جەمـاوەر دەدەن، لەوانەیە کـۆمەڵە گفتێـک بە چەنـد کرێکـارێکی مـانگرتووە بـدرێت، بەوەی کرێیـەکانیان بەرز دەکـرێتەوە، تـا بگەڕێـنەوە سـەر کارەکانیـان، زۆرجـار حوکمڕانەکـان لە ناوچەکەمانـدا گفتـی ئەوە بە خەڵکـی دەدەن، کە ژیـانێکی دیموکراسـی نموونەییـان بـۆ دابیندەکەن!.

جـاری واش هەیە ئەم گفتـانە جـۆرێکە لە هەڵخەڵەتانـدن یـان درۆ، کە حـوکمڕان یـان سیاسـەتمەدار بەهـۆیەوە

هەوڵدەدات ئامانجی کەسی و حزبی بۆ خۆی بپێکێت. مژدە سیاسییەکان زۆرجار تەنیا وشەن و هیچی تر، جەماوەر پێی هەڵدەخەڵەتێن، ئەمەش یەکێک لە ڕەخنەگران پێی دەڵێت (**پاساوی مژدەدان بە بەهەشت**)، ئەوان دان دەنێن بەوەی بارودۆخەکە خراپە لەسەر شێوازی (**بەڵێ**)، پاشان بە خۆیان دەگەن و دەیکەنە (**بەڵام**).

یەکێک لە فەرمانڕەواکان دەڵێت: بەڵێ بارودۆخی ئابووری نالەبارە، بەڵام ئێمە توانیومانە قوتابخانە بکەینەوە و پڕۆژەی کشتوکاڵی دابمەزرێنین...هتد.

زمانی سیاسی ئامرازێکی زیندووە لە ئامرازەکانی شەرعیەتی سیستەمی سیاسی، هەندێک لە ڕەخنەگران ئاماژە بەم ئامرازانە دەکەن و پێی دەڵێن (**هێمای توندوتیژی**)، کە لێدوان و بەیاننامە و گوتار و بڕیار و هۆشداری لەخۆ دەگرێت، هەمووشیان ئاماژەیان بە ڕاگەیاندن و شرۆڤەکردن و پاساوهێنانەوە و گومڕاکردن و ڕازیکردن دەکەن.

کاتێک جەماوەرێکی زۆری گەلی میسر دژ بە بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک لە ساڵی (١٩٧٧) ڕاپەڕین، ڕۆژنامەکانی بەرهەڵستکاران بە (**ڕاپەڕینی گەل**) ناوزەدیان کردن، بەڵام پاش ئەوەی سەرکوتکرا، (**سادات**) ناوی نا

**(ڕاپەڕینی دزەکان)**، کاتێکیش چەند سیاسەتمەدارێکی وڵات خوازیاری ئەوە بوون، کاری بەرهەڵستکاری بەشێوەیەکی یاسایی بکەن، **(سادات)** بە **(کەڵبەکانی دیموکراسی)** ناوزەدیکردن، بەڵێنیدا لەناویان بەرێت.

زمانی سیاسەت هەروەک **(د.بن سەعید)** دەڵێت: **زۆر گرنگی بە دەربڕینە مەعریفییەکان نادات و ڕاستەقینە ڕوون و ئاشکراکان ناخاتەڕوو، بەڵکو مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم زمانە، پاڵپشتیکردنی هەڵوێستی کەسی سیاسی تیشک خستنە سەر بەرنامە و پڕۆگرامە سیاسییەکەیەتی، لەبەر ئەوە زمانێکی ئاشکرا و ڕوون هەژمارناکرێت، بەڵکو بە زمانێکی چەواشەکاری هەژماردەکرێت، کە پڕە لە مانا و وشە هەمەجۆرەکان، کە لەپێناو خزمەتکردنی ئامانجە سیاسییەکان، ناخی خەڵک دەهەژێنێت.**[1]

---

[1]ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٥٩.

**سیمبولەکانی سیاسەت**

سـیمبولەکانی سیاسـەت ڕۆڵێکـی گرنگیـان لە پێکهێـانی ڕاسـتەقینە و هەڵوێسـت و جۆشـدانی خەڵکـی بـۆ کـارکردن هەیە.

**(لانع ولانگ)** سیمبولی سیاسـەت بەوە پێناسـە دەکات؛ ئەو کۆمەڵە وشە و کار و کردەوە و وێنە و ڕووداوانەیە، کە هەواداری دەوروژێـنن و هـانی خەڵـک دەدەن لەسـەر گوێڕایەلی، یـان جەختـدەکەنەوە لەسـەر بانگەوازێک، یـان پاساویان دەدەنێ، یان بەڵێنی ڕزگاربوونیان دەدەنێ.[1]

لەوانەشـە کەسـەکان ببـنە سـیمبولێک بـۆ گەلەکانیـان، ئەویـش ئـەگەر هیـوا و ئاواتەکانیـان بـۆ بێنـنـە جـێ لە بەدیهێنانی ئازادی و ئاوەدانی و ژیانی شایستە، بۆ نموونە **(عومـەر موختـار)** سـاڵی ١٩٣١ ببـووە سـیمبولێک بـۆ بەریگریکـردن و خەبـاتی گەلـی **(لیبیـا)**، دژ بە داگیـرکەری **(ئیتاڵی)**، هەروەها **(جەمال عەبدولناسر)** بووە سیمبولێک بـۆ ڕزگـارکردنی **(میسـر)** لە ئینگلیزەکـان و بەرگـری دژی ئیستعمار لە **(ئەفەریقا)**، کە بانگەشـەی بۆ یەکێتـی عەرەب دەکرد لە سەرانسەری جیهانی عەرەبیدا.

---

[1]ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٥٩.

سـیمبولیش هـیچ مانـایەکی نابێـت، مەگەر لە ئـاڵوگۆڕی ڕۆڵەکـــانەوە نەبێـــت، کە دەیگێڕێـــت، واتە لە پرۆســـەی ئـاوێتەبوونی کـۆمەڵایەتییەوە سـەرچاوە دەگرێـت و چەنـد چەمکێکی هاوبەش بە خەڵک پێشکەش دەکات، ئەویش بـە هانـدانیان بـۆ ئـاوێتەبوونی زیـاتر و نەهێشـتنی دووبەرەکـی لەو بەرژەوەندییانەی دەستیاندەکەون.

**جۆرەکانی سیمبولی سیاسی**

سیمبولەکانی سیاسـەت زۆرن و **(نیمـۆ)** بـۆ پێنج گـروپ دابەشیان دەکات:

١ـ گروپێک لە ئاخاوتنەکانی دەسەڵات پێکدێت، سەرجەم ئەو یاسا و بەڵێننامە و سیستەمانە دەگرێتەوە، کە ئامـاژە بۆ ئەو شتانە دەکەن، کە پێویستە خەڵکی گوێڕایەڵیان بـن و پێوەی پابەند بن.

٢ـ گروپـی ئاخاوتنەکـانی هێـز، ئەم گـروپە هەڕەشـە و گوڕەشـــەکان دەگـــرێتەوە، بە تـــایبەتی لە سیاســـەتی نێودەوڵەتیـــدا، بـــۆ نمـــوونە مـــانۆڕە ســـەربازییەکان و نمایشەکانی چەکداریی.

٣. گرووپــی ئاخاوتنەکــانی پەیوەســت بە کــاریگەری و کــارتێکردنەوە، کە پرۆگرامــی حزبەکــان و دروشــمەکان و لێدوانەکان و سەروتاری پێشەکی ڕۆژنامەکان دەگرێتەوە.

٤. گرووپی ئەو سیمبولانەی لە ڕستە بچووکەکاندا کورت کــراون، بەڵام پرســی زۆر گەورە نــوێنەرایەتی دەکــات، کە خــــاوەن ڕەهەنــــدی سیاســــی ڕوون و ئاشــــکران، وەک **(لەباربردن)** و **(بێکاری)** و **(سنووردارکردنی وەچە)**.

٥. گرووپی ئەو ســیمبولانەی گوزارشــت لە چەنــد شــتێک دەکەن، کە ڕەگێکــی مێژووییــان هەیە، وەک **(خــیلافەت)** و **(شورا)** و **(وڵاتی ئەندەلووس)** و **(شەڕی خاچپەرستان)**.

**دڵنیابوون بەهۆی سیمبولەکان**

ســیمبولە سیاســییەکان چەنــد ڕاســتییەک پێکــدەهێنن و هــــانی خەڵــــک دەدەن، بــــۆ بەجێهێنــــانی ئامانجەکــــان، سیاســەتمەداران ســیمبولە سیاســییەکان بەکــاردەهێنن، تــا خەڵک دڵنیــا بــکەنەوە و پێیــان بڵــێن کێشــە و گرفتەکانیــان چارەســەر دەبــن، تەنــانەت ئــەگەر سیاســەتی ئێســتا هــیچ شتێکیان بۆ ناکات.

## شێوازەکانی دڵنیابوون بەهۆی سیمبولەکان

**(نیمـۆ)** بـاس لە سـێ شـێوازی زمـانەوانی دەکـات، کە سیاســـەتمەداران بە گشـــتی بەکـــاری دەهێـــنن، بـــۆ دروستکردنی هەستی دڵنیایی لای جەماوەر، کە ئەمانەن: شێواندنی ڕاستییەکان، پێداهەڵدان، خواستن.

### أ. شێواندنی ڕاستییەکان

شـــێواندنی ڕاســـتییەکان لە ڕەوانبێـــژی عەرەبیـــدا بە جـــوانکردنی شـــتە ناشـــیرینەکان نـــاوزەد دەکرێـــت، واتە بەکارهێنـــانی گوزارشـــتێکی جـــوانکراو و ناڕاســـتەوخۆ بـــۆ وەســـــفکردنی شـــــتێکی ناشـــــیرین و قێـــــزەوەن. لەوانەیە سەرکردەیەکی سیاسی هەوڵەکانی خۆی بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ دوژمنەکانیـدا بـە **(دەستپێشـخەری ئاشـتی)**، یـان **(ئاشـــتبوونەوەی بەهێزەکـــان)**، یـــان **(ئاشـــتبوونەوەی ئازاکان)**، یان **(ئاشتی شەڕەفمەندانە)** ناوزەد بکات...هتد، ئامــــــانجیش لەمە لە ڕووی زمـــــانەوانییەوە ئەوەیە، کە ڕاستەقینەیەکی تاڵ لای خەڵک شیرین بکات.

عەرەبەکـــان شکســـتهێنانی ســـاڵی (١٩٦٧)یـــان ناونـــا **(نوشوست)**، بۆ ئەوەی گەلانی خۆیان وا گۆش بکەن، کە ئەم دۆڕانـدنە تەنیـا مەسـەلەیەکی کـاتییە، دۆڕانـی سـوپا

عەرەبییەکـان و ڕاگەیانـدنی دەوڵەتـی ئیسـرائیل لـە سـاڵی (١٩٤٨) بە **(کەوتن)** ناوزەدکرا.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکـا زۆرجـار پەنادەبـاتە بەر ئەم شـێوازە، بـۆیە شـاڵاوەکەی **(ئیسـرائیل)** لە سـاڵی (١٩٨٢) بۆ سـەر **(لوبنـان)** ناونـا **(ئاشـتییەکی شـکۆدار)** و قەسـابخانەی موسـڵمانان و سـووتاندنیان لە **(بۆسـنە)** لەسەر دەستی **(سڕبییەکان)** ناونـا **(پاکسـازی ڕەچەڵـەکی)**، و ئەو بۆمبانەی فڕۆکەکانی دایاندەبارییە سـەر مەدەنیەکـان ناویاننا **(بۆمبە زیرەکەکان)**.

ئەم دەربـڕینە گومڕاکـارانە بەشـێوەیەکی قێـزەوەن ڕاسـتییەکان دەگـۆڕن و ڕەواج بە درۆ و فـرت و فێڵەکـان دەدەن، بە یەکێک دەکرێت کە ناوی شتەکان بگۆڕێت، بەبێ ئەوەی وێنەکانی مێشک لەلای ئامادەگی هەبێت.

کەچـی لەگەڵ ئەوەشـدا هەنـدێک وشـە و ڕسـتە و دەربـڕین هەن، کە ڕۆڵـی ئەرێنـی دەبیـنن، بـۆ نمـوونە هەژاران بە خـاوەن داهـاتی سـنووردار وەسـف دەکـرێن، بەرزکـردنەوەی نرخەکـان بە **(جوڵانـدنی نـرخ)** دادەنرێـت، یەکسانبوون لە تۆپی پێدا جاری وا هەیە بە **(یەکسـانبوون بە چێـژی بـردنەوە)** نـاوزەد دەکرێـت، هەمـوو ئەمـانە شێوازێکن لە شێوازەکانی دڵنیاکردنی جەمـاوەر و هاندانی

بــۆ کــارکردن، یــان وەرگــرتن و پەســەندکردنی بڕیــارە ناپەســەندەکان، بەبــێ ئەوەی مەرامە ڕاســتەقینەکان بــاس بکرێن.

**ب . پێداهەڵدان**

پێداهەڵدان یان ڕۆچوون لە ستایشکردن ، زۆرجار لە ڕێکلامە بازرگانییەکان و پروپاگەندەی سیاسی دەبینرێن. بۆ نموونە **(سەرۆک بۆش)** لە ساڵی (١٩٨٨)دا وتی: **لە ئاییندەیەکی نزیکدا هیچ نەتەوەیەک یان کۆمەڵەیەک ناتوانێت پێشبکەوێت بەو ڕادەیەی بتوانێت پێشەنگ بێت. لە کۆتایی سەدەی بیستەم و هاتنی سەدەی بیست و یەکەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە ڕابەرایەتیکردنی هیوا و ئاواتی مرۆڤایەتی.**[١]

**ج . خواستن**

ئەمەش واتــای وایە چەمکێکــی نــامۆ شــرۆڤە بکــەین، ئەویش لەمیانەی بەستن و گرێدانی بە شتێکی ڕوون و ئاسایی و پەسەند، بۆ نموونە پیاوانی ئاسایش بە **(چاوە بێدارەکان)** نــاوزەد دەکــرێن و ســوپای وڵات بە **(قــۆڵی**

---

١ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٦٣.

**درێژ)** وەسف دەکرێت و ئەوانەشی دەستبەسەر قووتی میللەتدا دەگرن بە **(پشیلە قەڵەوەکان)** ناودەهێنرێن و دەزگاکانی ئاسایش بە **(سەردانیکارانی گزنگ)** ناودەبرێن و زۆرجار پێشەوایانی سیاسەت هەندێک کێشەی بچووک بە **(قەیران)** ناودەبەن، تا بەڕاستی ببێتە قەیرانێک و گەلیش وەک قەیران مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆ نموونە ئەگەر موشەکێکی ئێرانی بە ئۆتۆمبێلێکی سەربازی ئەمەریکیدا بتەقێتەوە، ئەوە بە **(قەیران)** ناوی دەبەن، لە حاڵێکدا موشەکێکی ئەمەریکی فڕۆکەیەکی مەدەنی ئێرانی تێکبشکێنێت و سەدەها کەسی مەدەنی بکوژێت، ئەوە بە **(قەیران)** ناوی نابەن.

هەروەک **(د.بن سەعید)** دەڵێت: **سیاسییەکان هەڵوێستەکان دەکەنە قەیران یان بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان و بەرژەوەندی گەلەکانیان پەراوێزی دەخەن.**[1]

لەوانەشە سیاسەتمەدارێک پاساوی **(قەیران)** بکاتە ئامرازێک بۆ خۆ دەربازکردن لە ڕەخنە و لۆمەی ڕەخنەگران، یان وەڵامدانەوەی ئەوانەی بە کەمتەرخەمی، یان نوشوستهێنان تۆمەتباریان دەکەن، لەوانەشە **(قەیران)**

---

[1] ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٦٦.

بکەنە پاساوێک بۆ پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی یەکلاکەرەوە، وەک سەرکوتکردن و ڕەشبگیریی هەڕەمەکی و حوکمی عورفی و هەڵپەساردنی کارکردن بە دەستوور، لەم حاڵەتەدا قەیرانەکە دەبێتە قەنارەیەک بۆ لە گەردندانی بەرهەڵستکاران، چونکە **(ئازادی بۆ گەلە و ئازادی بۆ دوژمنانی گەل نییە).**

**سیمبولەکانی سیاسەت و ڕۆشنبیری**

کاری سیاسی پەردە لەسەر کار و چالاکییەکانی سیمبولەکانی سیاسەت هەڵدەداتەوە، ئەوانەی هێز و هەڕەتی خۆیان لەوەوە وەردەگرن، کە بەشێکن لە ڕۆشنبیری و بەها و سۆزە هاوبەشەکانی کۆمەڵگە، بە هەمان شێوەش هێزی خۆیان لەوەوە دەستدەکەوێت، کە لە چوارچێوەیەکی فراوانتری کۆمەڵایەتیدا پێشکەش دەکرێن، کە ئەویش گروپە.

لێرەدا دوو ڕەهەندی باو لە ئارادان، کە لە ڕەهەندە ڕۆشنبیرییە خۆجێیەکانەوە وەردەگیرێن و کاریگەرییەکی دیاریان لە پێکهێنانی چالاکی سیاسیدا هەیە، کە ئەمانەن: ئەفسانە و سرووتەکان **(نەریتەکان).**

**ئەفسانەکان**

ئەفسـانەکان بەوە پێناسـە دەکـرێن، کە بـاوەڕی چەسـپاوی کۆمەڵگەیـان و ئـێمە بەبـێ هـیچ بەڵـگەیەک باوەڕمـان پێیـان هەیە. سیاسـییەکان ئەم ئەفسـانانە بەکـاردەهێنن، ئەویـش کاتێـک دەیـانەوێ هەڵە و کێشـەکان حەواڵەی هێزە دەرەکییەکان یان دەستتێوەردانی دەرەوەی وڵات بکەن.[1]

بەناوبـانگترین ئەو ئەفسـانەیەی نازییەکـان بەکاریـان دەهێنا (**پێشەوای کارێزما**)یە، کە کەسێک یان پێشـەوایەکە دوورەپەرێـزە لە هەمـوو نوقسـانی و ڕەخنەیەک، هەمیشـە لەسەر ڕێگەی ڕاستە و هەر لەسـەر ڕاستەڕێ دەمێنێت و هـیچ هەڵەیەک ناکـات، گەلـی ئەڵمـانی باوەڕیـان بەم ئەفسـانەیە هێنـا و ئەنجـام لە مێـژووی هاوچەرخـدا کەوتنە ناو جەنجاڵی چەندەها کێشەی گەورەوە.

هەروەها فەرمانڕەوایانی عەرەب چەندەها نـاو و نازنـاو لەخۆیـان دەنـێن، یـان میـدیاکانیان ناویـان لێـدەنێن، وەک(**سەرکردەی نەمر**) و (**سەرۆکی باوەڕدار**)، تازەترین ئەم نازنـاوانەش ئەوەیە، کە یەکێکیـان نـاوی خـۆی نـاوە

---

[1] ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٦٦.

**(سـەرکردەیەکی نەتەوەیی)** و **(پێشـەوای فەرمانڕەوایانی عەرەب)** و **(شای شاکانی ئەفەریقا و ڕابەری موسڵمانان)**.

بەناوبـانگترین ئەو ئەفسـانانەی زایۆنیزمەکـان ڕەواجـی دەدەنـێ و بەرگـی پیرۆزیـان بە بەردا کـردووە، ئەفسـانەی **(گەلی هەڵبژێردراوی خودا)** و ئەفسانەی **(زەوی بەڵێندراو لە ڕووبـاری نیلەوە تـا فوڕات)**، هەردوو ئەفسـانەکەش لە دەقـــی تەوڕاتەوە وەرگیـــراون. هـــەروەها ئەفســـانەی **(هۆلۆکۆست)** یـان **(سـوتاندن)**، کە ئیسـرائیل پڕوپاگەنـدەی بـۆ دەکـات و بگـرە هەر کەسـێک یـان دەوڵەتێـک بە درۆی بخاتەوە، تۆمەتباری دەکەن بە کوفر و دژایەتی **(سـامیەت)** و ڕەگەزپەرسـتی، هەروەهـا **(ئیسـرائیل)** ئەفسـانەی **(ئەو سوپایەی هەرگیز نادۆڕێت)** بڵاودەکاتەوە...هتد.

دەربڕینی **(جەنگی شـەش ڕۆژە)** ناولێنـانێکی ئیسـرائیلیە بــۆ جەنگــی ســاڵی (١٩٦٧)، وەک وێکچوانــدنێک بــۆ ئەو جەنگەی پێغەمبەر **(یوشـع) (سـەلامی خـوای لەسـەر بێت)** بــۆ مــاوەی شـــەش ڕۆژ دژی دوژمنـــانی لە جەنگەکەیـــدا بـەرپای کـرد، تـا ئێـوارەی ڕۆژی هەینـی بەردەوام بـوو، پاشـان لە خـودا داوایکـرد، کە ئـاوابوونی خـۆری ئەو ڕۆژە دوابخات، تا بتوانێت شـاڵاو بەرێتە بەر دوژمنەکانی، پێش هـاتنی ڕۆژی شـەممە. ئەم زاراوە یەهودیـانە وەک پاسـاو

هێنرانەوە، بۆ ڕەواکردنی ئەو جەنگانەی ئیسرائیلییەکان بۆ داگیرکردنی زەوی فەڵەستین و پیرۆزکردنی ئەو پرۆسەیە بەرپایان کرد بە گوێرەی دەقەکانی تەورات.[1]

کەچی ئەفسانەکان لایەنی ئەرێنیشیان هەیە، لەوانەیە ئەو ئەفسانانە هاندەر بن بۆ کاری خێر و پتەوکردنی بەها کۆمەڵاتییە بالاکان، وەک ئەفسانەی **(جوامێری عەرەبی)**، کە ئاماژەیەکە بۆ دلێری و ئازایەتی مرۆڤی عەرەب و بە هاناوەچوونی لێقەوماوان و ستەملێکراوان.

**سرووتەکان (نەریتەکان)**

بەوە دەناسرێت، کە چالاکییەکە ئەندامانی بەشداربوو تیایدا لە بواری کارێکی هاوبەشدا بە یەکتر دەبەسترێنەوە و سەرنجیان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی وابەستەگی لە نێوانیادا هەبێت و بەرژەوەندی گشتییان لە نێواندا هەبێت، بە شێوەیەک بەرگری ناکرێت.

بە هەمان شێوە بەوە وەسف دەکرێت، کە زنجیرەیەکی چەسپاو و بەیەکەوە گرێدراوە لە چالاکی و کردار و وتە و گوتارە فەرمییەکاندا.[2]

---

[1]ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص١٩٢.

[2]ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٦٨.

ســــرووتەکان بەمشـــــێوەیە تــــاک بە کــــۆمەڵگەوە دەبەستێتەوە، و یەکبوونی کۆمەڵایەتی و ڕوحی کۆمەڵ پتەو دەکەن، بێگومان بە وشە و بانگکردنە یەکگرتووەکان و دروشمەکان گوزارشتی لێ دەکەن، کە پاڵێوراوی حزب و لایەنە سیاسییەکان بەرزیان دەکەنەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاڵپشتی گەل بۆ بەرنامە و پڕۆگرامەکانیان.

هەروەها سرووتەکان وەک ئەفسانەکان لایەنی ئەرێنی و نەرێنیان هەیە، **(جوبلز)** لە جەنگی دووەمی جیهانیدا عەقڵی نەخشەکێشی پڕوپاگەندەی نازییەکان بوو، چەندەها قسەی نەستەقی هەیە، ئەو قسەیەیە دەربارەی شکشتی ئەڵمانیا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەوانە ........... **نەخێر بە خۆی تەنها هەروایە ........ جەنگ گەورەترین سەلمێنەرە، کە ئێمە لە ژیاندا بەهێز بین**، هەروەها دەیوت: **ئەگەر جۆرێکی دیکە لە هاوڵاتی ئەڵمانی دروست بکەین، ئەوا ئێمە هەزارەی داهاتوو پێکدەهێنین، من باوەڕم بە ئەڵمان هەیە**،...هتد. هەروەها **(جەمال عەبدولناسر)** چووە سەر مینبەری مزگەوتی ئەزهەر و ئەم دەربڕینە ئاگرینەی وت: **(شەڕ دەکەین، شەڕ دەکەین)**، کە ئەوکاتە لە دڵ و دەروونی خەڵکدا سیحری خۆی هەبوو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی سێ دوژمنی میسر لە ساڵی (١٩٥٦)،

هـەروەها لـە گوزارشـتە نەسـتەق و پـڕ کاریگەرییەکـانی ئەوکاتە لەکاتی بـەرپابوونی شـۆڕشـی (١٩٥٢)، کە دەیـوت **(یەکگـرتن و یاسـا و کـارکردن)**، ئەم گوزارشـتانە تیـژ و تەژین لە هاندانی سیاسی و دنەدانی خەڵک بۆ کارکردن. سـیمبولە سیاسـییەکان بە هەر جۆرێـک بـن، ئـەگەر هێورکەرەوە بن، یان بێدارکەرەوە بن، لە هەموو حاڵەتێکدا ڕۆڵـی بەرچاویـان هەیە لە بونیادنـانی بـاوەڕ و بەهـا و پێشبینییەکان.

یەکێک لە زانایانی سیاسـەت دەڵێت: **سـەرکردەکان لە خەباتی خۆیاندا لەپێناو دەسەڵات و هەوڵدانیان بۆ مانـەوە لە پلە و پێگەکانی خۆیاندا، پێویستە سیمبولی یەکگرتن بۆ جەماوەر پێشکەش بکەن، تا بتوانن خۆیان بەرزتر ڕابگرن لەسـەر شـتە شـاراوەکان و ململانێـی پاڵەوانـان و شـەڕانگێزەکان، وەفـاداریی و خیـانەت، گرنگیـدان و بێگوێدان، جورئەت و ترس، گوێڕایەڵی و سەرپێچی، یاسا و شلەژان، و ئاشتی و توندوتیژی.**[1]

---

[1]ـ د.أحمد بن راشد بن سعيد، قوة الوصف، دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، ص ٧٠.

### دەسەڵات لەنێوان سیاسەت و زمان

زمان لەم چەرخەدا تەنیا ئامرازێک نییە بۆ بیرکردنەوە یـــان گوزارشـــتکردن یـــان کـــاریگەریی یـــان ئـــامرازی دابینکردنـــی بەرژەوەنـــدییەکان و گرێـــدانی پەیوەنـــدی کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە خودی خۆیدا بووەتە دەسەڵاتێک کار لەو کەســانە دەکــات، کە بەکــاری دەهێــنن، بە هەمــان شـێوەش بـووەتە ئامرازێـک دەســەڵاتداران بە ئـارەزووی خۆیان بەڕێوەی دەبەن.

لەم بوارەدا (**د.عەبدولسەلام مەسەدی**) دەڵێت: **زمان لە خـــودی خۆیـــدا دەســـەڵاتە و سیاســـەت خـــودی دەسـەڵاتەکەیە، کەچـی زمـان مـرۆڤ کـاریگەری پێدەکات لەسـەر خەڵک، زۆرجـاران مـرۆڤ هەسـت بە ترسـناکی و دەســەڵاتی زمــانەکەی ناکــات. هــەرچی سیاســەتە ئــەوا سیاسەتمەداران بەو زمانە کار و کاریگەری لەسەر خەڵک دەکەن و هەندێکیشـیان زمـان بەکـاردەهێنن و دەزانـن چ هێزێکی لەپشـتەوەیە، زمـان دەسـەڵاتەکەی پتەو دەکـات، هەندێکیشـیان نـازان کێشـی دەسـەڵاتەکەیان بەقەد کێشـی زمانەکەیانە.**

زمان لەنـاو جەرگەی سیاسـەتدا زەق بـووەتەوە، هەروا بە هەرەمەکـــی ڕوویـــنەداوە، بەڵکـــو چەنـــدەها قۆنـــاغی

تێپەڕانـدووە، وێسـتگەی یەکـەم دروسـتبوونی میـدیایە و دووەمـیش دروسـتبوونی پەخشـی ڕادیـۆیە و سـێیەمیش پەیـــدابوونی تەلەفزیـــۆنە، چوارەمیشـــیان پەیـــدابوونی ئینتەرنێتە.

ئەوەی گەیاندووینەتـــــە ئەم پێشـــــکەوتنە ئەوەیە، کە **((ئەمـرۆ هەمووەمـان لەسـەر ئەو بـاوەڕەین، کە هێـزی دەسەڵاتی زمان و بەکارهێنانی ئەو هێزە لەلایەن مرۆڤەوە دەتوانرێـت دەسـتبگرێت بەسـەر پرۆسـەی پەیوەنـدی و زانیارییەکان)).**[1]

ئایـا دەسـەڵاتی زمـان لەکوێـوە دێـت؟ لەکوێـوە واتـا چەسپاوەکانی زمان سەرچاوە دەگرن؟

**((زمانەکان لەو پێکهاتە تازانەوە پەیدا دەبن، کە لەنێوان وتەی سیاســی و وێــنەی شــیعریدا دروســت دەبــن، بەکارهێنانی ئالیەتی وەرگرتن دەخوازێت سروش و زادەی ئەو کاتەیە، تا چاوەکان بغافڵێنرێن و ڕاستییەکە نەبینین، کە لە خودی خۆیدا ئاساییە و مەسەلەیەکی ئاسایی بواری جیهـانی تـازەی سیاسـەتە، هەمـوو لێـدوانێک و هەمـوو ڕسـتەیەک و هەمـوو وشـەیەک ئەنجـامی کارخـانەیەکی تەواوە، کە لە دەوروبەریـدا شـارەزایانی ڕاگەیانـدن و**

---

[1]- د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٧، ٩، ١٩.

**سیاسەت کۆدەبنەوە، هەروەها لە ستراتیژییەت و دەروونناسی و زانستی پێکهێنانی گوتار لەلایەن زمانەوانانە لێهاتووەکانەوەیە)).[1]**

## گوتاری سیاسی پیشەیە

دروستکردنی واقیع لەڕێگەی دروستکردنی گوتارەوە دەبێت، لێرەدا با قەناعەتێکی دیکەشمان هەبێت، دەسەڵاتی تازە لە جیهانی سیاسەت ـ دوای دەسەڵاتی دەستووری و دەسەڵاتی جێبەجێکار و دەسەڵاتی دادوەریی و دەسەڵاتی ڕاگەیاندن ـ دەسەڵاتی دروستکردنی ئەو گوتارە بە لێهاتوویی و زیرەکییەوە دروستکرابێت.

گوتارناسی لەم ڕۆژگارەدا لەسەر دوو پایە دەوەستێت: هەڵوەشاندنەوەی گوتار لە ڕوانگەی شیکردنەوە بە مەبەستی ئاشکراکردنی ناوەرۆکەکەی بەبێ پابەندکردنی خاوەن گوتارەکە بەوەی وتوویەتی، بەرهەمهێنانی گوتاریش کارێکی زمانەوانییە و بە پیشەی گوتار ناوزەد دەکرێت، لە هەموو پیشەیەکدا ئاوێتەکردنێکی سەرکەوتووانە لەنێوان زانست و هونەردا ئەنجام دەدرێت، گوتاری سیاسی بەهێزترین نوێنەرە بۆ پێدراوی

---

[1]ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٥١.

پراگماتیک، بەڵام ڕوونکردنەوەی لەوەدا دروست دەبێت، کە ئاخاوتن تەنیا لە بواری ئەداکردنەکەیدا و لە ناوەرۆکی پەیوەندیکردنیدا وەردەگیرێت، بە هەمان شێوەش لەو نزیکایەتییە دەستدەکەوێت، کە ئاماژەی بۆ گریمانە خەملێندراوەکانی دەکات و دەبێتە هۆی کردنەوەی دەرچەکانی شرۆڤەکردن بەگوێرەی مەبەستەکان، کە دەقە درکێندراوەکە بە مەرام دەیگرێت.[1]

یەکەم شت ئەوەیە، کە گوتاری سیاسی ئێستا خۆی بەو وێنە زمانەوانیانە ئارایشت دەکات، کە لە بواری جوانکارییەکانی ئەدەب و داهێنانەکانەوە بۆی دێت. ئەم گوتارە هەمیشە پەیوەستە بە قۆناغبەندییەکی بێ وێنە لەگەڵ وێنەی هونەریدا، کە بوارەکەی بواری پەخشانی سیاسی لەجیاتی وێنەی شیعری لە پەخشانی عەرەبیدا بەکاردەهێنرێت.[2]

**(د.عەبدولسەلام مەسەدی)** لەسەر ئەم حاڵە نموونەیەکی سەرنجڕاکێش و نوکتەئامێز دێنێتەوە، کە **(کلینتۆن)** سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا هەمیشە یارمەتی **(یلتسین)**ی دەدا، کە مەترسی ئەوەی لێنیشتبوو کە

---

[1]ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٩٥.

[2]ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٣٥.

ڕووسەکان دیموکراسیەت هەڵنەبژێرن، کاتێک (**کلینتۆن**) چووە لەندەن لە لێدوانێکیدا گوتی: **ئێش و ئازارەکانی ڕووسیا، ئێش و ئازاری لەدایکبوونی دیموکراسیەت نییە، بەڵکو ئێش و ئازاری سەرەمەرگی دیکتاتۆریەتە.**[١]

واتا خوازەکەی لەدایکبوونی دیموکراسیەت و سەرەمەرگی دیکتاتۆریەت لێرەدا زۆر جوان و بێ وێنە بوو، هەروەها بەرانبەرکردنی هەردوو حاڵەتەکە پاکانەیەک بوو بۆ مەرامی (**کلینتۆن**) لە یارمەتیدانی (**یلتسین**)، بەبێ دەستوەردان لە کاروباری سۆڤیەتی ئەوکاتە.

هەروەها (**د.عەبدولسەلام مەسەدی**) ئاماژە بەوە دەکات، کە زمانی سیاسەت جاری وا هەیە بە مەبەست ناوەرۆکەکەی خۆی دەشارێتەوە، سیاسەتوانان واتا و کرۆکەکان دەخزێننە ناوییەوە و بە خۆشیان دەزانن کە پێچەوانەی واتا دەرەکییەکانن، بەشێوەیەک دەگاتە ڕاددەی جودایی یان دژیەک، هەروەها بەوە دەناسرێتەوە، کە ئەم زمانە جەماوەر درکی پێناکەن و ڕووی خۆیان بە داپۆشراوی دەهێڵنەوە، هەروەها ئەم زمانە بەوە دەناسرێتەوە، کە کەس ناتوانێت مەرام و مەبەستەکانی بکاتە ماڵ لەسەر بێژەری گوتارەکە یان بیخاتە

---

١- د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٣٠.

چوارچێوەی سکاڵاکردنی دادوەرییەوە، بۆ نموونە لێدوانەکەی (**بۆش**) سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا دەربارەی جیاوازی فەڕەنسا لە ڕەتکردنەوەی بڕیاری ئەمەریکا بۆ جەنگی دژ بە عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، کە وتی: ((**خوێن نوێ دەبێتەوە، بەڵام نەوت نوێ نابێتەوە**))، ئەم دارشتنە ڕەوانبێژییە بۆ ئەوە بوو، کە هەڵوێستی دڕندانەی ئەمەریکا پەردەپۆش بکات.[١]

هەروەها نموونەیەکی دی لەئارادایە لەسەر کارامەیی گوتاری سیاسی، (**سارتەر**) ڕۆژنامەی (**پرسی گەل**)ی بەڕێوەدەبرد، کە ڕۆژنامەیەکی چەپڕەوی توندڕەو بوو، پاشان لە ساڵی (١٩٧٠) بڕیارێک دەرچوو بۆ قەدەغەکردنی ڕۆژنامەکە، بەڵام (**سارتەر**) خۆی دابەزییە سەر شەقام و دەستیکرد بە فرۆشتنی ئەم ڕۆژنامەیە و پۆلیسیش دەستگیریان کرد و مقۆمقۆ لەنێوانیاندا دروست بوو، ئینجا تۆمەتبارکرا بەوەی جوێنی بە پۆلیس داوە و بڕیاری زیندانیکردنی بۆ دەرچوو، (**بۆمبیدۆ**) سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا وتی: ((**من ناتوانم ڕۆشنبیریی بخەمە زیندانەوە**))، لەبەرئەوە (**سارتەر**) نەخرایە زیندانەوە، لێرەدا پرسیارێکی مەجازی دەربارەی بۆمبیدۆ دروستبوو،

---

١- د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٧٩.

ئەویش ئەوە بوو، کە ((**بۆمبیدۆ ناتوانێت سارتەر بخاتە زیندانەوە**))، و ئەگەر واشیبکردایە ئەوە تۆمەتبار دەکرا بە سەرپێچیکردن لە دەستوور، چونکە هەموو کەس بەرانبەر بە یاسا یەکسانن، ئەو گوزارشتەی لە لێدوانەکەیدا دەربڕی، هۆکارەکانی نارازیبوونەکەی سڕپییەوە، کەواتە وشەکان ڕووداوە سیاسییەکان دروست دەکەن و زمانیش لە مەملەکەتی سیاسەتدا دەدرەوشێتەوە.[١]

**زمان گەمەی سیاسییەکانە**

**((زمان لە چەند هێمایەک پێکدێت، بەڵام پێویستە ئەو هێمایانە لە کاتی ئامادەگیدا واتا بە دەستەوە بدەن، هەروەها لە کاتی پەنهان و نائامادەگیشدا پێویستە واتا ببەخشن، لەوانەشە بەبێ ئامادەگی سروشێک ببەخشێت، وەرگری زمان و گوێگرەکان لەوانەیە بچنە ژێر ڕکێفی واتاکەیەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری لە واتاکەی خۆی دەکات. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێمە داهێنان بە زمان دەبەخشین، ئێمە لە هەوڵداین چەند پردێک دروست بکەین بۆ وابەستەگی ئێمە لەگەڵ بوونی دەرەکی، هەر ئێمەشین**

---

١. د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٩٨.

**زمان دەکەینە ئامرازێک بۆ فرت و فێڵ و نەخشە و پلان و تەڵە و ڕق و کینە)).**

غافڵکردن بە زمان و دابینکردنی پێداویستییە ـ باش و خراپەکان ـ لەم چەرخەدا یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان، خەیاڵکردن و خوازە و چەواشەکاری یەکێکە لە ئامرازەکانی زمان و ئەو کەسەی ئەم شێوازە پەیڕەو دەکات بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودان و چەواشەکاری بەکاری دەهێنێت، مەزنترین مەسەلەش لەم پرۆسەیەدا بەدەستهێنانی سەرکەوتنە.

هزر بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت، بەڵام ڕاستی لە سیاسەتدا ڕاستەقینەکانن، هزر و بیر ڕێز لە ڕەوشت دەگرن، هەرچەندە گوێڕایەلی فەرمانەکانی نین، هزر بەهۆی زمانەوە بیروبۆچوونەکان بڵاودەکاتەوە، کەچی سیاسەت زمان بۆ کۆیلەکردنی هزرەکان بەکاردەهێنێت.[1]

وەک نموونەیەکی ئاشکرای بەکارهێنانی زمان بۆ گەیشتن بە مەرامەکان، ئەم نموونەیە دەهێنینەوە: چاودێرێکی ئەو شێوازانەی سیاسییەکان پەیڕەوی لێدەکەن، دەتوانێت پێشبینی ئەو وشانە بکات، کە مەبەستی بەکارهێنەرانیان لەپشتەوەیە.

---

[1] ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص١٦٥، ١٦٨.

ئـــەگەر كـــردەوەيەك دژ بە ســـەربازە ئيســـرائيلييەكان ئەنجامبـــدريت، بـــۆ نمـــوونە دەبينـــين ئەوانەی زمانەكـــان بەكـاردەهێنن، چەنـدەها گوزارشـتی لێـدەكەن و دەربڕينـی هەمەجۆر بەكـاردەهێنن. لەوانەيە ئەو كەسـانەی كـردەوەكە ئەنجامدەدەن بە **(بەرگريكار)** ناوببرێن، ئەمەش واتای وايە ئەو كەســــانە لەســــەر زەوی خۆيــــان ئەم كـــــردەوەيە ئەنجامدەدەن، كە داگيركاران دەستيان بەسەردا گرتـووە و ئەوان تەنيا بەرگری لە خۆيان دەكەن، كە ئەمەش ئەركێكە هەموو ژيارەكان پيرۆزی دەكات.

لەوانەشـە ناويـان بنرێت **(شـەهادەتخوازان)**، كە خۆيـان لەپێنـــاو پرســـێك بەختـــدەكەن، ئەمەش نمـــوونەيەكە لە مێژووی ڕۆشنبيری عەرەبيی ئيسلاميدا ڕەگی داكوتاوە.

وشەی **(شەهيد)** وشـەيەكە خوێناوييە و شـكۆمەندانەيە، كاتێـك **(ياســر عـــەرەفات)** لە مـــانگی (مـــارس)ی ســـاڵی (٢٠٠٤)دا گەمارۆدرابوو، لەپشت ديوارەكانەوە هـاواريكرد و وتـــی: ((**ئەوان منيـــان وەك ديـــل يـــان دەربەدەر يـــان كـوژراو دەوێت، بەڵام مـن دەڵێم: شـەهيد دەبـم، شـەهيد دەبم**)).

ميـــديا پڕوپاگەنـــدەكانی زايـــۆنيزم و ئەمەريكييەكـــان بە ئەنجامـــــــدەرانی ئەو كـــــــردەوانە دوو واژە دەڵـــــێن:

**(خۆکوژەکان)**، کە لە بێزاریدا دەبنە کەسی ڕووخێنەر و خۆکوژ، ئێمە زۆرجار دەڵێین کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەکان بیرۆکەی خۆکوژی پەسەند ناکەن، چونکە خۆکوشتن مەسەلەیەکی شەرەفمەندانە نییە. **(تیرۆرستەکانیش)** بە هەمان شێوە خوازیاری کوشتنن، لەبەرئەوە بە دوژمنی مرۆڤایەتی ناوزەد دەکرێن، بۆیە پێویستە لەناوببرێن.

مەترسیدارترین وەسف کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئیسرائیلی و ئەمەریکی بەکاریدەهێنن ئەوەیە، کە کاریگەری لە ڕای گشتی جیهانی دەکەن، کە زۆرجار باوەڕ بەو وەسفانە دەهێنن، مخابن ئەم دەزگایانەی ڕاگەیاندن هەمیشە لاف و گەزافی مافەکانی مرۆڤ لێ دەدەن، کەچی خەباتگێڕانی فەلەستینی بە تیرۆرست و خۆکوژ ناودەبەن، لە هەمان کاتیشدا کاری تێکدەرانە لە غەززە و خەلیل و خوێنڕشتنی فەلەستینییەکان و لەناوبردنی شوێنی خواپەرستی و گەمارۆدانیماڵی هاونیشتمانییان لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە بە **(جەنگی دژ بە تیرۆر)** ناودەبەن.

ئەم نموونەیەش لە ڕوونترین ئەو نموونانەن، کە شاردنەوە و غافڵکردن و چەواشەکاری میدیاکانی

ئەمەریکی و ئیسرائیلی دەخەنەڕوو. **(ئاریال شارۆن)** بە خۆی سەرپەرشتی کوشتنی **(شێخ ئەحمەد یاسین)**ی کرد، ئەویش بە ئاراستەکردنی سێ مووشەک، کاتێک لە مزگەوت دوای نوێژکردن دەگەڕایەوە، **(بۆش)** بۆ ئەم مەسەلەیە کاردانەوەیەکی ساردی هەبوو و لایەنەکانی بانگەشەکرد بۆ دان بەخۆداگرتن، بەبێ ئەوەی ئەم کردەوەیە مەحکوم بکات، کە لەلایەن سوپای ئیسرائیلییەوە ئەنجامدرا. بەداخەوە کۆنگرەی **(شەرم شێخ)** ساڵی (٢٠٠٤) ئاماژەی بە **(دان بەخۆداگرتن کرد)** و لە بەیاننامەکەیدا هاتبوو، کە نابێ خوێن بڕێژرێت و مەدەنییەکان بە ئامانج بگیرێن.

ئەم هەڵوێستە سیاسییانە هەموو پشت بە زمان دەبەستن و پیشەی چەواشەکاری پەیڕەو دەکەن و ڕووداوەکان بە ڕەوانبێژی و خوازە دەڕازێننەوە و ڕاستییەکان دەشارنەوە.[1]

---

[1]ـ د.عبدالسلام المسدي، السياسة و سلطة اللغة، ص٢٨٨ ـ ٢٩٠.

### ڕەواجدان بە زاراوە سیاسییەکان

لە ئالوگۆڕکردنی زمانی ئاسایی چەند پێوەرێک هەن، کە دەبنە هۆی دەرخستنی زاراوەکان، گرنگترینیان ڕوونی واتای وشەکان بەگوێرەی دابونەریت و بەکارهێنانی خەڵک، پاشان بەگوێرەی ڕوونبوونی بونیادی پێکهاتە و گونجانی دەنگەکان و ژمارەی بڕگەکان، ئەویش بەگوێرەی یاسای بەکارهێنانی کەمترین کۆشش. هەروەها بەگوێرەی تاقیکردنەوەی ئەو پێوەرانە زمانەوان دەتوانێت پێشوەخت بڕیاربدات، کە چارەنووسی وشەکەی بەکاریدەهێنێت چی بەسەردێت، ئایا دەردەکەوێت یان بە تەمومژ دەمێنێتەوە.

کەچی کاتێک ئامێری زمانەوانی لەلایەن سیاسەتەوە بەوپەڕی هۆشیارییەوە وەک ئامرازێک بەکاردەبرێت، ئەویش بۆ ڕاییکردنی بۆچوونە مەرامدارەکانی لەپێناو کۆکردنەوەی خەڵکی و تەیارکردنیان بۆ مەسەلەیەک، کە جێی ململانێیە، بردنەوە لەم بوارەدا پەیوەستە بە سەرخستن و ڕەواجدان بە وشەکان، مەرج نییە بەگوێرەی ئەو پێوەرانە بن، کە باسمانکردن، بەڵکو سەرکەوتن بۆ ئەو وشەیەیە، کە سیاسەتمەداری بەهێز بەکاریدەهێنێت و هەوڵدەدات لەپێناو بڵاوکردنەوە و سەپاندنی بەسەر هزر و بیری خەڵکیدا.

پێشتر ئاماژەمان بە هەندێک زاراوەدا، کە ڕاگەیاندنی ئیسرائیلی دەریانخست و ڕەواجیان دایێ، وەک **(گەلی هەڵبژێردراوی خودا)** و **(زەمینی بەڵێندراو)** و **(هۆلۆکۆست)** و **(ئەو سوپایەی هەرگیز شکست ناهێنێت)** و **(جەنگی شەش ڕۆژە)**، کە پشت بە دەقەکانی تەوڕات دەبەستێت.

هەر ئەم هۆکارەشە، کە یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی هاندا، کتێبێک بە ناونیشانی **(جەنگی زاراوەکان)** دەربکات، کە چەند تویژینەوەیەکی گرتۆتەخۆ بۆ ڕاستکردنەوەی زاراوە و چەمکەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی دەربارەی ململانێی عەرەب و زایۆنیزم.

**(ئیبراهیم نافع) دەڵێت:** ئیسرائیل لەگەڵ یاوەرانی و هاوپەیمانانی لە سەرانسەری جیهاندا تاڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بۆ قۆرخکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕشی زانیاری و سیستەمی پەیوەندیی هاوچەرخ بۆ ڕەواجدان بە هزر و بیروبۆچوونەکانی و ڕەواجدان بە سیاسەتەکانی، هەرچەندە گیانێکی دوژمنکارانەی هەیە و ڕەگەزپەرستانە لە ڕووی ئایینی و سیاسییەوە مامەڵە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستەکانی خۆی لە زۆر کاتدا دەسەپێنێتە سەر ڕای گشتی، ئەویش لەڕێگەی درۆ و

شـیواندنی ڕاسـتییەکان، بەم شـێوەیە **(ئیسـرائیل)** هەق و ناهەق تێکەڵ دەکات، کەچی عەرەبەکان چوونەتە خانەی بەرگریکـــردنەوە و جـــاری واش هەیە بەرانبـــەر ئەم هەڵوێستانەی **(ئیسرائیل)** بێدەنگبوون هەڵدەبژێرن.

ئیسـرائیل ترسـناکترین کـار کە کردبێتـی ئەوەیە، توانیویـەتی دەسـت بەسـەر زۆر لە دەزگاکـانی ڕاگەیاندنـدا بگرێـت، بەتـایبەتی ڕۆژنـامە و کەنـاڵە تەلەفزیۆنییـەکان، تەنـانەت زۆر لە ڕۆژنـامە و تەلەفزیۆنەکـانی وڵاتـانی عەرەبـیش، بـۆ ئەم مەبەسـتەش چەنـدەها شـێوازی گێڕوگـواجی بەکارهێنـاوە، تـا ئـەو زانیارییانـەی خـۆی دەیەوێـت، بگەیەنێـتە بیسـەر و بینـەری عەرەب لە هەمـوو شـوێنێک، تـا بیروبـاوەڕی دووچـاری لەقبـوون بێـت و کەسایەتی و ئازایەتی خۆی لەدەست بدات.

زایۆنیزمەکـان لەپێنـاو ئەم مەرامەدا چەنـدەها زاراوە و نـاوی عیبرییـان خزانـدۆتە ڕاگەیانـدنی جیهـانییەوە، بـۆ چەواشـەکردن و شـێواندنی واقـع و ڕاسـتییەکان و ساختەکردنی مێژوو و دزینی کلتوور، زۆر لەم ڕاگەیاندنە عەرەبییانە ئەو زانیارییانـەیان بەبێ لێکدانەوە بۆ جیهـانی عەرەبـی دەگـوازنەوە و بگـرە ڕەواجیـان دەدەنـێ و بەبـێ مەبەسـت دەیگشـتێنن، ئەمەش وایکـردووە مێژوومـان

بەگشتی بشێوێت، بەتایبەتی مێژووی ململانێی عەرەبی و ئیسرائیل.[1]

لەو زاراوانەی ئیسرائیل دەیخزێنێتە ڕاگەیاندنی جیهانی:

١- **(ئۆرشالیم)**؛ وشەیەکی کەنعانییە و واتای **(ئاشتی)** دەگەیەنێت، کە لەجیاتی **(قودس)** بەکاری دەهێنن.

٢- دەزگای ئاسایشی ئیسرائیلی، بۆ نموونە **(مۆساد)** بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بگەیەنن، ئەم دەزگایە دەزگایەکی ئاساییە لە دەوڵەتێکی ئاساییدا، ڕاستتر ئەوەیە بوترێت: **(دەزگای سیخوڕی ئیسرائیلی)** یان **(پۆلیسی ئیسرائیلی)**.

٣- ڕێکارە ئەمنییەکانی ئیسرائیل، ڕاستتر ئەوەیە بوترێت **(ڕێکارە سەرکوتکارییەکانی ئیسرائیل)**.

٤- دوژمنکارییەکانی فەلەستین، ڕاستتر ئەوەیە بوترێت **(بەرگری فەلەستینی)**.

٥- جەنگی ئازادیخوازی ئیسرائیلی، کە بە جەنگی (١٩٤٨) دەوترێت، گوزارشتێکە واتای ئەوەیە خاکی

---

١- حرب المصطلحات، تحرير احمد عبدالرحيم، و اشراف و تقديم صلاح الدين حافظ، ص ٩ ـ ١٠.

فەلەســـتین خـــاکێکی یەهـــودییە و ئەوان جەنگـــاون، تـــا توانیویانە ڕزگاری بکەن.[1]

١ـ حرب المصطلحات، تحرير احمد عبدالرحيم، و اشراف و تقديم صلاح الدين حافظ، ص ٢٢١ ـ ٢٤٨.

**وێنەی شیعریی هاوئاواز بە زمانی سیاسەت**

زاراوە سیاسیی و دروشمەکان دەگەنە ترۆپکی هێزی خۆیان، کاتێک دارشتنەکەیان لە وێنە شیعرییەکاندا قەتیس نامێنێت، چ خەیاڵی و خوازە و پەلار بێت، بەڵکو پەنا دەباتە بەر جوانکاری و ئارایشەکانی وشە.

هاوئاوازی دەنگ لە قسەکردندا لە کێش و سەروا و هاوشێوەیی کێشەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ئامادەکردنی نەستەوە لای کەسی وەرگر نمایان دەبێت، تا گریمانە بکرێت، کە جۆرێک لە گونجان لە ڕووی ناوەرۆکەوە لەئارادایە، هەروەها هاوشێوە و جووتبوون هەیە لەنێوان هەڵوێستی سیاسی و ئەو زمانەی بۆ گوزارشتکردن ئامادەکراوە.[١]

**بۆ نموونە:**

١- **(سەربەخۆیی تەواو یان مردن و نەمان)**، ئەم دروشمە میسرییەکان لەکاتی داگیرکردنی میسر لەلایەن بەریتانیاوە دەیانوت.

٢- **(ململانێی عەرەب ململانێی مان و نەمانە نەک ململانێی سنوورەکان)**، ئەم قسەیە لێدوانی **(فاروق شەرع)**

---

[١]- حرب المصطلحات، تحرير احمد عبدالرحيم، و اشراف و تقديم صلاح الدين حافظ، ص ٣٣٦.

بوو دژ بە هەوڵەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە ئاشتی لە کۆنگرەی (**مەدرید**) بۆ گۆڕینی سنوورەکان.

٣- (**میسر وڵاتێکی سوننی مەزهەبە، کەچی ئارەزووی لە شیعەیە**)، ئەمە لێدوانی (**د.مستەفا فەقێ**)یە دەربارەی لێدوانێکی (**حوسنی موبارک**) سەرۆکی میسر، بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی نێوان سوننە و شیعەی عێراق، کاتێک وتی: (**شیعەکانی عێراق زیاتر هەواداری ئێرانن، نەک نیشتمانی خۆیان**).

٤- لەو قسە سەرنجڕاکێشانەی بە (**تاتشەر**) سەرۆکی وەزیرانی ئینگلترا گوتراوە، کە بە (**ئافرەتی ئاسنین**) ناسرابوو، دەربڕینەکەی (**میتران**) بوو، کە لەبارەیەوە وتبووی: (**ئافرەتێکە دەمی مارلین مۆنرۆ و تێڕوانینی کالیگۆلای هەیە**)، (**مارلین مۆرۆ**) خانمە ئەکتەرێکی جوان و بەناوبانگ بوو و (**کالیگۆلا**)ش ئیمپڕاتۆرێکی ڕۆمانی خوێنڕێژبوو.

٥- تازەترین ئەو دەربڕینانەی هاوئاوازکراون، دەربڕینەکەی (**موفید شەهاب**)ە لە کۆنگرەی لوتکە لە (**دوحة**) ساڵی (٢٠٠٩)، کە دەڵێت: (**ڕاستگۆیی لەگەڵ یەکتری پێش ئاشتبوونەوەیە**).

**چەند نموونەیەک بۆ ڕامان لە مێژووی سیاسیی عەرەب**

دروســتکردنی گوتــاری سیاســی پیشــەیەکی دێــرینە و لەگەڵ مرۆڤی سیاسی سەریهەڵداوە، بۆ نموونە لە مێژووی عەرەبــدا چیرۆکــی نــاوبژیوانی پــاش کۆتایهــاتنی شــەڕی **(سفین)** لەنێوان **(عـەلی کوڕی ئـەبی تالیب)** و **(معاویـەی کــوڕی ئـــەبی ســـوفیان)** یەکــێکە لە نموونەکــان، دوو ناوبژیوان لەپاش ئەم شـەڕە دەستنیشـانکران، کە یەکێکیـان **(ئـەبو موسـای ئەشـعەری)** بـوو و ئـەویتریان و **(عـەمری کوڕی عاس)** بوو، کە توانییـان هەردووکیـان لابەرن و لەم ڕووەوە **(عەمری کوڕی عـاس)** وتـی ((**معاویـە لە شـوێنی خۆی دەچەسپێ هەروەک چۆن ئەنگوستیلەکەم لەدەستمدا چەســپاندووە**))، ئەم دەربــڕینە لە ڕووی ڕەوانبێــژییەوە داڕێــژراوە، بەشــێوەیەک زمــان لەم هەڵوێســتەدا بــووە شایەتحاڵێک بۆ دروستکردنی ئەم مێژووە.

کاتێکیش **(عەلی کوڕی ئـەبی تالیب)** گوێی لێبوو، کە دەوترێت **(ئەی عەلـی بڕیـار بـۆ خـوایە)**، لە وەڵامـدا وتـی: **(کلمــة حــق یــراد بهــا باطــل)** واتە **(وشــەیەکی هەقە بە مەبەستی نـاهەق دەوترێت)**، **(عـەلی کـوڕی ئـەبی تالیـب)** دەیزانــــی قســــەکردن دیــــار و نادیــــاری هەیە و ئەم گوزارشتەش دەرەوەی هەقە و ناوەوەش نـاهەقە و ئامـاژە

بۆ پەرتبوونی موسڵمانان دەکات و دەربڕینی **(عەلی کوڕی ئـەبی تالیـب)** ئاماژەیـە بـۆ **(کەیـن و بەینـی شـەوانە)** و **(مشـتومڕی شـاراوە)** و **(توانـای مـرۆڤ بـۆ بەکارهێنـانی زمان بۆ ئامانجی سیاسی)** دەکات.

## سەرچاوەکان

**بە زمانی عەرەبی:**

١ـ البهي السيد (د.فؤاد): علم النفس الأجتماعي، دار الفكر العربي، ط٣، ١٩٥٨.

٢ـ الجوهري (د.محمد): الأنثروبولوجيا، دار المعارف, مصر، ط٣، ١٩٨٣.

٣ـ حسان (د.تمام): الأصول، دار الثقافة العربية، الدار البيضاء، ١٩٨١.

٤ـ حسان (د.تمام): اللغة العربية معناها و مبناها، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٣.

٥ـ حسان (د.تمام): اللغة بين المعيارية و الوصفية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨١.

٦ـ خليل (د.حلمي): التعريف بعلم اللغة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٩.

٧ـ الربيعى(د.محمد): الوراثة و الأنسان، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٦.

٨ـ السعران (د.محمود): اللغة و المجتمع، دار المعارف، ١٩٦٣.

٩. سعيد (د.أحمد بن راشد): قوة الوصف: دراسة في اللغة الأتصال السياسي و رموزه، مؤتمر علم اللغة الأول بكلية دار العلوم جامعة القاهرة، ٢٠٠٢.
١٠. سفورزا(لويجي لوقا): الجينات والشعوب و اللغات، ترجمة د.أحمد مستجير، الجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٠.
١١. سليم(د.شاكر مصطفى): قاموس الأنثروبولوجيا، جامعة الكويت، ١٩٨١.
١٢. عبدالباسط عبدالمعطي، البحث الأجتماعي: ص ٣٤ ــ ٤١.
١٣. عبدالعزيز (د.محمد حسن)، المعجم التاريخي للغة العربية، دار السلام، ٢٠٠٨.
١٤. عبدالعزيز (د.محمد حسن)، سوسير رائد علم اللغة الحديث، دار الفكر العربي، ١٩٩٠.
١٥. عبدالعزيز (د.محمد حسن)، مدخل الى اللغة، ط٢، دار الفكر العربي، ١٩٨٨.
١٦. عبدالعزيز (د.محمد حسن)، مقدمة الى علم اللغة، دار الفكر العربي، ٢٠٠٩.
١٧. عبدالعزيز (د.محمد حسن)، مقدمة الى علم اللغة، دار الفكر العربي، ٢٠٠٧.

١٨- عبـدالمعطي (د.عبدالباسـط): البحـث الاجتمـاعي،دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ١٩٩٧.
١٩- عفيفي(د.السيد عبدالفتاح): علم الاجتماع اللغوي، دار الفكر العربي، ١٩٩٩.
٢٠- غيث (د.محمد عاطف): قاموس علم الاجتماع، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٠.
٢١- فندريس(ج)، اللغة، ترجمة: عبدالحميد الدواخلي و محمد القصاص، الأنجلو المصرية، ١٩٥٠.
٢٢- لوكمان (توماس): علم اجتماع اللغة، ترجمة: د.أبوبكر أحمد باقادر، النادي الأدبي، الجدة، ١٩٨٧.
٢٣- المسدي (د.عبدالسلام): السياسة و سلطة اللغة، الدار المصرية اللبنانية، الفاهرة، ٢٠٠٧.
٢٤- هدسن: علم اللغة الاجتماعي، ترجمة: محمود عياد، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٩٠.
٢٥- وافي(د.علي عبدالواحد): اللغة و المجتمع، دار نهضة، مصر، ١٩٧١.

**به زمانى ئينگليزى**

26- Crystal, Linguistics, Penguin edition, 1971.
27-F.R.palmer, Semantics, Cambridge Press, 1977.

28-Hartmann, and Stork, Dictionary of Language and Linguistics, 1992.
29-peter Trudgill, Socio Linguistics, Penguin Book, 1984.
30-Pierpaolo Giglioli, Language and Social Context, Selected Readings, Penguin edition, 1976.
31-Simeon potter, Language in the Modern Word, 1988.